## خولیای

# مەیمونە سپییێکان

## لەچیرۆکی کوردیدا

ڕەوف حەسەن

سلێمانی
2006

* ناوی کتێب: خولیای مە یموونە سپییێکان
لە چیرۆکی کوردیدا
*نووسەر: ڕەوف حەسەن
*دیزاین : زانا ڕەوف
*نەخشەسازی بەرگ:
*سەرپەرشتیاری چاپ:
*چاپ :چاپی یەکەم-سلێمانی 2006 چاپخانەی
*تیراژ:500
*ژمارەی سپاردن:758 ی ساڵی 2006 ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

# خولیای
# مەیمونە سپییێکان
# لەچیرۆکی کوردیدا

# پانۆڕامایێکی خێرا !

## ســــەرەتا

فەزای چیرۆك و ڕۆمان هێندە پان و بەرینە.. باڵ بەسەر گشت گەردووندا دەکێشێت.. تەنانەت پەلوپۆ بۆ ئەودیوی گەردوونیش و، تا زەین و خەیاڵ و خولیا بڕ بکات دەهاوێت..

داستان و ئەفسانەی کۆنینە.. بەپلەی یێکەم: خواوەندەکان و، دێو و درنج و ئەسپی باوبۆران و، بوونەوەرە خورافییێکانی دیکەیان دەکردە کاراکتەر و کەسێتی و.. ئاسمان و زەمین و، بەهەشت و دۆزەخ و شار و مەڵبەندی تەلیسماوی و خەیاڵاویان –چ لەژێر زەریا و دەریا و زەوی و، چ لە دەڤەرێکی وەهمی دیکەی دوور لە گۆی زەویدا– دەکردە شانۆی ڕووداوەکان.. جا ئیدی ئەمانە لە ئەنجامی ئەو خەون و خولیا و ئەندێشە بەرزەفڕ و قووڵەی سەردەمی منداڵێتی بەشەرییەتەوە بووبێت، یاخود ئاکامی ئەو هەیبەت و شکۆ و ترس و دڵەڕاوکێیەی مرۆڤەوە بووبێت لە نهێنییە پەیپێنەبراوەکانی سروشت و ژیان و مەرگ.. یاخود دەرەنجامی ئەو ڕەوشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونییە بووبێت کە هێشتا جەنجاڵی و قەرەباڵغی و مۆلەقیی جۆراوجۆری دی سەرتاپای ژیان و گوزەرانیانی داگیر نەکردبوو.. یاخود هەر هۆیێکی دیکە کە هێشتا ئێمە پەیمان پێنەبردووە.

لەگەڵ ڕەوتی پێشڤەچووون و پەلهاویشتنی زانستەکان و جەنجاڵی ژیاندا.. ئەو فەزا و شانۆ و زەمەنە – کەم تا زۆر– لەو ڕەوتەیدا تەنگەبەرتر بووە و.. لە ئاسمانەوە.. لە خواوەندەکانەوە.. لە گەڵی بواردا –گەر نەڵێم لە هەموو بوارەکاندا– زانست خەریکە پێش خەیاڵ دەکەوێت و.. بواری خەون و خولیاکان نادات.. بەئارەزووی خۆیان باڵبگرنەوە و.. لە واقیع و میتافیزیکیشدا بفڕن و مەلەی خۆیان بکەن.. بەرەو زەوی و مرۆڤ و.. تەنانەت بەرەو سوورگە و وێڵگەی نێو ئەتۆمەکان بۆوە و، لە ئەزموونگەکاندا بۆ پەیبردن و تۆژینەوەی زانستیانە لەمەڕ ئەو خەون وخولیا و خەیاڵە بەرینەی نێو حکایەت و داستانە کۆنینەکان.

ئیدی ماتەر و سروشت و دیاردەکانیان.. جێگەیان بەخواوەندەکان لێژکرد.. خێرایی تیشك و کەشتیی ئاسمانیی جێی ئەسپی باوبۆران و، جووڵەی ئەلیکترۆنەکان لە مەدارێکەوە بۆ سوورگەیێکی دی، یاخود بەوزەکردنی تەنەکان و گواستنەوەیان جێی کڵاوی (سەخری جن)ی گرتەوە و.. ڕووناکایی ئەلێکتریك، سیحری تارمایی سێبەرەکانی سەر دیوار و نێو ئەشکەوتە ئەفلاتوونییێکانی سڕییێوە.. (یۆفۆ) و (دەفری فڕیو)ی هێنایە جێیانو.. پزیشك و داودەرمان بڕیارەکانی خواوەندەکانیانی لەمەڕ مەرگی ڕەتنەکراوەی پاڵەوانان پووچەڵکردەوە و.. دۆزینەوەی خەریتەی ئەندازەی ژیان لەنێو جینەکاندا (RNA،DNA ) و، کۆپیکردنی مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە و جانەوەر و، دەستکاریکردنی ئەو سەدان ملیۆن جیفرەیەی ناو جینەکان و.. سەدان دۆزینەوەی زانستیانەی دی لەم بابەتە.. بەڵام وەنەبێت ئەم هەموو ماتەریاڵ و واقیع و زانست و تاوتوکردنە بووبنە مایەی سڕینەوەی سەرتاپای ئەو خەون و خەیاڵ و خولیا میتافیزیکیانە.. بەڵکو لەگەڵ کاڵبوونەوەی هەندێ لایەن و دیاردەدا.. بوونە مایەی سروش و هێما و دەلالەتی جۆراوجۆربەخش لە بەرهەمە ئەدەبی و فیکری و فەلسەفی و –تەنانەت– زانستە نوێکانیشدا.. لە (ئۆرپیۆس و پجمالۆن و فاوست و ئولیس و مەم و زین و.. هتد..دا).

بەکارهێنانی هێماکانی نێو داستان و حکایەتە خۆماڵی و بیانییێکان بەمەبەستی جۆراوجۆر لەنێو کایە ڕۆشنبیرییێکاندا ڕەنگدەدەنەوە و.. بەتایبەتی زەمەن و فەزا خەیاڵییێکان.. بەکاربردنی ئەو هێمایانە بەزۆری لە ئەدەبیاتدا و بەپلەی یێکەم بۆ قووڵبوونەوە و بەپیتکردن و ڕەسەنی پێبەخشین و خوێندنەوەی فرەلایەن و جوانکاریی و لەخۆگرتنی چەمکی فەلسەفی و فیکریی و، نزیکخستنەوەی خوێنەر لە مەبەست و پێبەخشینی سروش و.. هتد.

سەرباری ئەمانەیش.. دەیان مەبەستی دیکەش.. کە یێکێك لەوانەی دوایی، پەنابردنەبەر زمانی (لوقمان)ە.. ئەو زمانە (نەفرەتییەی) لە ڕۆژگاری ڕەش و پڕ لە وەیشوومەدا پەنای وەبەر دەبرێت و لە هەمان کاتدا بەسەر ستەمکارانیشدا تێپەڕدەبێت و.. جەماوەریش لێی حاڵی دەبێ.

یاخود گواستنەوەی ڕووداو و کارەساتەکان بۆ جێگە و زەمانی دیکە.. چ خەیاڵی و خەوناوی و چ جوگرافی ڕاستەقینە.

ئەوی ڕاستی بێت.. ئێمە لەم باسەدا.. ئەم دیاردەیەی دوایی بەهەموو لك و پۆکانییێوە مەبەستی سەرەکیمانە.. چونکە ئەم جێگۆڕکێیە.. ئەم زەمەنگۆڕکێیە.. ئەم ڕووداو و کارەساتگۆڕکێیانە.. ئەم کەسێتی (کاراکتەر) تێکەڵکردنانە.. لەنێو کولتوورەکەماندا بوونەتە دیاردەیێکی سەیر و سەربەخۆ.. ئەم دیاردەیە لە کولتوری جیهانیدا ئاشکرا و زۆر و زەبەندەیە و.. بڕێکیان لە ئەنجامی تێپەڕبوونی ڕۆژگارە ئەنگۆستە چاوەکانیاندا سەریان هەڵداوە و.. دواتر پووکاونەتەوە.. هەندێکیشیان – کەم تا زۆر– بەردەوامن.. وەڵێ هیچیان وەك لای ئێمە درێژەیان نەکێشا.. ئەویش بەهۆی بەرتەسکیی –یان نەبوونی– پەراوێزی ئازادی و دیموکراسیی لە هەرێمەکەدا.

وێڕای ئەمەیش ئەو ڕۆحە کوردییە شکۆمەندە دەسبەرداری ئەوە نەبووە و.. لەنێو جەرگەی قەڵای ستەمکارانەی –چ دەسەڵاتی بێگانە بێ یان هی کورد– کەنەوەی خۆیکردووە و ملکەچ نەبووە.. زەبری خۆی نواندووە و.. کێشەی گەورەی بۆ دامودەزگە و دەسەڵاتە بێمروەتەکانیان دروستکردوە و.. دەشتوانم بڵێم پێشڕەوایی جەماوەریشی کردووە.. چ لە پارێزگاریکردنی ئەو جەوهەر و ڕۆحە شکۆمەندییە کوردییە.. کە ئەگەر ئەمە نەبوایێ، ئەوا هەرەسە مەزنە مەعنەوییێکە ڕوویدەدا و.. بێگومان هەرەسە واقیعێیکەیش و بەبەربادترین شێوەش بەدوویدا دەهات.. ئەو هەرەسەی کە سەرتاسەری گیانی شکۆمەندیی کوردی بۆ هەتا هەتایە دەگرتەوە.. هەروەهاش چ لە بەرەنگاربوونەوە و، بوونە لەمپەر لەبەردەم ئەو هەرەسانەی حیزب و لایەنە کوردییە چەکدارەکانی شاخ و شار –بە مەبەست و بێ مەبەست.. بەنەزانی و زانینەوە.. بەپیلانی نێودەوڵەتی ئاشکرا و بەفایلی ڕەشی نهێنییێوە– لە هاریکاریکردنی دەسەڵاتەکاندا بوون بۆ بەئاکام گەیاندنیان.

ئەم دیاردەیە لایەنێکی کێشەکەمانە و.. لایەنێکی دیکەی کاریگەریی ئەو ڕۆژگارە ئەنگوستەچاوانە و بەردەوامیی تا ئەمڕۆ و بەجۆرێکی دیکە و– زۆرجاریش وەك هەمان تاس و حەمام بێت و هیچ ڕووی نەدابێت– بووە مایەی ئەوەی کۆچێکی بەلێشاوی خەڵکی ڕووەو هەندەران دەستپێبکات.. بەئاستێك هیچ "میللەتێك لە جیهاندا نەبێت وەکو کورد و خۆبەخشانە جانتاکەی بەشانیدا دابێت و کەوتبێتە سەر ڕێگەی وڵات بەجێهێشتن"[(1)] ئەمەیش هەر بەهۆی پەژموردەکردن و تێکشکانی گیانە شکۆمەندییێکەی کوردەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی (هەرێمی کوردستان) خۆییێوە.. بەتایبەتیش لە خولقاندنی ڕەوشێکی ئابووری داڕزاودا بۆ جەماوەر و.. بەهۆی گەندەڵی ئیدارییێوە و، دەستدانە تاڵانکردن و ئاودیوکردنی کارگە و کەرەسە و ئامێر و.. قۆرغکردن و دابەشکردنی هەموو ئەمانە و سەرلەبەری سامان و دەرامەت و زەوییوزاری ناوپارە و پلە و پایە و کورسی بەسەر خۆیان و دەستەودایەرەکانیاندا.. هەروەکو ئەم بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان بەخاك و ئاو و داروبەرد و ماڵ و ژنەوە.. گشتی تاڵانی جەنگ بن و.. بەئارەزووی خۆیان چییان لێدەکەن مافی خۆیان بێت.

ئیدی لە ئەنجامی ئەم وەحشەتگەرییەدا گەلێ دیاردەی سەیر و دڵتەزێن ڕوویان دا.. لە هەموویان زەقتر کۆچی بەلێشاوی خەڵکی بوو بەرەو هەندەران.. لەم کۆچە بەکۆمەڵەدا و، لە نیشتەجێ بوونیاندا.. لەجیاتی پێکهێنانی جالیەیێکی کوردی کاریگەر.. کە ئەو فەزایەی ڕۆژئاوا، زەمینەیێکی چاك بۆ ئەم مەبەستە دەڕەخسێنێت.. ئەوا بەپێچەوانەوە لەوێ هەموو (بیچمەکان) بەزەقی دەرکەوتن.. بیچمەکان بەگشتی و لە هەموو ڕوویێکەوە هێندە قێزەون و ناڕەسەن وەنێو وڵاتان کەوتن کە لێرەدا ناتوانم باس و توێژینەوەی تەواو لەسەر هەموویان بکەم..

ئەوانەی لەنێویاندا مەبەستمانن (نووسەران و هونەرمەندانن).. ئەمانە –چەند کەسێکیان لێدەرچێت کە بەپەنجەکانی هەردوو دەست دەژمێررێن –ئەوانی دی دەچنەوە نێو خانەی بیچمسز و ناڕەسەنەکان و باندە گەندەڵەکەی–درۆ و بوختان و شەڕە حیزب و شەڕەپەڕۆ و شەڕە گەڕەك و بکوژی ناموسپەرستی و.. لە هەمانکاتیشدا خۆیان بەربادی سێکسی و هۆمۆسێکسی و دز و چەتەی نێو سوپەرمارکێتەکان و فشەکەر و گەڕۆك بەنێو یاسا و پێڕەوەکانی خۆرئاوادا بۆ دۆزینەوەی کەلەبەرە یاساییێکان و فڕوفێڵاکردن لێیان و تەنانەت کوردایەتی و ئیمانداری و نەریتخوازییێکەشیان وەك خۆیان دەڵێن فشۆڵ و دەمامکدارە (لێرە بۆ نموونە کوردبوونەکەمان دەبێتە کوردبوونێکی ساختە.. بڕواداریێکەمان دەبێتە بڕواداریێکی دەمامك لەسەر و نەریتگەریشمان دەبێتە ئەو هێزەی تێکەڵبوونمان لەگەڵ جیهاندا بنەبڕدەکات)[2] و.. و....هتد.

نووسەران و هونەرمەندانی کورد لە هەندەران.. گەر بیانەوێت –ئێستەیش نەچووە بچیٚ– دەتوانن دوور لە هەموو مۆتەکەکان– مۆتەکەی دەسەڵاتی نەتەوەی باڵادەست و دەسەڵاتی کوردی– درێژە بەئەفراندن و شاکاری خۆیان بدەن.. واتا لەم ڕووەوە هەلومەرجێکی لەباریان بۆ ڕەخساوە.. دەتوانن سوود لەو پەراوێزی (ئازادی)یەی ئەویٚ وەربگرن.. دەتوانن ڕاستەوخۆ بنوسن و بنەخشێنن و بئاخڤن و بچڕن و.. لە هەمان چرکەساتیشدا بەهەموو جیهاندا پەخشی بکەنەوە.. بێئەوەی پەنا وەبەر زمانی (لوقمان) ببەن.. پێویستیان بەوە نییە جێکات (شوێن و زەمان)ی خەیاڵاوی و تەلیسماوی بکەنە شانۆی ڕووداو و کارەساتەکانیان.. پێویستیان بەوە نییە کاراکتەر و پاڵەوانی ئەفسانەیی و ڕەمزئامێز بخەنە یاری و بیئاخننە نێو ململانیٚ.

لێرەدا دەبێت ئەگەر بەئێمازەییکیش بێت.. ئەوە بخەمەڕوو کە ئەم پرۆسەیە بەگشتی و.. بەپلەی یێکەمیش لەخزمەتی (باس و تۆژینەوە)دا دەبێت، نەك (چیرۆك.. یان داهێنان بەتێکڕایی).. چونکە کەمتازۆر لەم لایەنەوە بەزیان دەشکێتەوە و دەبێتە مایەی لاوازبوونی لایەنە هونەرییێکان.. زمان لێرەدا ڕاستەوخۆ دەپژیٚ و.. وشە و ڕستە و ناو و کردار و کارەساتی ڕەق و زەق دەکەونە نێو دەقەکانەوە و.. زمانی ئێمازە و سرووش و هێما جوان و نازدارەکان –بەزرۆیٚ– دەپووکێتەوە.. بویێ ئەو (ئازادی)یە ڕیژەییەی لە هەندەران بەرکەماڵە، لای گەلیٚ چیرۆکنووسان بۆتە مایەی ڕیزکردنی کۆمەڵیٚ دروشم و ناو و گوزارەی ڕاستەوخۆیانە.. بەپێچەوانەیشەوە لای بڕێکی دی بواری داهێنان و سیحر و ئێمازەکاریی و فانتازیای سەیر و سەرسوڕهێنەری بەرینترکردووە و.. دواتر لە درێژەی باسەکەمدا و بەسەرکردنەوەی نموونە جۆراوجۆرەکاندا پەنجەیان دەخەینە سەر.. چ لەم لایەنانەوە بێت کە باسکران.. یاخود لایەنە هونەرییێکانی دیکەی چیرۆکەکانیان بێت.. چونکە من پێموایە کێشەی دەربڕینە زەقەکان و تەنانەت دروشمکارییێکانیش –لە هەموو حاڵەتەکاندا– نابنە مایەی لاوازکردنی لایەنە هونەرییێکانی دەقەکان.. بەڵکو ئەو دیالۆگ و گوزارەکردنە ڕاستەوخۆ و زەق و دروشمانەش بەدەست داهێنەران و لە جێگە و بواری شایستەی خۆیاندا وەك زەروورەت دەبنە بەشێکی پتەوی بونیادە هونەرییێکە و، بەنەبوون یاخود لابردنیان کەلێنی وا وێران دەخەنەوە مایەی گاڵتەجاڕیش بێت.

پەراوێزی (ئازادی) لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بوار بۆ باسکاران (هەروەها بۆ شاعیر و چیرۆکنووسان و.. هتدیش.. بەچەند پلەیێك دواتر) دەڕەخسێنیٚ بەئارەزووی خۆیان و بەپێی مەبەست و بۆچوونیان پەل بۆ شتگەلە حەرامکراوەکانیش بکوتن و.. هەموو سنورەکانی داب و نەریت و ئایین و سیاسەت ببەزێنن بێئەوەی هیچ باجێکی گران یاخود بچووك و ئاسانیش لەو پێناوەدا بدەن.. وەلیٚ ئێمەی بندەستی هەردوو جۆرە دەسەڵاتەکە (دەسەڵاتی بەئایدیۆلۆژیا و ئایین بارگاویکراوی نەتەوەی باڵادەست و دەسەڵاتی بیٚ ئایدۆلۆژیا و بەحیزبی و خێڵەکی بارگاویکراوی خۆماڵیی کوردیش).. کە هەردووکیان لە ڕووی دیکتاتۆریەتەوە چوونییێکن و.. ئەویان بەزمانی غەیرە کوردی و ئەمیان بەزمانی کوردی پرۆسەی ملهوڕێتییێکەیان پیادەدەکەن و.. کاریگەرێتی ئەو دووجۆرە سیستمە.. بەجیاجیا یاخود پێکەوە بەڕوخساری چیرۆکی کوردیمانەوە.. یاخود بەدیاریکردنی ڕوخسار و ئاڕاستەکردنی ڕەوتی ڕووداوەکانەوە دیارە و.. ئەمەش بەئاشکرا بەیێکەمین هەوڵدان و نۆبەرەی ئەم هونەرەوە لە

کاروانی چیرۆکی کوردیدا خۆی دەنوێنێ.. هەر لە نۆڤلێتی (لە خەوما)ی جەمیل سائیبەوە و.. لە ترسی زەبروزەنگی دەسەڵات و سانسۆر پەنامان بردۆتە بەر (خەون).. واتا هەر لە یێکەمین هەنگاوەوە ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە لەئارادا بووە.. ئیدی مەرج نییە کاریگەرێتی نێگەتیڤانەی کردبێتە سەر ڕەوتە هونەرییەکە.. بەڵکو تا پلەی زەبروزەنگ بەرەو ژوورتر هەڵکشابێت ترس و لەرزەکە لە هونەردا جوانتر و نازدارتر بووە.. هاوکێشەییەکی پێچەوانەی سەرسامکەرە.. وەلێ ئاساییشە و دەبێت وابێت تا زەبروزەنگ ڕوو لە زیادبوون بووبێت شێواز و ڕێبازی سەیر و سەرنجڕاکێشی جۆراوجۆر دۆزراونەتەوە و پێڕەو کراون.. هەزاران فێڵی هونەریی و سیحری لەخشتەبردن و فانتازیای وێڵکەر و سەرسوڕهێنەر هاتوونەتە ئاراوە.. دیارە ئەمانە گشتیان دەرئەنجامی نەبوونی ئەو پەراوێزی (ئازادی)یەن و.. بەناچاریش پەنایان وەبەر براون و بەو بار و سەمتەشدا ئاراستەکراون، کە ئەگەر هەلومەرجەکە وا نەبوایێ ئەوا هەمان فێڵی هونەریی و سیحر و فەنتازیاکان بەڕەوتێکی دیکەدا دەبران و پێموایێ لەم حاڵەتەی دواییدا ڕەوتەکە دروست و ڕەوانتر دەبوو.. چ جای ئەوەی کێشە ئینسانییێکان تێیاندا قووڵتر و بەرینتر دەبوون و لە سنورە تەنگەبەرەکانی کێشە نێو خۆیی و ڕۆژانەییێکاندا گیریان نەدەخوارد.

دکارین لێرەدا و وەك سەرەتاییێك.. مەبەستی گرتنەبەر و پێڕەوکردنی ناچارییانەی ئەو میتۆد و شێوازانە لە چیرۆکی کوردیدا لە دوو خاڵی بنچینەییدا کۆبکەینەوە:

یێکەم: داکۆکیکردن لە کێشە نەتەوایەتییە ئاڵۆزەکەمان و بەرهەمهێنانی ئەدەبێکی بەرگریی کەتێیدا وێڕای داکۆکی لە مافە مرۆڤایەتی و نەتەوایەتییێکەمان.. هاندانی جەماوەریش بێت بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران و چەوسێنەران.. چ وەك ئیمپریالیزمی جیهانی و چ وەك بەرەنگاربوونەوەی شۆڤێنێتی نەتەوەی باڵادەست: "تورك، فارس، عەرەب".

ئەمەش لە بەرهەمی زوربەی نوسەرانماندا بەشاعیر و چیرۆکنووسانەوە دیارە، وەك: چیرۆکنووسان: محەڕەم محەمەد ئەمین، فایەق زێوەر، ئیبراهیم ئەحمەد (بلە ــ هـ ل ب)، دکتۆر مارف خەزنەدار، سەعید ناکام و.. شاعیران: گۆران و دڵشاد مەریوانی و لەتیف هەڵمەت و کامەران و دیلان و..هتد.. کە شانۆی کارەساتەکان و پاڵەوانەکانیشیان گواستونەتەوە نێو خاك و نیشتمانێکی دیکەوە وەك کۆرسیکا و سۆڤییێت و کشمیر و کۆریا و ڤییێتنام و فەلەستین و ئەلجەزایر و.. هتد.. یاخود بۆ شار و دەڤەرێکی خەیاڵی.

دووەم: یاخود تەنیا هەندێ بەراوردکارییان لە نێوان ژیان و گوزەران و خەباتی نێو کوردستانی سەرگەردان و وێراندا کردووە لەچاو ئەوروپای پێشکەوتوودا و.. هەروەها بەمەبەستی دەربڕین و گوزارەکردن لەو حاڵەتی غەریبیەی تێیکەوتوون و چەندێك بێزار و وەڕزن لێی.. یاخود جۆرێك لە شیکردنەوەی لایەنەکانی ژیان لە ئەوروپادا بەتایبەتی و لە هەندەراندا بەگشتی.. وەك چیرۆك و ڕۆمانەکانی:

دکتۆر عزالدین مستەفا ڕەسول، ئەنوەر محەمەد، خوسرەو جاف، شێرزاد حەسەن، جەزا چنگیانی، بەکر ڕەشید، فازیل کەریم، کاروان عومەر کاکەسوور، سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم.. هتد).

من باشدەزانم ئەم دابەشکردنە دوو خاڵییە زۆر درشتانەیە و.. پێویستی بەوردەکاریی هەیە.. وەلێ لە هەمان کاتدا دابەشکردنێکی گشتگیرە و، دەکرێت لە بەردەوامیی باسەکەمدا هەوڵبدەم وردەکارییێکانی هەر یێکێك لە چیرۆك و ڕۆمانەکان فەرامۆش نەکەم و بایێخی شایستەی خۆیان پێبدەم.

* * *

## هۆکارەکانی کۆچکردن

گەرچی باسەکەمان بۆ ئەوە تەرخان نەکردووە هۆکارەکانی کۆچکردن بەرەو هەندەران هەڵسەنگێنین.. وەلێ بەپێویستی دەزانم ئەگەر بەکورتیش بێت چەند تێبینییێك.. یاخود چەند دیاردەیێك لەم بارەیەوە ڕوون بکەمەوە.

جارانی زوو.. بەرلەوەی دەسەڵاتداریێتی لە ئێراق و ئێراندا و تارادەییێکیش لە تورکیادا بگاتە پێڕەوکردنی ئەوپەڕی گشتگیریی (تولیتاریزمی) و پاوانکردنی سەراپای بوارەکانی ژیان چ لە ڕووی شۆڤێنێتی نەتەوەییێوە- ئێراق- و چ لە ڕووی مەزهەبیی ئایینییێوە –ئێران- و چ پێڕەوکردنی ئەحکامی عورفی و بەکارهێنانی چەکی پەیمانی ناتۆ لە ناوچەکانی کوردستانی باکووردا و دژی PKK لە تورکیادا.. شتێکی ئەوتۆ نەبوو وەك دیاردەییێکی زەق بەناوی کۆچکردن و هەڵاتن و پەناهێندەیی.. بەڵکو لە سنورێکی تەسکدا و لەسەر ئاستی تاکەکەس نەبێت.. ئەوانی دی گەشتوگوزارکەر (تۆریس)ێکی ئاسایی و بۆماوەییێکی کەم بوو.. کە دواجار دەگەڕانەوە زێدی خۆیان.. مەگەر ئەوانە نەبێت کە بۆ خوێندن تەواکردن (زەماڵە) بۆ چەند ساڵێك دوورە وڵات دەمانەوە..

وەلێ لەم 10-15 ساڵەی دواییدا کۆچ و هەڵاتن بەرەو هەندەران بەپلەیێك لە پلەکان لەبەر نائارامی ڕەوشی نێو خۆی کوردستانی باشوور بوو.. کە شێوازی کۆڕەوی وەرگرت.. وێڕای پشێوی ڕەوشی ناوخۆی ئەم دەڤەرە.. مەبەست و هۆکاری سەرەکی ئەم کۆچە بەلێشاوە سوود وەرگرتن بوو لە جیاوازیی نرخی دراو.. بەتایبەتی دوای دابەزینی بەهای دیناری ئێراقی و دواتر لیرەی تورکی و تمەنی ئێرانی و گەیشتنیان بەئاستی داوەشاوەیی.

گەرچی هۆکارەکانی کۆچی لێشاوی کورد لای هەندێ باسکاران وەك ئاسۆ جەبار لە کتێبی (کۆچ و سەفەر) و (ئیسماعیل تەنیا لە (سەفەری ڕەش)دا چەند هۆکارێك دەخەنە پێش هۆکاری ئابوورییێوە و. بەزۆری هۆکاری ڕامیاری وەپێش دەخەن.. لای ئیسماعیل تەنیا هۆکاری ئابووری بەپلەی دووەم دێت و ئەمەیش بەسەر پێنج خاڵدا دابەش دەکات:

(دابەزینی نرخی دراوی ئێراقی، نەبوونی کار، گەمارۆی ئابووری، کەمی مووچە، دابینکردنی دوارۆژ)[3].. لای ئاسۆ جەباریش و لە فەسڵی (کێشە و گرفتە گەورەکانی لاوان)دا.. کێشەو هۆکارەکانی ئەو کۆچە بەسەر چوار خاڵدا دابەشدەکات و هەر چوار خاڵەکەش لە دەوروخولی کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی گرددەبنەوە.. کە مەبەست لە کێشە کۆمەڵایەتییێکانیش بە پلەی یێکەم چەپاندنی سێکسی و دەرهاوێشتەکانی ئەو چەپاندنەیە کە چەندین نەخۆشیی دەروونی لێدەکەوێتەوە[4] کە پێموایە ئەم بۆچوونە بەنیسبەت کۆچی کوردانی باکور و تارادەییێکش کوردانی خۆرهەڵاتەوە لەجێی خۆیدایە و پەسەندیشە.. وەلێ هۆکاری ڕامیاری لە بەلێشاوکردنی کۆچی کوردانی باشووری مەزندا زۆر لاوازە.. گەرچی هەیشە و.. بەتایبەتی لای ئەوانەی بەرلە ڕاپەڕینە جەماوەرییێکەی 1991 هەڵاتن.

جا ئیدی هەر مەبەستێك لەپشت هەڵاتن و کۆچی بەرەو هەندەرانەوە بێت.. گرینگ ئەوەیە توێژاڵێکی جیاجیا و بەرفراوانی لەتەك خۆیدا ڕاپێچی هەندەران کرد.. لە نیوانیاندا هونەرمەندانی شێوەکار.. فیلمساز.. گۆرانیبێژ و مۆزیکژەن.. شانۆکار.. شاعیر و.. هەروەها ڕۆمان و چیرۆکنووسیش.

ئەمانە بەشێوەییێکی گشتی لەبەرهەم وبەخششدا بەردەوام بوون.. جموجووڵ و چالاکییان لە هەر بوارێك لەو بوارانەدا نواندووە.. وەلێ بەدەگمەن داهێنانێ، یاخود کارێکی هونەرییانەی ئەوتۆیان تێدا بەدیدەکەین شایانی پەنجە بۆ ڕاکێشان بێت.

## مۆزیک و ستران و.....

هەر بەنموونە و وەك پانۆرامایێکی خێرا.. لە بواری مۆزیکدا: گەرچی گۆرانیبێژان بەگشتی لەوە دەرچوون هەر بەتەنێ دەستیان ببزوێنن.. یاخود دەستیان لەکەمەر یان بناگوێیان نێن و ستران بچڕن.. بەڵکو هەنووکە جاروبار و لەنێو ئەو هەمووە هەڵپەڕینە جۆراوجۆرانەی لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییێکانەوە نیشاندەدرێن و خراونەتە تەك زوربەی گۆرانییێکان، هەست بەجووڵەی

لەشی (دانسئامێن)ی تا ڕادەیێك ترسنۆکانە دەکەین کە هەنگاوێکە بەرەو دەرچوون لەو سەما هەرەوەزییە جەستەییەی – هەڵپەڕین بە هەموو جۆرەکانییەوە– سەدان ساڵە پێمانەوە لکاوە و تێیدا نغرۆبووین کە (لەسەر بنەمای هەرەوەزیی و پێکەوەیی سەماکەران بەندە.. لەش و بزاڤەکانی تاکەکەس پاشکۆ و دووبارەکردنەوەی لەشەکانی ترن) [5].

کەچی لە ڕووی دانانی سیناریۆ و دەرهێنانی کلیپی گوزارەبەخش و وێنەگرتن –تصویر– دا هەنگاوی بوێرانە نراوە.. بەتایبەتی لای زەکەریا و گوڵستان و تارا ڕەسوڵ و خالید ڕەشید و گوڵێ و بەسەر شاهێن و ئاکۆ عەزیز و ناتالیا و سالار ئازید و چۆپی و هێڤی و ئەژدەر و عەدنان کەریم و ئەیوب عەلی و ئیسلان زاخۆیی و شوان فوئاد و لەیلای فەریقی و.. هتد.. وەلێ وشە یان هۆنراوەکانی گەلێکیان زۆر لاواز و بیمانان و تەنانەت ئاوازەکانیشیان نە هەر بەمیزاجی کوردەواری نامۆن، بەڵکو هەر وشە و قسەی بیسەروبەرن و درێژی دەکەنەوە.. بیگومان لەگەڵ ئەمەیشدا وشە و هۆنراوەی هونەرمەندێکی بەتوانای دوورەوڵاتی وەك خالید ڕەشید نابێت فەرامۆش بکەین کە بەڕاستی گۆرانییێکانی چەندە زاتین هێندەیش تەعبیر لە ژانەکانی غوربەت دەکەن و مایەی سەبووریبەخشی کوردە پەڕاگەندەکانن.. هەروەها ئەم وتانەم بەنیسبەت تارا ڕەسووڵ وعەدنان کەریم و هەندێکی دیکەشیانەوە لە ڕووی هەڵبژاردنی شیعر و ئاواز و موزیکەوە هەروایە ویڕای ئەو ئاهەنگسازییە بوێرانانەی زەکەریا.. ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە لەنێو کوردستاندا هەنگاوی هاوشانی ئەوانە نەنراوە .. کلیپەکانی هونەرمەندان ماهیر محەمەد ئەمین و وەیسی محەمەد و کامکاران و عومەر گوندی و دانا عەبدولجەبار (خەپە گیان بتخۆم)ەکەی ئاراس و عەدنان کەریم (لەگەڵ محەمەد عومەر عوسمانی شاعیردا) و ..هتد، وێنەگرتن و مۆسیقا و شیعر و ئاوازە پەسەندەکانی ئەوانەی پێشوو و هەروەها چەتۆ نەورۆز و دڵنیا قەرەداغی و ئالان عومەر وهەردی سەلاح و تارا جاف و هتد.. بەهای هونەریی بەرزی خۆیان هەیە و.. پێموایە لای خۆمان تەنیا لە ڕووی بەکلیپ کردنی سترانەکانەوە شەرم و سستییێك هەیە و.. ئەویش هۆکاری خۆی هەیە.. جا ئیدی بەهۆی هەژاری تەکنیکییەوە بێت، یاخود قابیل نەبوونی هەندێ لە هونەرمەندان خۆیانەوە بێت، کە لەو باوەڕەدان ڤیدیۆکلیپ، کاری نێگەتیڤانە دەکاتەسەر ڕەسەنیی هونەرەکەیان.. یان هەر هۆکارێکی دی.. وەلێ لەم چەند ساڵەی دواییدا هەندێ کۆمپانیا–بەتایبەتی چوارچرا– و گەلێ لە کەناڵە ئاسمانی ناوچەیێکان –کوردسات– خاك– کوردستان تی ڤی– هەوڵی باشیان لە بواری ڤیدیۆ کلیپدا داوە.. وەلێ بەزۆری هەر لە سنووری هەوڵە سەرەتایی و شەرمنۆکەکاندا دەگیرسێنەوە.

لای شانۆکاران و فیلمسازانیش تێکەڵبوونێك لەتەك شانۆ و فیلمی بێگانەدا. چ وەك هاوکاریکردنی هونەریی یێکدی و چ وەك بەشداربوونی کاراکتەر و هونەرمەندانی بیانی لە فیلم و شانۆی کوردیدا و چ بەپێچەوانەیشەوە کە دەرفەتێکی لەبار بۆ هونەرمەندانی کورد لەم بوارانەدا ڕەخساوە تا بەشداری لە فیلم و شانۆی ئەواندا بکەن..یاخود بەرهەمی هاوبەش پێشکەش بکەن.. کە لە (کەناڵی AVTE ی فەرەنسایێوە نمایشی ئەو فیلمە کوردی/ فەرەنسییە هاوبەشە کرا کە هونەرمەند– هونەر دیلمان بۆ ئەو کەناڵە بەرهەمی هێنابوو.. لە چیرۆکی "پەراوێزەکانی ئەوروپا"ی د. فەرهاد پیرباڵ–ەوە وەرگیرابوو) [6]

ئەمە جگە لە ناساندنی ڕەوش و سەرگەردانییێکانی ڕۆژانەی ژیانی کورد و خستنە بەرچاو و بەر ویژدانی مرۆڤایەتی لە جیهاندا و.. گەلێ جار بەشێوەییێکی هونەریانەی ئەوتۆش شایانی ڕیزی بیانییێکان بن.. بەتایبەتی لە فیلمەکانی (بەهمەنی قوبادی) و (هونەر سەلیم) و (نیزامەدین ئیرج) (مەخمەڵباف)دا.. کە توانییان کارێکی وا بکەن فیلمەکانیان بگەیەننە ئاستێك لە فێستڤاڵە جیهانییێکاندا بەشداربن و خەڵاتیش بکرێن.. وەك فیلمی (کیسەڵەکان دەفڕن)ی (قوبادی) و (ئسترانەك ژبو بیکۆ)ی (ئیرج) و بەتایبەتیش فیلمی (کیلۆمەتر زیرۆ)ی (هونەر سەلیم) کە ئەمساڵ (2005) لە فێستڤاڵی (کان)ی سینەماییدا لەگەڵ 21 فیلمی جیهانیدا بەشداریکرد و خەڵاتی (شۆڤاڵی) فەڕەنسایی بەدەستهێنا.. با ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئەم هونەرمەندە فیلمسازانە هەموویان سەر بە ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستانن و بەداخەوە –هونەر سەلیم نەبێت– ئەوانە هیچیان لەوانە نین کە

لە باشووری مەزنی کوردستانەوە بەرەو هەندەران چوون.. هەر لێرەشدا نابێت هەوڵی دڵسۆزانانەی هونەرمەدان مەهدی ئومێد و جانۆ ڕۆژبەیانی و چەندانی دیش لەم بوارەدا فەرامۆش بکەین،

## شانۆ و دراما و فیلمسازیی

لە بواری شانۆگەریشدا.. هێندەی لە نزیکەوە ئاگادارم، هیچ کار و هەنگاوێکی ئەوتۆ شکنابەم گۆڕانکاری و داهێنانی بەرچاوی بەخۆوە دیبێت.. یاخود بەهاییێکی ئەوتۆی هەبێت مایەی سەرنج ڕاکێشانی نەك خەڵکی بیانی بێت بەڵکو بەلای خۆشمانەوە پەسەند بێت.. تەنانەت لە هەندێ میهرەجانی شانۆییدا شانۆکاران کار و بەرهەمەکانی پێشووی خۆیان کاوێژ کردۆتەوە و.. ئەوەی دەیان ساڵ لەوەوبەریان و بەسەقەتیش دووبارە کردۆتەوە.

بێگومان ئەمەیش هۆکاری خۆی هەیە و.. لە ساڵانی هەفتاکانەوە و بەتایبەتی لە هەشتاکانداسەردەمی زێڕینی بەخۆیەوە بینی و، دکارم بڵێم شانۆی کوردی و درامای تەلەڤزیۆنی لە باشووری مەزندا بەگشتی و (لە سلێمانیدا بەتایبەتی) گەیشتە ئاستێکی هێندە بەرز و بڵند کە تێپەڕاندنی ئەو ئاستە مودەتێکی زۆر درێژی دەوێت.. ئەمە سەرباری بزرکردنی ئەو (کێشە مەزنە)ی ئەوسا هەمانبوو.. نە ئەو کێشە مەزنە و.. نە ئەو گیانی لەخۆبوردنەی ئەوسا نە لە دەرڤە و نە لەنێو نیشتمانیشدا هیچیان نەمان و پەرتپەرت بوون و پووکانەوە و.. ئەوە بۆ پازدە ساڵیش دەچێت حاڵی شانۆیی بەگشتی شپرزە و شێواو و بگرە بەربادیشە.. تەهریج و توانج و تانەوتەشەری تەلەڤزیۆنی.. بەمەبەستی بازرگانی و موزایەدەی حزبایەتی و فشکردنەوە و هەڵمژینی تووڕەیی و بێزاری جەماوەر لە پۆخڵەوات و گەندەڵییێکانی کاربەدەست و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان جێی ئەو شاکارە هونەرییە شانۆییانەیان گرتۆتەوە کە ئەوسا هونەرمەندانی گەورەی وەك **عوصمان فارس** و **ئەحمەد سالار** و **بەکر ڕەشید** و **نەوزاد مەجید** و **ئیسماعیل هەورامی** و.. هتد. بەپشت بەستن بە دەقە شانۆییە خۆماڵی و جیهانییێکان، شانۆییێکی هێندە مەزنی کوردییان پێ بەرهەم دەهێنان.. کە مامۆستاکانیان لە ئاکادیمیا و پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغداوە دەهاتن و لەبەردەمیاندا دەهاتنە سەرچۆك.. ئێستەیش، جگە لە هەوڵەکانی هونەرمەندان (ناسر حەسەن) و (ئەحمەد سالار) و (گەزیزە) و (فازیل جاف) و (ئەرسەلان دەروێش) و (بەکر ڕەشید) و (بەدیعە دارتاش) و هەندێکی دیش.... زۆربەی شانۆکاران و هەندێ فیلمسازانیش چ لە هەندەران و چ لە نێو نیشتمانیشدا فشۆڵە موعاناتی ڕۆژانەیی خۆیان دەکەنە دەقی شانۆیی.. یاخود پێکدوو هۆنراوەی شاعیرانی حزب و دەربار.. یان نەزۆکە بیرۆکە و سەرهاتی دەسەڵاتدارێکی حیزبی دێنن و.. ئیدی خۆیان هەم نووسەر و سینارستن و.. هەم دەرهێنەر و ئەکتەریشن.. ئەمەیش مایەی بەزەیی پێداهاتنەوەیە بە خۆیاندا و لە هەمانکانیشدا دۆڕاندنی هونەرەکەیان و شکۆمەندییێکەشیانە بەگشتی.

## شێوەکاریی

بەنیسبەت شێوەکارانی کوردەوە لە هەندەران.. لەبەرئەوەی کاری شێوەکاریی وەك شانۆ و فیلمسازیی و مۆزیك کاری بەکۆمەڵ نییە.. بەڵکو وەك چیرۆك و ڕۆمان و..هتد کاری سەڵتەزەلامی وتاکەکسییە.. هونەرمەندی شێوەکار دەتوانێ بەفڵچە و بۆیە و فیگەر و کەرەسەکانی خۆیەوە تەعبیر لە ئاوارەیی و لانەوازیی خۆی بکات و، بەپێی ئاستی هونەریی و پسپۆریی خۆی کاری داهێنەرانەی خۆی لەو ژینگە نوێیەدا مەیسەر بکات.. کە "ئاوارەیی و نامۆیی.. خۆی لەخۆیدا حاڵەتێکی نێگەتیڤانەی سەڵتەزەلامە و لە هەمان کاتیشدا ئاه هەڵکێشانێکی هونەرمەندە لە کەشێکی ئازاد و دوور لە سانسۆر و چەوساندنەوە.. زۆرجاریش سەڵتەزەلامەکان نیشاندەری باری کەسێتی هونەرمەند خۆین.. ئەو کەسێتیانەش ئەوانەن کە لە ژینگە مێژوویی و دێرینەکەی هونەرمەندا دەژین"[(7)]

دەبێت ئەوەش بڵێم.. لە کاتێکدا نیگارکێشەکانی کوردستان بەدەست دانسقەیی بۆیەی باشەوە دەیانناڵاند.. بێگومان لە هەندەران کێشەی لەمجۆرەیان نەبووە.. کەچی ئەو نیگارانەی لەسەر کارت چاپیان دەکردن و پێمان دەگەیشتن بەتێکڕایی یاریکردن بەبۆیە و فڵچە و بەزۆرییش ئەبستراك و تەعبیری بوون و.. بەشێکیشیان هەمان ئەو هەست بەنامۆییکردنە بوون کە لە باوەشی نیشتماندا گینگلیان پێوە دەدا و لەوێ بەردەوامیان پێدا.. وێڕای ئەوەی تابلۆ و کاری هونەریی دی و کردنەوەی پیشانگەی شێوەکاری بەردەوامبووە و.. تابلۆکانی عەدنان شینۆ و گارا و هەندێکی دیکەیان پێشکەوتنی جوانیان بەخۆیانەوە دی.. وەلێ هەر ناو نیشتمان بەسەرچاوەی **بزاظ** و هەڵنانی هەنگاوە هونەرییە مەزنەکان مایەوە.

## باسکاری و تۆژینەوە و زمان

بەنیسبەت باسکار و وەرگێڕ و قامووسنووسانەوە.. هەندێ لە هونەرمەند و ئەدیب و بیریاران توانیویانە چەند باس و تۆژینەوەییێکی زانستییانە –وەلێ کەم– لەمەڕ هونەر و ئەدەب و فیکر و فەلسەفە و سوسۆلۆژیا بنووسن.. بەتایبەتی نوسینەکانی د. فریا جاف و دانا ڕەوف و فاروق ڕەفیق و بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانع و یاسین بانیخێلانی و ڕەفیق سابیر و فوئادی مەجید میسری و کەریم مەلا ڕەشید و د.کوردۆ عەلی و ئەکرەم عەلی–جوانەمەرگ– و د. فەریاد فازیلیش کە دوا بەرهەمی فەرهەنگێکی کوردی–ئەڵمانییە و نزیکەی 1200لاپەڕەیە.. هەروەها لەم دەهەیەی دوایدا بوارێکی لەبار بۆ هەندێ نووسەری دی ڕەخسا بۆ چوونە نێو تۆژینەوە و باسکردنی بابەتە قەدەغەکراوەکان.. بەڕاکشاوی قسە و باسیان لەمەڕ ئەزموونی فەرمانداریێتی حزبە دەسەڵاتدارەکان و هەروەها ڕەوتە فێندەمێنتاڵەکان هەبووە.. لەسەر گەندەڵیی ئیداری و دۆگمای باوەڕ و فۆتۆکردن و پێڕەوکردنی ئەتوارەکانی بەعس هەبووە.. لەمەڕ سێکس و هۆمۆسێکس هەبووە.. لە هەمان کاتیشدا وێڕای ئەوەی ئەم باس و خواسانە لەنێوخۆشدا کەمتازۆر ڕاستەوخۆ بووبێ یان ناڕاستەوخۆ بەردەوام هەر بووە.. باجی قورسیشیان لە پێناودا داوە و.. لە لایەن دەزگە هەواڵگری و ئەمنییێکانی دەسەڵات و ئیدارە و حزبەکانەوە دووچاری تیرۆر و گرتن و ئازاردان و سەرکوتکردن و لێپێچانەوەش بوون.. کە ئەوانەی لە دوورە وڵاتەوە قسەیان کردووە یاخود جوێنیشیان داوە.. لەم ڕووەوە نە هەر لە هەندەران سەلامەت بوون.. بەڵکو لە کوردستانیشدا داوەت و پێشوازیکراون.

ببورن.. وتم ئەمە پانۆرامایێکی تیژتێپەڕە و.. ئەم کێشانە پێویستیان بەتۆژینەوە و بەدواداچوونی ورد و شیکاریی فرەلایەنی هەیە و.. بابەتەکەی من لە بنچینەدا پێوەندیی بەجۆرێکی دیاریکراوی چیرۆك و ڕۆمانی کوردییێوە هەیە.. بۆیێ پانۆراماکە تا ڕادەییێکی زۆر کورت و کوێر وەدەردەکەوێت و.. جگە لە چەند سەرنج و بۆچوونێکی خێرا و سەرپێی زێتر نییە.. وەلێ هیچیان لە بێئاگایی و لەخۆوە نین و بڕوا و قەناعەت و بەڵگەشم لایە.. لەگەڵ ئەمەشدا هیوادارم لە بۆچوونە نێگەتیڤەکانمدئا بەرامبەر هەر بابەت و ژانرێك –بەتایبەتی بەرامبەر شانۆ و شانۆکاران– بەهەڵەدا چووبم و.. لێزانانی ئەو بوارە و بوارەکانی دیکەش ڕوونکردنەوەی بڕوا پێهێنەریان هەبێت و، لەم بارەیەوە هیچ گرفتێکم نییە.. ئیدی لێرەوە دەچمە نێو بابەت و باسە سەرەکییێکەی خۆم.. کە تایبەتە بەو چیرۆك و ڕۆمانە کوردییانەی باس لە کەسێتی و ژیان و گوزەرانی هەندەران دەکەن.

# خولیای

# مەیمونە سپییەکان

# لەچیرۆکی کوردیدا

لە کاتێکدا ئێمە چیرۆکی ئەو کەسانە دەگێڕینەوە کە لە ڕۆژهەڵاتەوە (بەتایبەتی لە باشووری مەزنی کوردستانەوە) بەرەو خۆرئاوا و شارستانییەت کۆچدەکەن، ئاوارەی نێو زێد و سیستم و مرۆڤگەلێکی پێشکەوتوو تر دەبن.. کە قۆناغێك یاخود چەند قۆناغێکیان لە مێژووی شارستانێتیدا بڕیوە و.. چەندین سەدە لەپێشمانەوە دەڕۆن.. ئەوا مەزنە چیرۆکنووسێکی وەك (هێرمان هێسە) لە ڕۆمانێکی نوێیدا بەنێوی (دوا هاوینی کلینێکسەر)ەوە.. کەسێتییێکی ئەوروپایی ئاوارەی ڕۆژهەڵات دەکات.. کلینێکسەر ئەو (پاڵەوانە)یە لەنێوجەرگەی مرۆڤی داتەپیو و وێرانی نێو ژینگە و شارستانێتی ئەوروپای ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئێمە کۆچدەکات.. دەخوازێت لەنێو کولتوری تژە خورافیات و بەندوباوی میتافیزیکیانەی ڕۆژهەڵاتدا سەبووری ڕۆحی خۆی بداتەوە و.. دارمانە دەروونییێکەی چارەسەر بکات.. وەڵێ هەیهۆ! هەیهۆ!

نا ئومێدبوون لە هەردوولا.. لە کولتوری ماددی ئەولا و کولتوری میتافیزیکی ئەملا بەرەو خۆکوژیی دەبات.. بەواتاییێکی کورت مرۆظ ڕزگاربوونی نییە [8].

کێشەی زاڵبوونی لایەنی ماددی بەسەر لایەنی ڕۆحی لە مرۆڤدا و بەپێچەوانەیشەوە.. کێشەیێکی ئەزەلی سەختە و لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا مرۆظ سەراسیمە و لاسەنگ دەکات.. هەندێ زانای شیکاری دەروونی پێیانوایە: ئەوشتەی دڵ و ڕۆح و دەروون تێر و دەوڵەمەند دەکات، جەستە و ژیان و گوزەران و حەز و ئارەزووەکان هەژار و وێران دەکات.. ئەوەی ئارەزو و جەستەش دەمرێنێ ڕۆح و هەناوی شکۆمەند دەکات.. وەلێ مرۆڤیش بەبێ حەز و ئارەزووی جەستە و بەبێ ڕۆح و خۆشەویستی و بەهاکان ناژی و.. هاوسەنگی نێوان ئەم دوو لایەنە بەشێوەیێکی گشتی ژیانی مرۆظ دروست و بێخەوشدەکات.

لەم بارەیەوە و بەبۆچوونێکی سادە و ساکارەوە.. کە زێتر لە ورووژاندنێك بابەتێك دەچێت لەمەڕ شتە مادی و ڕۆحییێکان، یاخود لە شتە دنیایی و دینییێکان.. ئەو بابەتەیە کە لە چیرۆکی (شەوێك لەسەر لوتکەی ئێڤەرست) ی (فایەق زێوەر)دایە و.. پێموایە ئەمە یێکەمین چیرۆکێکی کوردیمان بێت کە ڕووداوەکان و کەسێتییێکان تێیدا گوێزرابێتنەوە جێگەیێکی دی دوور لە نیشتمانەوە.

نووسەر لەم چیرۆکەدا بەشێواز و تەکنیکێکی سادە باسی کەسێك دەکات (کە خۆیەتی) و بەهۆی کەسێتییێکی خورافییێوە کە (خدری زیندەیە) و (لە خەونیشدا!) لەسەر لوتکەی ئێڤەرستی چیای هێمالایا دەگیرسێنێتەوە و، لەوی لەگەڵ (پیاوچاکاندا) کۆڕ دەبەستێ و قسەوباس لەمەڕ دنیاییێکی باشتر و جوانتر بۆ مرۆظ (یاخود بۆ کورد) دەکەن.

گەرچی چەند جارێك ئێماژە بەبەها مرۆڤایەتییێکانی سیستم و کۆمەڵگەی سۆشیالیزمی دەدات و لە چەند لایەنێکەوە –بەتایبەتی لە یێکسانبوونیدا– پەسەندی دەکات.. وەلێ (پیاوچاکانی سەر ئەو لووتکەیە) هەر سیستمە ئایینییێکەنیان بەلاوە پەسەندە و، ژیانی باشتری ئادەمزاد لە پێڕەوکردنی شەریعەتەکانی ئیسلامدا دەبینن.

چیرۆکنووس گەلێك لەو ئەفەندییانەش لەسەر چیاکە و لەنێو کۆڕی (پیاوچاکاندا) دەبینێ کە لەنێو خەڵکیدا بە(زەندیق) و بێ ئیمان ناسراون و مەلا فەتوای کوشتنی داون!

"کێ بڕوایان پێدەکات کە پیاوچاکن؟! خەڵق هەموویان بەنوێژنەکەر و عارەقخۆر و قومارچی و کافر و پیاوخراپیان دادەنێن.. کەچی ئەوەتا لە شەوی هەینییاندا بەخۆیان و باستۆنەکانی دەستیانەوە لەنێو پیاوچاکاندا لەسەر پۆپەی شاخی هێمالایا کۆڕیان بەستووە" [9].

بەر لەمە کە ڕۆمانەکەی (هێسە)م بەنموونە هێنایەوە.. بۆ ئەوە بوو تا بزانین مەزنیی کارەکەی (هێسە) لەوەدایە.. پێیدەڵێت پاڵەوانەکەی –مرۆظ– لە هیچ لاییێکدا ئارام و ئاسوودە نییە.. لێ بەلای زێوەرە فەندییێوە جێگەی پڕلە سوکنایی و ئاسوودەیی حازربەدەست ئامادەیە.. بێگومان ئەو سیستم و ژیانەیش هەر ئەوەیە کە ئایین و (پیاوچاکان– ئەولیا) تێیدا باڵا دەستن و زێتر بەلای (المدينة الفاضلة)ی فارابی دەکەوێتەوە.

گەرچی لەمەدا مەبەستم ئەوە نەبوو چیرۆکەکەی زێوەرە فەنی لەتەك ئەوی (هێسە)دا بەراورد بکەم– تەنیا هێندە هەیە ویستم ئێماژە بەوە بدەم کە زێوەر وێڕای ئەوەی ئێماژە بەهەندێ شتی بوێرانە و دیاردەی بڤەش دەدات.. کەچی

لە کۆتاییدا جورئەتەکەی گزی لێدەکات و هەموو ڕیسەکە دەکاتەوە بەخوری و.. خوازیاری سیستمێکی باوی سیۆکراتییە.

ئەوە بەپێچەوانەی چیرۆکە شیعری (گەشتی ئەستێرەی مەریخ[10])ی محەمەد ئەمین مەنگووریێوە (کە لە بری لوتکەی ئێڤەرست، پەروانەی (مەریخ)ی کردۆتە شانۆی ڕووداوەکان).. بەبێ پێچوپەنا کۆمەڵگەی سۆشیالیزمی گەشەسەندوو بەئەڵتەرناتیڤی سەرجەم ڕژێم و سیستمەکانی ئێستەی سەرزەمین دادەنێت و.. بەهەشتە ڕاستینەکەی مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیەدا دەبینێت.. ئەڵبەت ئەمەی مەنگووری خوازیارێتی سیستمێك نییە سەدان ساڵ بێت مرۆڤی دەڤەرەکەی سڕ کردبێت و تێیدا چەقیبێت.. بەڵکو سیستمێکی کۆمەڵایەتییانەی ئەوتۆیە گەورەترین عەقڵی ئابووری و ماددی و بەمێتۆدێکی زانستییانەی دیالێکتیکیانە بۆ داهاتووی بەشەرییەتی پێشنیاز کرد.. تا لە هەموو شێوازە بەربەریێکانی بەرهەمهێنان ئازادبێت.

ئەم جێگۆڕکێیە یان ئەم ئەڵتەرناتیڤ دۆزینەوەیەی مەنگوری کە (مەریخ)ی لەجێی زەوی داناوە.. وێڕای بەرینکردنی مەوداکانی خەیاڵ و داهێنان.. خودی خۆیشی لە بگرەوبەردەی سانسۆرەکان کەمتازۆر سەرفرازکردووە.. بەتایبەتی کاتێ نووسەر پەل بۆ شتە تابوو و حەرامکراوەکان دەکوتێت.. چونکە لەم بەرهەمەدا سنووربەزاندن لە خاڵی بڤە (خەتەر) و هێڵی سوور نزیکدەبێتەوە.. بگرە جاروبار تێپەڕیش دەکات.

بەر لە مەنگووری و لە کۆتایی چلەکانی سەدەی پێشوودا ڕستێك چیرۆکی برایم ئەحمەد (بلە) دەبینین.. کە نەهەر سستمێکی مرۆڤانەتر بۆ کۆمەڵگەی بەشەری دەخوازێت.. بەڵکو ناڕاستەوخۆیانە ئاگری شۆڕش و ڕاپەڕین بۆ ئەو مەبەستە خۆش دەکات.. بەواتاییێکی دی شێواز و پرۆسەی تێکۆشان و بەگژداچوونەوە و بەرگری لە میللەتکردن دەخاتە ڕوو.. ئەمەیش چ بۆ گەیشتن بەکۆمەڵگەییێکی یێکسان و چ بۆ داکۆکیکردن و پاراستنی ئەو کۆمەڵگەیە لە دوژمن و داگیرکەر و تێکدەران کە ئەو سەردەمە نووسەر بڕوای تەواوی بەوە هەبوو.. بەڕادەییێك لە یێکەمین دەسپێکی چیرۆکیدا چیرۆکی (لە وڵاتی قارەمانانا)ی کردە نۆبەرەی خۆی لەم ژانرە ئەدەبییەدا.

هەر لەوناونیشانەکەیەوە ئاشکرایە باس لە بەرگری دەکات.. ئەو بەرگرییە مەردانەیەی سۆڤیێتییێکان لە بەرامبەر نازییێکان کردیان.. نووسەر زۆر بەوردی گرتە (لەقتە)یێکی هونەریی هەستبزوێنی هەڵبژاردووە تا لەوێدا وەك کات و شوێن و هەروەها کەسێتییێکانیش نیگار بکێشێت و.. بەمشێوەیە:

شوێن: بەردەم ژووری نەشتەرگەرییە

کات: بەنیسبەت سەرجەمی چیرۆکەکەوە لە چەند خولەکێك. لە ڕۆژێکی ساڵانی دووەمین جەنگی جیهانیدا تێنا پەڕێت.

کەسێتی (کاراکتەر): سیانی سەرەکی: پیرەژنێکی ئفلیجی نێو کورسییێکی پێچکەدار و.. لاوێکی دارشەق لە بنهەنگەڵ و.. پزیشکێك.

(ئۆڵگا ڤاسیلڤا)ی ئفلیج کە مەدالیای (لێنین)ی بەیێخەوەیە چاوەڕوانی ئەنجامی نەشتەرگەریی کوڕە بچکۆلەکەیەتی (دیمترۆڤ).. هەردوو کوڕەکەی (ئیڤان) و (ئەندرییێڤ) لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا گیانیان بەگەل و نیشتمان بەخشیوە و تەنها ئەمی ماوە.

هەر کە دکتۆر لە ژووری نەشتەرگەری دێتەدەر.. دایکەکە یێخەی دەگرێت و.. ئیدی بەماتی و بێدەنگییێکەی دکتۆردا دەردەکەوێت سێیەمین ڕۆلەیشی (کە لە جەنگدا برینداربووە) مردووە.. دایك بەکوڵ دەگری.. کاتێ دەیانەوێت دڵی بدەنەوە.. دەڵێت.. بەتەنیا بۆ مردنەکەی ناگریم.. بۆ ئەوە دەگریم چونکە بەمردنی دیمترۆظ ئیدی کەسم نامێنێت لە جەنگدا بکوژرێت.. ئا لێرەدا لاوە بالأبەرزە دارشەق بەدەستەکە بۆی دادەنەوێتەوە و پێیدەڵێت: (–دایە! ئێمە هەموو.. هەموو ئەو قارەمانانەی سەرە ئەگرین.. هەموو کوڕی تۆین) [11]

ئەوەی لەم چیرۆکە و لە چیرۆکەکانی دیکەی ئەم نووسەرە و چیرۆکنووسانی دەست و قەڵەم ڕەنگینی دیکەدا مایەی سەرنج و بایێخپێدانە هەر بەتەنێ ئەوە نییە چۆن لە هەلومەرجی نائاسایی و جەنگ و پشێوی و نەهامەتی میللەت و نیشتماندا بابەتێکی تژە بەرگری و کۆڵنەدان و هاندان و ورە وەبەرهێنانی میللەت و جەنگاوەرانیان نووسیوە.. بەڵکو هونەری ڕاستینەیان لەوەدایە ئەو بەرهەمە دوای تێپەڕبوونی بارودۆخە ئاڵۆزەکەیش بەهای هونەریی خۆی بزر نەکردووە و وەك شاکارێکی زیندوو شایانی خوێندنەوە و تۆژینەوەبێت. واتا وێرای دەورە گرینگەکەی لەو ئانوساتەدا.. سنووری زەمەنە بەرگرییێکەش ببەزێنێ و، دوای ئەو ڕۆژگارە تاموچێژی هونەری خۆی نەدۆڕێنێ.. هەر ئەمەیشە ئەدەب و هونەری داهێنەرانە لە بەرهەمی سیاسی ڕۆژانەی تژە دروشم و هۆتافکێشان جیادەکاتەوە.. ئیدی بەمجۆرە هونەر لەوە دەردەچێت کە تەنیا هۆکارێك، یان کەرەسەییێك بێت لە خزمەتی مەبەستێکی ساتەوەختینەی سیاسیدا.. بەڵکو هەر خودی خۆیشی دەبێتە ئامانج و مەبەست.

هەر برایم ئەحمەد لە چیرۆکێکی دیکەی پڕ لە جۆش و خرۆشدا.. شانۆی ڕووداوەکانمان بۆ وڵاتی (کۆرسیکا) دەگوێزێتەوە.. کە ئاگری شۆڕشیان بەرامبەر فەرەنسای داگیرکەر جۆشی سەندووە.. لەپێناوی ئەوەدا بە(ئازادی بژین) و (بەزمانی خۆیان بخوێنن) و (بەو جۆرەی خۆیان پەسەندی دەکەن کاروباری خۆیان هەڵسووڕێنن) [12].

بێگومان ئەو سێ داخوازییە نابنە چیرۆك و هونەر.. وەلێ بەئاشکرا دیارە نووسەر دەقاودەق داخوازییێکانی نەتەوەکەی خۆی خستۆتەڕوو.. کەچی بەمەیش نەك هەر نابێتە چیرۆك و هونەر.. بەڵکو ئەو سێ داخوازییە لە ئاستی گەلێ دروشمیشدا نییە و لە قسە و باسێکی سادەی نێو خەڵکیش تێناپەڕێت.. کەچی نووسەر بەسەلیقەی وردی خۆی ئەو قسانەی لەنێو ڕووداوێکی خوێنەر هەژێنی بەتاموچێژدا پەخشکردۆتە و.. ئەو داخوازییانە ڕیخۆشکەری بونیادە هونەرییێکەین.. خانمێکی نازداری کۆرسیکایی (خاتو پۆلین).. بەبیانووی ئەوەی نهێنییێکی زۆر گرینگی لایە و دەیەوێت خودی خۆی بۆ کاپتن (مۆریس)ی سەرۆکی مەحکەمەی عورفی شاری (پاستیا)ی پایتەخت بدرکێنێ.. کاپتن لاوێکی هەڵەشەی فەڕەنساییە و.. لە کۆشکی (شەیتان)ی شارەکەدا دەژی.. هەر کە خاتو پۆلین بەو ناز و قەشەنگییەوە دەبینێ وڕدەبێت و.. پێکەوە دەست بەمەیخواردنەوە دەکەن.. دوای مەستبوونی کاپتن، خاتوون نامەییێکی دەداتێ.. ئەویش بەپەرۆشەوە خەریکی خوێندنەوەی دەبێت.. خاتوون ئەو کێردەی لەتوێی بەرگەکانیدا حەشاری دابوو دەیکات بەمۆرەغەی پشتیدا و.. چۆن هاتبوو.. هەرواش دەڕواتە دەرەوە.. بەمجۆرە تۆڵەی خۆشەویستەکەی دەسەنێتەوە.

لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ئەوجا دەزانین نهێنی ئەم ڕووداوە لە (خۆشەویستیدا) خەستدەبێتەوە.. واتا سیحری چیرۆکەکە لەو بەها مرۆڤایەتییە مەزنەدایە کە هەرگیز کۆتایی نایەت و مۆجیزەش دەخاتەوە.. نەك لەو دوو سێ ڕستەیەدا کە ئێمازەمان پێدا.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە



ئەگەر لێرەوە بچینە لای د. مارف خەزنەدار و چیرۆکی (بووکەشووشە) و.. بەدووی سیحری چیرۆکەکەدا عەودالبین.. ئەوا لە تابلۆییێکی نازداردا و لە کاتێکی چاوەڕواننەکراودا بووکەشووشەکان دەدۆزینەوە.

خەزنەدار لەم چیرۆکەیدا نەیویستووە بەتەنێ داستانە مەزنەکەی بەرگریکردن لە شاری (لێنینگراد) و نەهامەتی و سەرگەردانییێکانی خەڵکی ئەو شارەمان لە ساڵانی دووەمین جەنگی جیهانیدا بۆ بکاتە کارێکی ئەدەبی و بەس.. چونکە ئەوە زۆر باش دەزانێت ئەگەر بێتو ئەوە بکات ئەوا قەڵەمی مێژوونوسان دەتوانێت گشت ئەو شتانە تۆمار بکات کە تەنانەت خەیاڵ و ئەندێشەش لەچاو واقیعە تاڵەکەدا دەستەوسان دەبن.. بۆیێ گەرچی ناونیشانی چیرۆکەکە (بووکەشووشە)یە.. وەلێ خوێنەر تا دوا دێڕەکان هەر بەسەرهاتە جەرگبڕەکانی ئەو کیژۆڵەیە دەخوێنێتەوە کە لە سەرەتای جەنگدا لەدایکبووە و پاش کۆتاییهاتنی جەنگ بەچەند ساڵێك ئەوجا تەمەنی دەگاتە ئەوەی لە قوتابخانە وەربگیرێت و.. دواتریش کە دەگاتە پۆلی چوارەمی سەرەتایی دەڵێت:

"باوکم بووکە شووشەی بۆ هێنامە ماڵەوە.. بەڵێ بووکە شووشە.. بەڵام نەمدەزانی بووکەشووشە چییە! بۆچی دروستکراوە!" (13) ئیدی بووکەشووشەکە لەگەڵ خۆیدا دەباتە قوتابخانە، لەو ڕۆژەدا دەبینێ منداڵەکانی دیش هەموو بووکەشووشەیان پێیە.. چونکە پاش جەنگ بەچەندین ساڵ ئەوجا وڵات هاتۆتەوە سەرخۆی و سەری پەرژاوەتە سەر ئەوەی لە کارگەکاندا بووکەشووشە دروست بکەن و پێشکەشی ئەو منداڵانەی بکەن کە بەهۆی جەنگەوە لەو مافە سادە و جوانەی ژیانیان مەحرووم‌بن.

لایەنێکی جوانی دیکەی ئەم چیرۆکە ئەوەیە لە زاری کیژە سۆڤیێتییێکەوە کارەساتەکانی دەگێڕێتەوە کە گەورەبووە و لە باخچەییێکدا بەیێك دەگەن و ئەمەش تام و چێژێکی زێتر پێدەبەخشێت.. واتا گێڕانەوەی چیرۆکەکە لە ناوەوەیە نەك لەدەرەوە.

گەرچی خەزنەدار ڕاستەوخۆ مەبەستەکانی ئەم چیرۆکە بەڕەوشی کوردستانەوە گرێ نادات.. وەلێ ناڕاستەوخۆ و بەئیمازەی جوانی هونەرییانە مژدەی ئەوەمان پێدەدات نەتەوەکەی ئێمەش پاش بەرگری و خۆڕاگریی لەبەردەم دوژمن و سەرگەردانییێکاندا.. ئەوا ڕۆژی ئازادی و سەرفرازی لە ئێمەش هەڵدێت و ئەوسا منداڵەکانیشمان دەتوانن ژیانی منداڵێتی بەسەر بەرن و.. لەجێی یاریکردن بەبۆمب و فیشەکی نەتەقیو و مین.. بووکەشووشە لەئامێز بگرن.

خەزنەدار جارێکی دی لە چیرۆکی (ئێوە قارەمانن) (14)دا.. بەشێوەییێکی ڕاستەوخۆیش ئەم پێوەندییەی نێوان خەباتی کورد و تێکۆشانی سۆڤێتییێکان بۆ پاراستی نیشتمان دەردەبڕێت.. ئەویش لە کاتێکدا لەسەر شەرەفی پیرەژنێکی تێکۆشەری بیلۆڕووسیایی ئاهەنگ دەگێڕن.. کە لە دڕندانەترین شێوازی پەتپەتیپێکردنی نازییە ئەڵمانییێکان ڕزگاری بووە.. لەگەڵ ئەوەشدا پیرێژن (لەو بڕوایەدایە کە ئەڵمانییێکان هەموویان خراپ نین).

نووسەر کێشە نەتەوایەتییێکەی خۆشمان تێکەڵ بەو تێکۆشان و بەرەنگاریکردنە سەخت و قارەمانانەی ئەوان دەکات و.. پیرەژن بەڕاوییە کوردەکەی–خەزنەدار خۆیەتی و وەك کەسێتییێکی نێو چیرۆکەکە– (دەڵێت:

"–نەتەوەکەتان گەلێ بەختیارە.. چونکە بۆئەوە نەجەنگاوە زوڵم و زۆر لە خەڵك بکات و زەوی خەڵکی دی داگیر بکات.. بەڵکو لە خەباتدایە بۆ ئەوەی مافی خۆی وەرگرێت" (15).

هەر لەم لایەنەوە سەعید ناکامیش لە ڕۆمانی (ئاگری بن کا)(16)دا سەرجەم پاڵەوانەکان و ڕووداوەکان و لایەنە سیاسییێکانی کوردیش دەگوێزێتەوە وڵاتی (کەشمیر) و بەتایبەتی شاری (سەرینیگار) و.. بەتەواوی هەست دەکەین کە

چ ئەم و چ ئەوانی دیش بەگشتی ئەم فێڵە هونەرییە ناچارییەیان بۆ ئەوە بەکارهێناوە تاکو لەسانسۆر و لێپێچانەوەی دەسەڵات سەرفراز بن.. ناکام خۆی لەدەرەوەی ڕۆمانەکەدا ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و.. کەسێتییێکان زێتر هێمان بۆ حیزب و لایەنە کوردییە جەنگاوەرەکان و.. بەزۆری لەجێی ناوەکان بەپیتەکان ئیٚمارژەی پێداون.

بەڵام محەڕەم محەمەد ئەمین گەرچی لە چیرۆکی (مردووی زیندوو)[17]دا باس لە شارێکی ئەفسووناوی دەکات کە هەموو خەڵکەکە تێیدا مردوون.. چ ئەوانەی لاشەکانیان لە جادە و کۆڵانەکاندا فرێدراون و چ ئەوانەش کە بەسەریاندا هەنگاو دەنێن و دێن و دەچن و هەست بەبۆگەنی پیاو کاسکەری لاشەکان ناکەن.. وەلێ لە کۆتاییدا ڕیك و ڕاست ئەو ڕەوشە بەسەر ئەم دەڤەرەدا دەسەپێنێ و تەنانەت ئەوانەیش کە دێن و دەچن بەوەیان دادەنێت کە (مردوون و گلۆر کراونەتەوە) [18].. لێرەدا بەپێویستی دەزانم پەنجە بۆ ئەو سیحر و سەلیقە هونەرییە جوانەی محەڕەم ڕابکێشم کە چۆن توانیوێتی بەو دیمەنە خەیاڵاویە–ڕاستینانە خوێنەر کەمەندکێش و سەرسام بکات و خۆیشی لەنێو چیرۆکەکەوە وردەوردەو.. لە حوزووری دەروێشێکی زانا وبلیمەتدا لەگەڵماندا تا کۆتایی چیرۆکەکە بێت.. ئەو دەروێشەی لەو سەروبەندەی محەڕەم چیرۆکەکەی تێدا نووسیوە، لەشیعر و ئەدەبیاتی کوردیماندا هەردەم مایەی گاڵتەپێکردن و تانووتلێدان بوو.. کەچی ئەم کەسێتییێکی وای لێ بەرهەمهێناوە، نە هەر هەست بەنهێنییێکانی ژیان دەکات، بەڵکو بەشێوازە شکۆدار و توانجئامێزەکانی هانی میللەت دەدات ڕاپەڕن و ئەو ژیانە گەندەڵە ڕتکەنەوە و شۆڕش بەرپابکەن.

* * *

لەنێو چیرۆکنووسە نوێکاندا.. ئەنوەر محەمەد گەمەییێکی جوان و سەرنجڕاکێشی هونەریمان لە چیرۆکی (سەگدۆست)[19]دا لەگەڵدا دەکات.

کەسێتی یێکەم کەسێکی پەناهێندە نییە.. دوایئەوەی ئەندێشەی زۆری بەدەست مامەڵەکردنە بێمروەتانەکەی بەشێك لە ئەڵەمانییێکانەوە بینیوە کە بەرامبەر پەناهێندە ڕۆژهەڵاتییێکان کردوویانە –پێدەچێت بەشێکی زۆریان هێشتا مەستی بیروبڕوای نازیزم بن–.. لەبەرئەوەی ئەم کەسێتییەش هەر ئەڵمانییە.. بەڵام سەر ڕەشە و.. بەبیروبڕواییێکی مرۆڤدۆستانە پەروەردە بووە نەك بەتەنیا (سەگدۆست)انە.. ئیدی خۆی دەرناخات و خۆی دەخاتە پێستی پەناهێندەییێکەوە.. ئەمەیش لە کاتێکدا لەگەڵ خاتوونێکی ئەڵمانی لە گازینۆییێکدایە کە بەڕێکەوت مێزێکی بەتاڵ کۆیکردوونەتەوە.. ئەم فێڵە هونەرییەی چیرۆکنووس نەهەر لەمەدایە دوو کەسی ئەڵمانی بەرامبەر بەییێك داناوە.. بەڵکو بەشێوەییێك لە شێوەکان لەو گەمە مەزن و جوانەی (گۆگۆڵ) دەچێت کە لە شانۆیی (جەنابی موفەتیش)دا کردوێتی.. مەبەست لە دروستکردنی ئەو (چاوشارکێ) سەرسوڕهێنەر و لێکحالینەبوونە یێکلاییەیە کە دواجار لای خوێنەر ئاشکرا دەبێت.

ئەنوەر ئەو (هنری شۆڵتز)ە بەڕەچەڵەك ئەڵمانی و بەڕوخسار ڕۆژهەڵاتییە بەرامبەر ژنێکی ڕەگەزپەرستی ئەڵمانی ڕادەگرێت و.. دواجار وەك (مرۆڤ دۆستێکی) ئەڵمانی تا دەتوانێت ئازاری ئەو ژنە (ڕۆح قاوەییە) سەگدۆستە دەدات..

سەرەتا هەرکە ژنە لێیدەپرسێت:

(–لەمێژەوە لێرەن.. لەم ولاتەن؟)[20]

بەم پرسیارە دەروازەی مەبەست و بیر و ناوەڕۆکی چیرۆکەکە ئاواڵە دەبێت و.. مەبەستی ژنەکەش دەکەوێتەڕوو.

"ئافرەتەکە سەرنجێکی قژە ڕەش و ڕوخسارە گەنمڕەنگییەکەی ئەدا"[21]

ئیدی ئافرەتەکە کەمێك لەوە سەرسام دەبێت کە چۆن ئەم (سەر ڕەشە) هێندە لەبارەی بەخێوکردن و ڕاگرتن و چارەسەرکردنی سەگەوە دەزانێت.. وەڵێ هەتا دوایی هەر سوورە لەسەر ئەوەی (سەر ڕەش)ان چەندیش ڕووناکبیر و مرۆڤدۆست و تەنانەت سەگدۆستیش بن هەر سووك و بێبەهان.

لەم گەمەیەدا کاراکتەرەکان هیچیان (مەیموونی سپی ڕوخسار)ی ڕۆژهەڵاتی یان باشووری زەوی نین.. وەك هەردوو چیرۆکی (لە وڵاتی قارەماناندا) و (تۆڵەسەندن)ی برایم ئەحمەد کە ئەوانیش بەخوێن و گۆشت و ئێسك و هەست و نەست و خاك و نیشتمانەوە هی کوردنین.. تەنیا مەبەست و زمانە کوردییەکە دەیانکاتەوە بەموڵکی کورد.. ئەم چیرۆکەی ئەنوەریش تەنیا نووسەرەکەی نەبێت ئەوروپایی نییە و کوردە .. گرینگ ئەوەیە بەهیچ جۆرێکیش هەست بەوە ناکەین شوێنەواری دەستێوەردانی نووسەری پێوە بێت.. وەڵێ زۆر بەوریاییێوە تۆپەکەی هەڵداوەتە نێو قاچ و گۆڵی ئەوان خۆیان.. ئەوانێك کە لە نیوەی یێکەمی سەدەی بیستەمدا بەلێشاو پەڕاگەندەی وڵاتان بوون و.. بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان، پێشوازییێکی مرۆڤدۆستانەیان لێکرا.. کەچی (ڕۆحە قاوەییە)کەی نازیستەکان بەرامبەر پەناهێندەکان لە ئەڵمانیادا لە سووکایەتی پێکردن زێتر نەبووە.

وێڕای ئەمەش- بەپێچەوانەوە- ئەڵەمانگەلێك هەن کە بەگیانی مرۆڤپەروەرانە گۆشکراون.. کەمتازۆر لەو نێوەندەدا جێدەستیان دیارە و.. نە هەر لە چیرۆك و بواری ڕۆشنبیریدا بەڵکو لەنێو دەسەڵات و سەنتەری بڕیاریدانیشدا داکۆکی لە پەناهێندە دەکەن و.. چیرۆکنووسیش بەو چیرۆکە هونەرییە نازدار و قەشەنگە و چیرۆکێکی دیش، ئەم لایەنە گەش و ڕووناکەی ئەڵمانییێکانی بەپتەوی خستۆتە ڕوو.

ئەنوەر ئەمجارەیان لە چیرۆکی (سی و حەوت)[22]دا.. کەسێتییێکی کورد -کە شوفێری تاکسییە- بەدمەستێکی ئەڵمانی دەگەیەنێتەوە ماڵ.. ئەویش (ڤۆڵڤانگ زایەڵ)ە و.. بێگومان شوفێرەکە -نەك چیرۆکنووس- نازانێت ئەمە مەزنە درامانووسی ئەڵەمانیایە.. بەدەم ڕێوە ڤۆڵڤانگ کە دەزانێ ئەم، کوردە.. سەر دەلەقێنێ و پێیدەڵێت: (ئێوە بەدبەختترین گەلن)[23].. ئەوجا دەست دەخاتە سەر شانی شوفێرەکە و دەڵێت

(-هەڤاڵ! ئەی کورد! باوەڕبکە هیچ دژی بیانی نیم.. خۆیشم زۆر لە دەرەوە کارم کردووە.. ئەوانەی دژی بیانین، بێ زانیاری و کورتبینن.. زەوی و مرۆڤ تەواوکەری یێکترین.. سروشت بەرهەم دەدات..ئیتر ئاگای لە ڕەش و سپی و زەرد، جولەکە و ئیسلام و مەسیحی و ئەو شتانە نییە.. من باوەڕموایە لە هەرکوێ کار و نان هەبێت، با خەڵکی ڕووی تێبکەن.)[24]

ئیدی ئەمە دواساتەکانی ژیانی ئەو مرۆڤدۆستەیە.. کە (چیدی تواناى ژیانی نەماوە)[25] و.. دوایئەوەی دادەبەزێت و دەڕوات.. شوفێرەکە لە هەواڵە نێوخۆییێکانی ڕادیۆکەیەوە دەبیسێت: (ڤۆڵڤانگ زایاڵ) لە سی و حەوتەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونیدا لە نهۆمی حەوتەمی ئەپارتمانەکەیانەوە خۆی فڕێداوەتە خوارەوە و.. دیارە دەبێت چەپکە گوڵە پیرۆزباییێکانی لەتەك لاشەکەیدا بۆ بخەنە گۆڕەکەیەوە.

بەپێچەوانەی ئەمەشەوە..چیرۆکنووس لە چیرۆکی (گەرمای سووتێنەر)[26]دا.. بە زاری بگۆوە و لە ناوەوەی چیرۆکەکەوە گوزارە لە هەر سێ ئەندێشە سەرەکی و قووڵەکەی مرۆڤی پەناهێندە دەکات: (سووکایەتی) و (تەنیایی) و (کێشەی کارکردن).. کە هەرسێکیان لە بە(مەیموونی سپی) بوونیانەوەیە.. وەك: ڕەفتاری ناجۆر.. سەقەتیی زمان و

لێکدی تێنەگەیشتن و نا پرۆفیشناڵی لە کارکردندا.. کە کۆچبەر بە دڕندە و دز و تیرۆریست دەزانن: (هێندە فیلمی کوشتن و دزی و ماڵبڕین و فێڵ وکەڵەکە لە خەڵك کردن پیشاندەدرێت{ .....} سڵ لە زۆر کەس و <u>بەتایبەتی بیانی</u> دەکەنەوە) [27].. تەنیاییەکەیش پێوەندی ڕاستەوخۆی بە زمانەوەیە: (تەنیاییی کوژەریش ئەوەیە کەسێك لە بیر و قسەکانت تێنەگات) [28].. بەڵام کێشەی کارکردن و بەهۆی تەبیعەتی سەرمایەدارییەوە کە بەدووی هێزی کاری هەرزانتردا دەگەڕێت.. بەتایبەتی لەو کارانەدا کە پلەی یێکەم جەستەیین و پشت بە بیر زانست و پرۆفیشناڵ نابەستن.. ئەوا خەڵکانی پەڕاگەندە کێبەرکێی هاووڵاتییان دەکەن.. بۆیێ لەم ڕووەشەوە قینیان لێیانە: (من گەرەکمە کاربکەم.. کار نەماوە.. دەمەوێت نانێك بەتەنیا بخۆم بیانییێك نیوەیم لێدەسێنێت) [29].. بۆیێ سەرجەمی ئەمانە و ساردوسڕی هەندەران لە هەموو ڕوویێکەوە.. وا لە چیرۆکنووس دەکات پەرۆشی (هەتاوی سووتێنەر)ی نیشتمان بێت و باوەش و سۆزی دایکی وەبیر بێتەوە.

هەر ئەنوەر محەمەد جارێکی دی و لە چیرۆکی (تراوما) [30]دا.. لە بەردەم دوو کەسێتی دیکەدا ڕاماندەگرێت کە هیچیان مەیموونی سپی نین.. (پیتەر) ئەڵمانی پەککەوتەی جەنگی نازییەکان.. کاتی خۆی لە سوپای هێتلەردا ئامیرێکی سەربازیی بووە و.. ئێستەیش بەسواری عەرەبانە (گار)ێکەوە (دیمترۆط)ی ڕووس پاڵی پێوەدەنێت.. ئەو کەنەفتی سەرمای ساڵانی شەڕ و ئابڵووقەدانی شارەکانی وڵاتی سۆڤییێتە: (–لاوۆ!هەتا نهاش سەرمای وڵاتەکەت لە مۆخ و گیانمدایە) [31]

چیرۆکنووس لێرەشدا وێڕای ئەوەی تێکڕای چیرۆکەکەی لە خەونێکی هاوبەشی ئەو دوانە پێکهاتووە.. وەلێ زۆر واقیعیانەو زۆر بە قووڵی بە ناخیاندا ڕۆچووە.. بەتایبەتی ناخی ئەم پیاوە پەککەوتەیە کە لە ڕێی دیمترۆڤەوە هەموو هەڵسوکەوت و جووڵە و خولیا و شێوازی ئاخاوتن و باری دەروونی بەگشتی دەخاتەڕوو و شیدەکاتەوە و.. ئێماژە بەو فەزا نەخۆش و پەککەوتەیەی ئەو وڵاتە دەدات کە بەهۆی جەنگە چەپەڵەکانەوە..دەبێت لاوانی وڵات و تەنانەت پەناهێندە بەگوڕ و تواناکانیش –لەباتی بەرهەمهێنان– خەریکی چاودێری و خزمەتکردنی ئەوانەبن.

ڕەنگە بپرسن ئایا ئەمجۆرە چیرۆکانە چ پێوەندییێکیان بەئەدەبەکەمانەوە هەیە؟! یاخود چ پێوەندییێکیان بەکورد خۆیەوە هەیە؟ ئاخۆ جیاوازی ئاوەها چیرۆکێك لەگەڵ چیرۆکێکی بیانی بۆ کوردی وەرگێڕاودا چییە؟

ئەگەر چی ئەم پرسیارە ڕەوایانە وتووێژ و کێشمەکێشێکی زۆر دەورووژێنن و بەدووداچوونێکی زۆریشیان گەرەکە.. لێ هێندەی لێرەدا پێوەندیی بەبابەتەکەمانەوە هەبێت.. ئەوەی ناڕاستەوخۆیانە تەعبیر لە خولیا و ئەندێشەی کەسانێك دەکەن کە کورد لەناویاندا ڕێژەییێکی بەرچاویان هەیە و.. کورد و پەناهێندانی دییش لەو جۆرە وڵاتانەدا بەم دەردانەوە دەتلێنەوە و.. زێتریش لە ڕووی تێکشاندنی کەسێتی و پێشێلکردنی کەرامەت و مرۆڤێتیانەوەیە.. ئەمەیش نە هەر ئەنوەر محەمەد.. بەڵکو گەلێ چیرۆکنووسانی کوردی دیشمان ئاوڕیان لێداوەتەوە و.. لە درێژەی باسەکەماندا بەلایاندا گوزەر دەکەین.. هەروەك چۆن لەمەوبەر بەچەند نموونەییێك باسمان لە نیشاندانی ئەو نەهامەتییانە کرد کە بەسەر نەتەوەکەماندا هاتوون.. لە ڕیگەی نیشاندانی سەرگەردانی و ماڵوێرانی نەتەوەکانی دیکەوە.. کە لە زۆر ڕووەوە هاوردەردی و هاوسەرگەردانی کۆماندەکاتەوە.. هەروەها لە شێوازەکانی بەرگری و بەگژداچوونەوەشدا.. چ بەچەك و چ بەڕیبازی دیکە.. یاخود لە ڕووی ئەو ئومێد و هیوا ناوکۆیی و هاوبەشەی ئێمە و ئەوانیش بۆ ژیانێکی مرۆڤایەتییانەی پێشکەوتوو و پڕلە دادوەریی (کۆمەڵایەتی) دەیخوازین.

ئیدی لەو چیرۆکانەی پێشوودا و ئەوانەی لەمەودواش باسیان دەکەین هەستدەکەین چیرۆکنووس، یان ڕاوی کەمتازۆر لەنێو ڕووداوەکاندا بەشێوەیێکی ڕاستەوخۆ یان وەك (وەهمێك) یان وەك کێشەیێك و داخوازی و ئومێدێك ئامادەیە.. ئەم ئامادەبوونانە –سەرباری نووسین بەزمان و گوزارە کوردییێکەیان– بەچەندین تاوەدەزوو و ڕایەڵ پێمانەوە دەبەسترێنەوە.. لەمەیش واوەتر ئەو چیرۆکانەن کە کەسێتی سەرەکی تیایاندا یان بەتەنیا خۆی لە سەرتاسەری چیرۆکەکەدا، یان نیواونیوی کەسێتییێکان کوردن.

لە چیرۆکی (دادگەی گوڵ)ی (بەکر حەسەن)دا.. کەسێتی یێکەم و داینەمۆی چیرۆکەکە کوردە و.. وێڕای ئەو هەموو گوڵ و مەی و عیشقە ڕۆمانسییەی لە وڵاتی غەریبیدا بۆی ڕەخساوە.. کەچی بە هەناسەی ژەهراوی و تیلەی چاوی بوغزاوی پیرەژنە ئەڵمانییێکەی خاوەنماڵی گرمۆڵە و پەرێشان بووە.. چیرۆکنووس لە ناوەوەی چیرۆکەکەوە و وەك –بگۆ– ڕووداوەکان دەخاتەڕوو.. باس لە ناخی تژە کینە و ئاودامان نازیستی پیرەژن بەرامبەر ئەمی پەناهەندە دەکات.. بە پێچەوانەی چیرۆکی (ئێوە قارەمانن)ی د. خەزنەدار.. نووسەر ئاوا پیرەژن دەبینێت:

(تا سیٚ ڕۆژ لەمەوبەر وایدەزانی دیلێکی جوولەکەی کەوتۆتە بەردەست) (32)

کاتێکیش کە چەپکیٚ گوڵی بۆ دیاری بەدەستەوەیە و لەنیو نایلۆنی شەفاف پێچراوەتەوە وایدەبینیٚ:

(ئەگەر وا نەپێچرایەتەوە هەر زووبەزوو بە هەناسەی زبر و بوغزاویی پیرێژن شەهید دەبوون.. چونکە هەناسەی پیرێژن بەوە دەچوو هەناسەی هەموو فاشیستەکانی سەر ڕووی زەمینی لە خۆیدا کۆکردبێتەوە.. هەر لە هێتلەرەوە تا مۆسۆلۆنی و تا.... سەدام حوسێن.) (33)

دواتر هەر بە پیرەژنەکەوە ناوەستێت و هەموو ئەڵمانییێکانیشی بەلاوە هەر ئەوە:

(هێتلەرێك لە سەری هەموو ئەڵەمانییێکدا دەژی) (34)

کەچی هەر ئەم مەیموونە سپییەی بەکر حەسەن، لەنێو باخچەی گوڵەکاندا بە مەستی خۆی دەگەوزێنێت و گوڵ دەکاتە سەرین و قوم لە بوتڵە وێسکییێکەی دەستی دەدات (هەر قومێك لە وێسکییێکە و دوو گوڵ وەکو مەزەم دەکرد بەدەممدا) (35)

بەیانی زوو پۆلیس هەڵدەکوتێتە سەری و بەرەو دادگەی گوڵ ڕاپێچی دەکات و.. بە تاوانی وێرانکردنی باخچەیێك گوڵ.. کەچی وێڕای ئەو هەموو تانە و تەشەرەی لە ئەڵمانییێکان و ئەم تاوان و ڕەفتارە ناشارستانییەی خۆیشی.. کیژێکی نازداری ئەڵمانی پاکانەی بۆ دەکات و لە سزا قوتاری دەکات..

چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا ئێماژە بەوە دەدات کە جاربەجاریٚ (تا)ی غوربەت و تەنییایی دایدەگرێت و ئەو ڕەفتارە ناجۆرانەی لێدەوەشێتەوە.. وەلیٚ دواتر کە کیژە ئەڵمانییێکە دەبێتە خۆشەویست و دۆستی.. هەموو (تا) و غوربەتەکەی دەڕەوێتەوە.

بەهەرحاڵ چیرۆکنووس پاش ساڵێك چیرۆکێکی دی بەناوی (تای غوربەت)ەوە –نازانم ئەمەیانی دوای (دادگەی گوڵ) نووسیوە یان بەر لەو نووسیوێتی و وادەی بڵاوکردنەوەی دواکەوتووە!– بڵاودەکاتەوە .. لێرەدا گەرچی لە دەرەوەی چیرۆکەکەوە ڕاستەوخۆ موخاتەبەی کەسێتی یێکەم دەکات.. وەلیٚ لە بنەڕەتدا ئەمجۆرە شێواز –تەکنیك–ە بەزۆری بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت تا چیرۆکنووس خۆی لەپاڵ کەسێتی یێکەمدا بشارێتەوە.. واتا ناڕاستەوخۆ جێی

کەسێتی یێکەم دەگرێتەوە و.. شێوازی دوێنراو لەگەڵ شێوازی بگۆ-متکلم-دا لە هەموو ڕوویێکەوە -ڕێزمانی نەبێت- هەر یێکن.

لەم چیرۆکەدا لاوێکی 24 ساڵ دوایئەوەی دوو ڕۆژ یێکبینە (تای غوربەت).. وەك نەخۆشییێکیجەستەیی ڕاستینە دایدەگرێت..پلەی گەرمای لەشی بەرزدەبێتەوە و سەر و شان وملی ژاندەکات و هتد.. کە دێتەوە هۆش خۆی چاوی بە (دوو مەرگی ڕەنگاوڕەنگ) [36] دەکەوێت.. مەرگی ئەو دوو کەنارییەی لەو دوو ڕۆژەدا بێ دان و ئاو لەنێو قەفەزەکەیاندا فەرامۆشکراون.

چیرۆکنووس دەیەوێت بەراوردێکی ژیان و مەرگی ئەو دوو باڵندەیە لەتەك ژیان و گوزەرانی تەنیایی و مەرگی پێشبینیکراوی خۆی بکاتە هاوکێشەیێکی بابەتییانەی هونەری.. کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەمیش لەو ژوور -قەفەز-ەیدا و بەو تەنیاییە و بێئەوەی کەسیش پێیبزانێت، وەك هەر یێکێ لەم کەنارییانە ملی لاردەبێتەوە و.. کەسیش بەرامبەر بە مەرگی ئەم خۆی بە تاوانبار نازانێت.. وەلێ ئەم وێڕای ئەوەی خۆی بە تاوانبار دەزانێت، هەر لە ژوورەکەیدا بەجوانترین مەراسیم و لەنێو قەشەنگترین ئینجانە گوڵدا دەیاننێژێت.

من لەو باوەڕەدام کە ئەم دوو چیرۆکەی بەکر حەسەن لە بنەڕەتدا دوو کورتە ڕووداوی نێو ڕۆمانێکن.. یاخود هەر چیرۆکێکن و لەتکراون.. هەردوکیان پڕن لە گوڵ و خۆشەویستی و ڕۆمانسیێتی.. تاوان لە هەردوکیاندا کوشتنی جوانییە (گوڵ و کەناری).. تاوانی قەدەرکردە نەك خۆکرد و بەدەستی ئەنقەست.. لەژێر زەبر و کاریگەریی غوربەتدا ڕوودەدەن .

(ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)یش لە چیرۆکی (چاوەڕوانی)[37]دا.. بەجۆرێکی دی باسی پیرەژنێك و چەپکە گوڵەکەی دەکات.. وەلێ چیرۆکنووس لە دەرەوەی چیرۆکەکەوە و بەبێ ئامادەبوونی هیچ کاراکتەرێکی کورد.. ئەندێشەکانی ئەو دایکە پیرەژنە دەگێڕتەوە کە هەمیشە بەچەپکە گوڵەوە لە وێستگەیێکی شەمەندەفەری شاری (سۆفیا)دا لە چاوەڕوانی کوڕەکەیدا وەستاوە کە ساڵانێکی زوو لەوێدا ماڵئاوایی لێکردووە و بەرەو مەیدانی جەنگ بەڕێکەوتووە و تانها نەگەڕاوەتەوە.. ئەڵبەت نیشاندانی حاڵەتی دایکە جەرگسووتاوەکەی (سۆفیا) لە لایەن چیرۆکنووسەوە.. هەر بەمەستی نیشاندانی حاڵەتی دایکە جەرگسووتاوەکانی کورد و دەڤەرەکەیە کە ڕۆڵەکانیان بەرەو شاخ و نێو شۆڕش ماڵئاواییان لێکردوون و ڕۆیشتوون.. یاخود بەدەست جەندرمەکانی ڕژێمەکانەوە بەرەو دادگە و زیندانەکان براون و بەزەردەخەنەیێکی پڕلە سۆز و بێدەسەڵاتییەوە ماڵئاواییان لە دایك و باوك و خوشك و براکانیان کردووە و ئیدی نەگەڕاونەتەوە و.. دایکانیشیان ناتوانن ئومێدبڕاوبن و هەر چاوەچاویانە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەدیداریان شادبنەوە.. یان هیچ نەبێت تەرمەکانیان وەدەستکەوێتەوە.

بێگومان هێنانی دایکێکی ئەو وڵاتانە لەجێی دایکێکی ئێرە و.. ئەمجۆرە (چاوەڕوانی)یە کۆستکەوتوانەیە.. هەر لەبەر جەوری سانسۆرەکەیە.. کە چیرۆکنووسی ناچار کردووە بەم شێوازە هونەرییە دایکێکی کورد بەو هەست و نەست و ئەندێشە پڕلە ژان و سەرگەردانییەوە وەك تارمایی یان وەهمێك ئامادەبوونی پێببەخشێت.

لە چیرۆکی (ئەم و ئەو) [38]ی (ئەنوەر قادر ڕەشید)یشدا.. (ئەم) پەناهێندە کوردە (کە هەر خۆی ڕاوی و بگۆ و کەسێتی یێکەم- ئەم-ە).. لە ڕێی میدیا جیهانییێکانەوە هەواڵە جەرگبڕەکانی کوردستانی پێدەگات.. بەتایبەتی

کوڕەوە ملیۆنییێکەی بەهاری 1991 و.. هەست بەئازارێکی دەروونی سەخت دەکات و.. بڕیار دەدات لەو فیستڤاڵەی لە شارێکی ئەڵمانیادا بۆ کۆمەککردنی خەڵکی کوردستان سازدراوە، بەشداریی بکات.

هەر لێرەدا نووسەر ئەندێشەکانی دایکێکی ئەڵەمانیایی دەخاتەڕوو کە کوڕەکەی دوایئەوەی لە ژیانیدا دژی گەندەڵییێکانی سەرمایەداری خەباتی کردووە.. هەرلە شەڕی سەرمایەدارانیشدا ڕەوانەی مەیدانی جەنگ کراوە و بەکوشت دراوە.

لە ڕاستیدا ئەگەرچی پێوەندیی نێوان ئەو دوو کارەساتە بە ڕووکەش زۆر قرچۆك و دوور لە یێکدی خۆ دەنوێنن.. وەلێ تۆ بڵێی بشێت ئەو پەناهێندە دڵسۆزە لە جێی دایکەکە و خەڵکی پەڕاگەندەی شاخ و کێووی پڕ لە مین و برسێتی و تۆپبارانی دوژمنیش لە دوایانەوە کە مەرگەساتێکی ڕاستینەبوو.. ئەمانەیش هەمووی لە جێی کوڕە کوژراوەکەی دابنرێت!؟

بەڵام (کاروان عومەر کاکەسوور) لە چیرۆکی (ماسی) [39] دا.. بابەتێکی هەستوروژێن لەڕێی کچە کۆچبەرێکی کوردەوە دەخاتەڕو.. کاتێ لە هەندەرانەوە نامەیێك بۆ دایکی لە کوردستان دەنێرێت.. ئەم ئەدرەسە دەنووسێت:

{کوردستان– هەولێر– قەلا– خانووی ژمارە 8 بگات بەدەستی دایکی خۆشەویستم نەجیبە حەسەن} [40]

وەك کەسێتییە منداڵەکەی چیرۆکەکەی چێخەف کە خەم و ئازارەکانی لە نامەیێکدا بۆ باپیری دەنووسێت و لەسەر زەرفەکە دەنووسێت (بۆ باپیرەم).. منداڵەکەی چێخەف وادەزانێ وەك چۆن خۆی باپیرەی دەناسێت هەموو دنیاش وا دەیناسێت.. گەرچی بەرائەتێکی زۆر لەمەدا هەیە.. وەلێ نامەی کچە کوردەکەیش هەروا دەکەوێتەوە و وادەزانێ وەك هەموو وڵاتێکی دی ناونیشانێکی وا لە پۆستەی هەموو دنیادا هەیە.. بیگومان نامەکە ناگات چونکە ئەو ڕۆژگارەی چیرۆکەکەی تێدا نوسراوە ئەو ناونیشانە لە پۆستەی جیهاندا نەبوو.. لەمەشدا چیرۆکنووس بە زمانێکی ئەدەبی پرۆتیستۆییێك بەرەوڕووی مرۆڤایەتی لەمەڕ مەزلوومێتی دەکاتەوە و.. ئەم چیرۆکە تەنیا بۆ ئەو ڕۆژگارە بڕیدەکرد و دەژیا.. وەلێ نها نەهەر ئەدرەسمان هەیە.. بەڵکو دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیشمان هەیە!

بیر و سیمای نیشتمانی داییك لە غەریبیدا فەزای زوربەی چیرۆکەکانی داپۆشیوە.. چیرۆکنووسانی هەندەران لە زیکر و فیکری شار و گوندەکانی خۆیان بە هەموو پۆخڵەوات و پاشڤەڕۆییێکەوە غافڵ نابن و تەنانەت گوندەکەیان بەلاوە –وەکو ڕەمز– هەموو کوردستانە.. سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم لە ئەڵمانیا دوو (ڕۆمان)ی بۆ خانەقین نووسیوە.. یێکەمیان بەناوی ڕوبارەکەوە (ئەڵوەن و ئەمبەر و ئەوبەر) [41] و دووەمیان بەنێوی چیاکەوە (گومانە یاخییێکانی کەلات) [42] کە هەردوکیان بیرەوەری و سەرهات و ڕووداوی جۆراوجۆری سەیر و سەمەرەی ڕۆژگارێکن کە نووسەر بە هەموو هەست و نەستێکییێوە تێیاندا ژیاوە و بوونەتە بەشێك لە وجودی و خولیا و سۆزێکی نۆستالیژیانەی تێدا چاندووە.. چیرۆکنووس وێڕای هەندێ بەراوردکاریی لە نیوان ئەو دوو شارستانیەتەدا.. کە لە ڕاستیدا هەرییێکەیان بەجۆرێك بۆی بوونەتە مایەی عەزاب و ناخۆشی و لە هیچیاندا مرۆڤ ئاسوودە نییە.. لەولای مۆدێرنیتە مرۆڤ بۆتە ڕۆبۆت.. (ڕۆژباش‌و بەخێر بچنەکەیان ئەڵێی تۆمار کراوە) [43] و.. مێژووی مۆدێرنیزمەکەشیان خڵتانی خوێنی بنبڕکردن و قەلاچۆکردنی نەتەوە و ڕەگەزە سەرەتاییێکانی سەر بە جیهانی سێیەمە:(خوێنی مرۆڤی ڕەش‌و سپی لەنێوان پەنجەکانیاندا چکە دەکات) [44]

لەملایشەوە دەسەڵاندارانی کورد بەلایەوە:

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە



(درۆزنن خوێنرێژن جاشن نۆکەرن..هتد) [45] ولاتیش لەسایەی و (شەوە–بەعسی)یەکاندا: (وەتەن ئاودەستخانەبوو)... [46] مێژووەکەیشی لە زەلکاوی گەوجێتیشدا مێژووی خوێنڕشتنە: (نازانم کام سمێڵ زلی تەرەس بەناوی منەوە ئازەریی کوشتووە.. کە ناوی (ئەرمەن) دێت هەست بەسەرشۆڕی دەکەم (....) حاشایان لێدەکەم من ئازەرو ئەرمەنە سەربڕراوەکانم) [47]

وێڕای گشت ئەمانەیش چ ئەڵوەن و چ ئەڵمانیاش هەریەکەیان بەلای ئەوانەی لێیانەوە دوورن تام و بۆ و جوانیی خۆی خۆی هەیە: (من خۆزگە بەوێ دەخوازم‌و ئەویش بۆ ئێرە هاتووە..) [48]

چونکە خەڵکی شار (خانەقین)ەکەی هەموو پیاوخراپ نین: (یا زۆر باشن یان سەگ کوڕی سەگن.. ناوەڕاستیان نییە) [49].

لە هەردوو ڕۆمانەکەدا کەسێتی یەکەم کوردەو لەناوەوەی ڕۆمانەکانەوە دەئاخڤێ و ئاگاداری متمانەپێکراوی ڕووداو و بیرەوەرییەکانە و.. لەولا (لە هەندەران) نموونەی هیچ کەسێتییەکی بیانی باس نەکردووە.. لێ لە خانەقینی نیشتماندا چەندین کەسێتی عەرەب و ئنگلیز و فارس و ئەرمەنی و ئاسووریی‌و کلدانی‌و جوولەکەو سوببی‌و تورکمان‌و چیکۆسلۆڤاکی و.. هتدی باسکردووە.

لە یەکێك لەو چیرۆکانەی کە دەتوانین بڵێین کاراکتەرە سەرەکییەکان تێیدا نیواونیو کورد و هەندەرانین.. چیرۆکی (لۆزان) [50]ی شێرزاد حەسەنە.

کەسێتی یەکەم کەوا هەست دەکرێت چەند خەسڵەتێکی چیرۆکنووس خۆیشی تێدا بێت –ئەگەر بۆ چەند ساتە وەختێکیش بێت– هەندێ لە بیر و بۆچوون و ڕەفتار و حاڵەتە دەروونییەکانی بەو کەسێتییە دەبەخشێت و.. ئەمەیش لەنێو دنیای هونەری چیرۆکنووسیندا کارێکی زۆر ئاساییە و تەنانەت پێویستیشە.. شێرزاد سەرەتا و تا نزیکی کۆتایی چیرۆکەکە بەزاری کەسێتی سێیەمی تاکەوە باس لەو هەڵچوونە هێسترياييەی کوردەکە دەکات کە لەبەرامبەر خاتوونە سویسرایییەکەدا تووشی دەبێت.. واتە ڕاوی لە دەرەوەی چیرۆکەکەدایە و هەر لەوێشەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.. بەڵام لە یێکدوو لاپەڕەی بەرلە کۆتایی چیرۆکەکەدا و بۆ چەند ساتێك دەچێتە ناو چیرۆکەکەوە و لەگەڵ (لاس)ی کەسێتی یەکەم یان کەسێتی (بگۆ)دا ئاوێتە دەبێت.

"باشتر وایە کەسم لێ تێنەگات.. نیوەشەو کە چۆڵیان کرد تکا لە مەیگێڕەکان دەکەم سەیرم کەن و نەترسن (تا..) جوامێرانە بەشۆفێرێکی مەست و کەللە کاسی نیوە شەوم دەسپێرن" [51].

ئەم کوردە هیچ سیفەتێکی ئاوارەیی و پەناهەندەیی تێدا بەدی ناکرێت.. لەتەك خاتوونە سویسرایییەکەدا پێکەوە بەزمانی فەرەنسیی فەلسەفە دەخوێنن.. چونکە ئەو زمانە زمانی ناوکۆییانە و لەو بڕوایەدام لە زمانی ئینگلیزیش بۆ دەربڕینی ئیدیۆم و واتا فەلسەفییە قووڵەکان لەبارترە.. واتا هەردووکیان دەسەڵاتی تەواویان بەسەر زمانە ناوکۆییەکەیاندا دەشکێ و لە یێکدیش دەگەن.. بۆیێ دەتوانن گوزارە لەو هەموو خەون و خەیاڵ و خولیا و ئەندێشە قووڵ و هزرییە پەتیانە بکەن کە چەندێك پەیوەندییان بەفەلسەفەوە هەیە هێندە زێتر پێوەندییان بەباری دەروونییەوە هەیە:

"بەڵام ئێمەمانان ناتوانین تام لە هیچ جوانییێك بکەین گەر بەخەم و خەفەتەوە لوول نەدرابێ (...) خەم لەگەڵ شیری دایکمان دەڕژێتە خوێنمانەوە (...) من زۆرجار وا هەست دەکەم ئەو نووزە و ناڵینەی داییکم لە ڕۆحمدا جێگیرە......" (52)

هەروەها:

"فلۆبێر لەو دیو مەرگەوە نەیتوانیوە جوانی ببینێ" (53)

بەهەرحاڵ.. لەم خاڵەدا تەنیا مەبەستێکم هەبوو بۆیێ هێندە جەختم لەسەر کرد.. ئەویش ئەوەیە گەرچی چیرۆکنووس توانیوێتی قەناعەتی تەواومان بەوە پێبکات کە ئەم دوانە و بەتایبەتی کەسێتییە کوردەکە هیچ گرفتێکی زمانی نییە و دەتوانێت چوون کەسێکی فەرەنسایی تەفاهوم بکات.. وەلێ تانها و لەسەرتاپای ئەو چیرۆکانەی بۆ ئەم باسە لەبەردەستمدان تووشی کەسێتییێکی هێندە شپرزە و پەرێشان و بەرباد نەبووم.. کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسێتییانە و بەپلەی یێکەم کێشەی زمان نەزانین دووچاری حاڵەتی لەخۆ نامۆبوون و تای غوربەتی کردوون.. کەچی ئەم کوردەی چیرۆکی (لۆزان) لەنێو گرێیێکی دەروونی سەخت و بنجداکوتراوی دیکەدا گینگڵ دەدات کە نەپێوەندی بەنامۆبوونی زمان و بیرکردنەوە و گوزارەکردنەوە هەیە و، نە بەفیکر و فەلسەفەشەوە.. بەڵکو گرێ دەروونییێکەی بەقووڵایی مێژوودا ڕۆچووە.. ئەویش پارچەپارچەیی نیشتمان و نەتەوەکەیەتی و.. هێندەش بۆ خاتوونەکەی دووبارە دەکاتەوە تا بەجارێ بێزاری دەکات..

واتا هەر لەسەرەتاوە خوێنەر هەست دەکات بەرامبەر کەسێتییێکی بێ فیکر و فەلسەفە و لۆژیك و تەنانەت قێزەون و بێزارکەریش بۆتەوە.. کەسێتییێك هیچ شەفافییەتێکی نە ئینسانی ڕۆژهەڵاتی و نە ئەورووپایی پێوە دیار نییە و.. لەمەش واوەتر ئیستەرەم لەسەر گواستنە و سەپاندنی ئەو دەروونە وێران و هەپروون بەهەپروونەی خۆی دەکات بۆ نێو ئەو شەفافییەتەی ئەوروپا.. بۆ ناخ و دەروونی نازدارێکی وەك خاتوو (لۆزان).. ئەحمەقێتی ئەم کەسێتییە کوردە (لاس) دەگاتە پلەیێك خاتوو لۆزان والێدەکات خۆی بەتاوانبار –نەك نازدار و عاشق– بزانێت.. تەنیا لەبەرئەوەی ناوی (لۆزان)ە و.. لۆزانیش بەلای (لاس)ەوە هەر بەتەنێ ناوی کیژێك و ناوی شارێکی سەروو سویسرا نییە.. بەڵکو لۆزان Lausanne پەیماننامەیێکی شوومی مێژوویە و ڕیککەوتنی تورکیا و هاوپەیمانانی ساڵی 1923یە بۆ پووچەڵکردنەوەی پەیمانی (سیڤەر Severes) و جارێکی دی لەتۆپەتکردنی نیشتمانەکەی بوو.

سیڤەر شارێکە لە دەوروبەری (پاریس).. ئەم شارە لەپاڵ شانۆی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەدایە.. نزیکە لێیانەوە بەپێی بارە دەروونییە نەخۆشەکەی (لاس)، خاتو (لۆزان) ئێستە هاتۆتە سەر خاکی (سیڤەر) و وا هەستدەکات لەسەر ئەرزی ئەم واقیعە وا خەریکە زوڵمە مێژووییێکە جارێکی دی و بەجۆرێکی دی خۆی دووبارە دەکاتەوە.. ئەوەتا لۆزانی شەنگ لەسەر خاکی (سیڤەر) دەخوازێت (لاس)ی کورد داگیر بکا و بیکاتە هاوسەری خۆی.. سەرنبجەدەرە ئەم دیالۆگەی لۆزان خان:

"ئەو کچە عەرەبەی بەشی فەلسەفە.. قاوەی بۆ گرتمەوە.. پێیوتم: تۆ شوو بەغەریبێك دەکەی" (54).

لاس چەندێك بەپەیماننامەی لۆزانی 1923 وە گینگڵ دەدات هێندەش –وەك کوردێکی پەراوێزخراوی جیهانی سێیەم– بەئەتواری سەربەستانەی (ئێستە)ی (خاتو لۆزان)یش –وەك مێیینەیێکی ئەوروپایی و لە ڕووی سێکسەوە کراوە و شەفاف– قەڵسە.

خاتوون ئامادەیە تەنانەت ناوی خۆیشی بۆ هەر ناوێکی دی (ئەگەر کوردییش بێت) بگۆڕێ.. وەلێ دەردی بێدەرمان و کوشندەی (لاس) زۆر لەوە زێتر تەشەنەی کردووە و.. گەیشتۆتە ئەو ئاستەی تەنانەت خودی خۆیشی بە(هیچ و خەسێنراو) بێتە بەرچاو.. چونکە سیحری ناوی (لۆزان) لەنێو خانە نائاگاکانی مێشکییەوە- نەست- لەئان و ساتی دەستەملانێ و پرۆسەی سێکسدا بازدەداتە نێو خانە بەئاگاکانی بیر و هۆش -هەست-.. لە نەستەوە بۆ هەست و سەرجەم ئارەزوو و ئەندامە نێرینەییێکانی لەگۆ دەخات.

(لاس).. ئەم کەسێتییە عوسابییە.. یان ئەم کەسێتییە پەرکەماوییە لەوە دەردەچێت تەنیا مرۆڤێکی وێران بێت و بەس.. بەڵکو بەخوێن و گۆشت و ئێسکیشەوە چۆتە بۆتەی نەتەوە و خاکەوە.. یاخود بەپێچەوانەوە.. خاك و نەتەوە و.. هەروەها مێژووی کەنەفت و ئفلیج و بوودەڵەی نەتەوەکەی بوونەتە ئەڵتەرناتیڤی جەستە و هەستیشیی.. بۆیێ لۆزان خان ناچارە دواتیری خۆی بەو هەست و جەستە بێزەون و هەلاهەلابوو و خەساوە دیرۆکەییەوە بنێ و پێیبڵێ: "-گوێبگرە! من ئەمشەو ڕەنگە بەکووچە و کۆڵان و مەیخانەکاندا بگەڕێم تا پیاوێك بدۆزمەوە.. بۆ ژوورەکەم ڕایپێچم.. بەڵام پیاوێك یێکپارچە بێ.. نەك چوار پارچە"[55].

وەك دەردەکەوێت حاڵەتەکەی (لاس) گەیشتۆتە قۆناغێکی مەترسیداری نەخۆشی (عوساب).. ئەمەیش هیچ پێوەندییێکی بەدەسەڵاتی باوان (دایك و باوك)ەوە نییە.. بەڵکو دەسەڵاتی داگیرکەر بەوپەڕی زەبروزەنگییەوە نەهەر لە بەدیهێنانی سەربەستیدا نوشستی پێهێناوە.. بەڵکو هەلاهەلایکردووە و دواجاریش زۆر بەسەختی کۆنترۆڵی ئارەزووە سێکسییێکانیشی کردووە.

لەڕاستیدا من ناتوانم لێرەدا بەتەنیا ڕستەیێك ناوی چەند چیرۆکێك ڕیز بکەم و بڵێم کەسێتییە (لاس ئاساییێکانی) نێو ئەم چیرۆکانە بەهەمان دەردی چیرۆکی (لۆزان) چوون و.. گشتییان وەبەر زەبروزەنگ و، ڕەنگدانەوەی زەبروزەنگی گوزەرانی هەندەران و حاڵەتەکانی نامۆبوون کەوتوون.. چ وەك جێگە و ڕیگە و چ وەك زمانی (ئاخاوتن) و چ وەك وێرانە خاکیی و وێرانە نەتەوەیی.. چ بەدەست داگیرکەری بێگانە و چ بەدەست ئیدارە کوردییێکان و شەڕە میللەت کوژییێکانیانەوە.. تووشی حاڵەتی (ئیحبات) یا (عوصاب) بوون و.. تەواو.. نا.. من چیرۆکی ئاوها شك نابەم.. مەگەر (باویل)ی نیو ڕۆمانی (سەفەری مردووەکان)ی (کاروان عەبدوڵا) تا ڕادەیێك و لە بوارێکی دیکەدا شان لە شانی (لاس) بدات.. کە لە درێژەی باسەکەمدا دەگەڕێمەوە سەری.. ئیدی ئەگەر چیرۆکی (لۆزان) لوتکەی داڕمان و وێرانبوونی (مەیمونە سپییێکان)ی هەندەران بێت و.. بەوپەڕی تۆخییەوە کاریگەریی مێژوویی بەسەرەوە بێت.. ئەوا ئەو چیرۆکانەی دی هیچیان هێندە زێدەڕۆییان لە ئەندێشەی کەسێتییێکانیاندا پێوە دیار نییە.. بەڵکو تەنانەت لە چەندین چیرۆکدا بەپێچەوانەی (لاس)ی خەساوەوەن و.. نووسەرانی ئەو چیرۆکانەش یاخود زێدەڕۆیی لە فتووحاتە سێکسییێکانی مەیموونە سپییێکانیاندا دەکەن.. یاخود سەوداسەر و تینووی ئامێزێکی پڕلە عیشق و سۆزی وەك ئامێزی (خاتو لۆزان)ن..

بێگومان کێشەی سێکس لە ڕۆژهەڵاتدا بەگشتی هەر بەتەنێ لایەنە کۆمەڵایەتییە بەناموسپەرستی و عەیبە و ئەخلاق زەڕکەفتدراوەکە نییە.. هەمدیسان هەر لایەنە ئایینییێکەیش نییە.. بەڵکو -هەروەکو زۆرجار بەنوکتەش باس دەکرێت- نەبوونی جێگەی شایستە و.. جێژوانە.. کە لە خۆرئاوادا نە ئەوییان و نە ئەمیشیان کێشەیێك نین.. لەوی هەموو جێگەیێك بۆ عیشق و سێکس لەبارە و دەشێ.. وەلێ ئێرە جێگەی لەبار زۆر دەگمەنە.. ئەوانەی جێگە و ڕیگەی

لەباریان بۆ سێکس هەیە کێشەی دیکەیان نییە.. بەتایبەتی دەسەڵاتداران.. کە نەك بەتەنیا بەحوکمی دەسەڵات و سامان هەموو بوارێکیان بۆ ڕەخساوە.. بەڵکو زۆر بەئاسایی وا بیردەکەنەوە کە هەرچی کچ و ژنی خەڵکیش هەیە – وەك مافێکی ڕەوای خۆیان– دەبێت هەر کاتێ هەر کامێکیان بوێ و ئارەزووی بکەن لەبەر دەستیاندا بێت.. وەك چۆن هەر کەسێکیشیان بەدڵ نەبێت یان ملیان بۆ نەدات بەمافێکی ڕەوای خۆیانی دەزانن بیکوژن.

ئیدی بۆ غەیری ئەو دەسەڵاتدارانە جگە لە زەواجی شەرعی هەموو پرۆسەیێکی خۆشەویستی و سێکس حەرام و بێنامووسییە و.. دەبێت بەر نەفرەتی عورف و مەزەب و ئایین و خێزان بکەوێت و.. ڕیسوای نێو کۆمەڵیش بێت..

کەواتە بۆ کەسانی ئاسایی (ترس)ێکی کوشندە بۆ هەموو تێکەڵاوبوونێکی هەردوو ڕەگەزەکە لە سەنگەردایە.. لە زەین و مێشك مێشکۆڵەشدایە– چجای دەوروبەر–.

لە چەندین چیرۆکی خۆماڵیدا بەزەقی هەست بەئامادەبوونی ئەو ترسە دەکەین و.. هەر ئەمەیشە وای لە چیرۆکە کوردییە بەراییێکانمان کردووە پرۆسەی سێکس تێیاندا نەبێت، یان بەدەگمەن توخنی ئەو بابەتە بکەون وەك لای مەم و قزڵجی و حسێن عارف و بلە و خەزنەدار و بۆتانی و هتد..دا هەستی پێدەکەین.. یاخود خۆشەویستییە زاهیدییە دوور لە جەستەکان زاڵدەبێت و بەرەو حاڵەتی تەسەوف دەچێت وەك لە شاکاری (مەم و زین)ی خانیدا.. وەیان حاڵەتە ناسروشتی و نەخۆشییاوییێکانی سێکس کە زێتر دوای ئازاری 1970 تەشەنەیکرد.. ئیدی لێرەوە هەر کە شانۆی سێکس و خۆشەویستی بۆ خۆرئاوا دەگوازرێتەوە.. یێکسەر سێکس بەڕەهایی دێتە ئاراوە و تەنانەت لە زۆر حاڵەتیشدا دەبێتە سەرەتا بۆ خۆشەویستی.. کە ئاکامی تینوێتیی و مەحرووموێتیی و ئەو ئازادییە کتوپڕەیە کە لەوێ بۆی ڕەخساوە.. ئەگەر نا دەبێت خۆشەویستی سەرەتای سێکس بێت و ئەمەیش مودەتێکی کەمتازۆری گەرەکە بۆ لێکدی حاڵیبوون .. ئەمەیش لە چیرۆکەکانی جەزا چنگیانیدا بەگەلێ ڕەهەند و شێوازی جیاجیا ڕەنگیداوەتەوە.

چنگیانی لە چیرۆکی (ترس)[56]دا باس لەو دزە ماچ و سێکسە پەردە پۆش و تژە دڵەڕاوکێیانەی وڵاتی خۆی ناکات.. بەڵکو لە کەش و هەواییێکی ئازاد و.. نەوای موزیك و نەشئەی بادەوە لەباوەشی دڵدارە چاوشین و قژ زەردە ئەوروپاییێکەیدا باس لە (ترس) و دڵەڕاوکێییێکی دی دەکات.. کە نە خەمی نیشتمان و نە ترسی عوسابی نەتەوەییە.. بەڵکو ترسی کیژەکە لەوەی نەك ئەم هەموو لێشاوە سێکس و خۆشەویستییەی کەسێتییە کوردەکەی نێو چیرۆکەکە کورتخایەن و ساتەوەخیی بێت و لەلایەن کوڕە دڵدارەکەیەوە (کە لاوێکی کوردە و کەسێتی یێکەم– بگۆ–ی چیرۆکەکەیە) بەو هەموو کەفوکوڵەوە ڕۆژێ لە ڕۆژان جێی بێلێت و.. لەکاتی سەردانەوەییێکیدا بۆ کوردستان کچە کوردێك مارە بکات و دەستی لێهەڵگرێت.. چونکە ئەمجۆرە ڕەفتارە لەنێو پەناهێندەکاندا باوە و هەمیشە بۆ ئەم مەبەستە دەگەڕێنەوە نیشتمان (ئێمە دەگەڕێینەوە تا بەپێی مەرجەکانمان ئەو ئافرەتە گوێڕایەڵە.. بێدەنگە.. بە هەمووشت ڕازیبووە بدۆزینەوە کە لە بارودۆخی ئێرە –ئەوروپا–دا نییە)[57] هەر لەبەر ئەمەیشە ئافرەتەکە پێیدەڵێت:

"–لێمببورە ئەگەر بڵێم زۆر لە هاوڕێکانت، ماچی قەڵب و شیعری فشە و باوەشی درۆیان بەکچە ئەڵمانی بەهەڕاج فرۆشتووە.. دوای چەند ساڵێك پێکەوەبوون و ڕۆمانە خۆشەویستی، کە گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان کچە کوردێکیان کرد بەهاوسەر و شەقێکیان لە هەموو مێژوو و ڕۆمان و خۆشەویستیی هەڵدا.. ئەمە کۆستی گەورەی منە.. زۆر دەترسم [58].

بەڵام کوڕە کوردەکە پەیمانی دەداتێ کە هەر ئەو تاکانە خۆشەویستەکەیەتی و چوون مەیمونە سپێکانی هاوڕێی دەستبڕ و بێوەفا نابێت.

کەچی هەر چنگیانی لە چیرۆکی (یێکەم ماچ) [59]دا.. لەگەڵ شۆخێکی ئەوروپایی نازدار و شیریندا، یێکەمین ماچی (شیرین)ەکەی کوردستانی دێتەوەیاد.. گەرچی پێوەندیی لەگەڵ ئەمیاندا بەوپەڕی ئازادییەوەیە و، لەگەڵ ئەویاندا پڕبووە لە دڵەخورپێ و ترس.. دیارە هەر یێکەیان جۆرە چێژێکی تایبەتییان هەیە.. بەتایبەتیش یێکەمین ماچی لاوێك لە ژیانیدا کاریگەریی و ڕۆمانسییەتێکی ناوازە و تەنانەت نۆستالژیانەشی لە هەناو و یادگاریدا جێدەهێڵێت و.. لە ژیانی غەریبیدا هێندەی دی کاریگەر و بەجۆشتر دەبێت.. بەجۆرێك ئەو ژیانە جەنجاڵ و پەرتەوازەیەی ئەوروپا.. ئەمجۆرە ئەزموون و پرۆسە ورد و جوان و نازدارانە دەکاتە بەشێك لە پێکهاتە و توێشوی ژیانە نوێکەی.. ڕەنگە پاکی و خاوێنی گەڵێ ماچی خۆرهەڵاتیانە .. تەشەنە بەو هەستە نۆستالژیائامێزانە لای پەڕاگەندەکانی ئەوروپا بدات.. کە لەوێ بەدەگمەن ماچ و سێکسی دوور لە بەرژەوەندی (بەتایبەتی ئابوری) دەست مەیمونێکی سپی دەکەوێت..

ئەڵبەت هەر یێکێ لەم مەیموونە سپیانە بەر لە کۆچەکەی بەرەو ئەوروپا –بەپێچەوانەوە– بیری لەوە کردبێتەوە و.. تەنانەت لەوەیش بێگومان بووبێت هەر گەیشتە ئەوێ.. ئیدی وەك دۆن جوانێك لەوێ لەنێوگەڵی ژنانێکدا لەنگەر دەخات کە تینوی سێکس و شەیدای نێرینەی ئەسمەری خۆرهەڵاتین.. وەڵێ کاتێك بەخۆی دەزانێت پرۆسەی سێکسی، یاخود سۆز و خۆشەویستی فریودەرانە و .. تەنانەت دانیشتنێکی ساتەوەختینەی نێو گازینۆیێك و هەڵدانی دوپێك لەگەڵ ژنێکیاندا (ئەگەر هەر کام لەمانە دەست پەناهێندە بکەون) ئەوا بۆ هەر حاڵەتێکیان نرخی خۆیان و بەدراو بۆ دەستنیشان کراوە.. (لە ئەوروپا خۆشەویستیش وەك هەموو کەلوپەلێکی تر دەفرۆشرێت و دەکڕرێ) [60].. بەتایبەتیش دوای ڕاپەڕینی بەهاری1991ی کوردوستانی عیراق و.. دوای ئینقلابی ئیسلامی لە ئێراندا و دوای ڕووخانی کۆمارەکەی نەجیبوڕڕەحمانی ئەفغانستان و دارمانی بەهای دراوی نیشتمانی لەم ولاّتانە و لە گەڵێ ولاّتانی کیشوەری ئەفەریقادا وەك سۆماڵ و سودان و میسر، لەچاو دراوی گرانبەها (دولاّر و جونەیە و مارك)دا.

ئەم حاڵەتە ڕیك بەپێچەوانەوەی جارانەوەیە کە ئەوسا خەڵکی گەڵێ لەم ولاّتانە بۆ گەشت و گوزار و بازرگانیی ڕوویاندەکردە ئەوروپا و.. هەر هیچ نەبێت لەبەر خاتری دراوە گرانبەهاکانی باخەڵیان ڕیزیان دەگیرا.. گەرچی ئەوسایش هەر بەمەیموونە سپیێکانیان دادەنان.. لێ کەرامەتیان پارێزراو بوو.. دووریش نەبوو ببنە مایەی سەرنجڕاکێشانی –یان بایێخپێدانی_ ئافرەتانی ئەوێ.. کەمتازۆریش لێکتێگەیشتن لە نیوانیاندا دروستدەبوو و چێژی تایبەتیان لەو بایێخپێدانە لەڕابەدەرەی گەشتیاران بەهەموو جوڵەیەکیان دەبینی.. کە پیاوانی سارد و سڕی خۆیان لەمجۆرە بایێخپێدانە مەحروومیان کردوون.. هەر ئەمەیشە وای لە زوربەی ژنانی ئەوروپا کردووە کە پیاوانی خۆرهەڵاتی بە(ڕۆمانسی) بناسن و.. ئەم پێناسەیە ببێتە مۆرکێك بەتەوێڵیانەوە و.. لە زوربەی ئەو چیرۆکە کوردیانەدا.. پێوەندی نێوان پیاوێکی کورد و ژنێکی ئەوروپایی دەبێتە بنچینەی ڕوداوەکان و.. لەسەر زاری ژنەکە باس لە جیهانی گەرموگوڕ و پیاوانی ڕۆمانسی خۆرهەڵاتی لەلایێك و.. پیاوانی ڕیالیزمی و جیهانە سەهۆڵبەندانەکەی خۆرئاوا کراوە.

لە چیرۆکی (لۆزان) ی شێرزاد حەسەندا –کە لەمەوبەر باسکرا– لۆزان بە(لاس) دەڵێت:

–(سەیرم لێدێت کە ئەوەندە ڕۆمانسیت.. ڕەنگە تۆ تاکە ڕۆمانسییێك بیت لە پاریسدا) [61]

**لای چنگیانیش .. خاتو(پاترسیا) دەڵێت:**

**(پیاوانی ڕۆژهەڵاتی ڕۆمانسیترن لە پیاوانی پۆڵۆنی) (62)**

**ئەم تێبینیەی چیرۆکنوسانی کورد.. نە هەر لەم دووچیرۆکەدا.. بەڵکو لە زوربەی چیرۆکە کوردییەکانی دیکەشدا ئاشکرایە و.. پێبەخشینی سیفەتی (ڕۆمانسیەتی) بەکەسێتییە ڕۆژهەڵاتییەکیان -بەتایبەتی کورد- لە ئەنجامی تینوێتی سێکس و مەحروومبوون لیی و قەدەغەکردنی سێکس لە زوربەی خەڵکی دەڤەرەکەی و.. هەروەها لەو ئازادیی و شەفافێتییەی لەم بارەیەوە لەویّ بەدەستهاتووە، هاتۆتە ئاراوە.. لە هەمانکاتیشدا ئەوتێرییەی ئەوان لە سێکسدا و.. گەڕانیان بەدووی چێژی هۆمۆسێکسیدا.. ئەمانە و.. ڕەنگە هۆکاری دیکەش زۆربن.. کە دواجار لەنێو پرۆسەی بەردەوامی سێکسدا.. ئەم لایەنە (ڕۆمانسییە) کاڵدەبێتەوە.. جائیدی دوای جیابونەوە و دوای تێپەڕبونی زەمەنێکی درێژ ڕۆمانسێتەکە لەیادگار و بیرەوەرییەکاندا سەر هەڵدەداتەوە.**

**لە (پاتریسیا و دیارییەکەی) چنگیانیدا.. ئەگەر بەدەفتەری یاداشتەکانی (پاتریسیا)دا بڕوانین.. کە کچەکەی خۆی ( ڤیۆلیتتا) بەدزی دایکیەوە بۆمان دەخوێنێتەوە.. چەند هەست بەسۆز و بەپەرۆشیی و سەوداسەریی (پاتریسیا) دەکەین.. هێندە زێتریش ددانپێدانانە بە(ڕۆمانسییەتی) دڵدارە کوردەکەیدا.**

**(نازانم لەکوێیە، وەلێ لە دورەوە.. لە قوڵایی ڕۆحێکی پەشیمانەوە تروسکاییێکی زۆرباریك.. ئا.. باریکتر لە بارێکی هیوام.. بۆنی هەناسەی دەکەم و ڕۆحم پێمدەڵێت دەژی) (63).**

**چنگیانی لەم ڕۆمانەدا گولاجێکی هونەری جوانی لە گێڕانەوەدا کردووە.. سەرەتاخۆی 40 لاپەڕەی ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە.. ئیدی لە لاپەڕە (40)وە تا 147 زێتر لە 100 لاپەڕە پشت بەدەفتەری بیرەوەرییەکانی (پاتریسیا) دەبەستێت.. ئەوجا لە 40 لاپەڕەییێکی کۆتایدا دەنگی خۆی (نوسەر-بگۆ) دەردەکەوێتەوە.. بەمپێیە نوسەری ئەم ڕۆمانە دەبێتە دووکەس.. یان دەبێتە دوو دەنگی سەرەکی.. یێکەم (پاتریسیا) کە ناونیشانی ڕۆمانەکەیشی هەڵگرتووە.. لە ڕوانگەی ژیانی خۆی و سەرهاتەکانییەوە سیما جۆراوجۆرەکانی کەسێتی دووەم (نوسەر) دەردەخات.. نوسەریش جگەلەوەی ڕۆماننوسەکەیە لە هەمانکاتیشدا ئاماژەی وای تێدایە کە ڕۆژنامەوانیشە -گەرچی ئەم پیشەیەی کەسێتی دووەم بەکردەوە لە ڕۆمانەکەدا نابینرێت- گشت سیما و خەسلەتەکانی کەسێتی یێکەم (پاتریسیا)مان پێدەناسێت.**

**لێرە و لە زوربەی چیرۆکەکانی چنگیاندا.. نوسەر خۆی چ وەك کەسێتی ئاشکرا و زەق و تەواو و.. چ وەك سێبەر و تارمایی ئامادەیی زاڵی هەیە .. بەتایبەتی لێرەدا چیرۆکی عیشقی خۆی و پاتریسیای تۆمار کردووە.. لەپاڵ پەناوبەر خەیاڵ بردنیشدا.. چونکە جەختکردن و ددانپیانانێکی ئاشکرای تێدا بەدیدەکەین.. ئەویش لەسەر زاری کەسێتییێکی کۆمبارسەوە کە (کلۆدیا)ی هاوکاری پاتریسیایە لەنێو ڕیستورانەکەدا.. بەپاتریسیا دەڵێت:**

**(-دەزانی هەندێ نوسەر خۆیان پاڵەوانی نوسینەکانیانن) (64)**

**کەواتە بەشی دووەمی ناونیشانی ڕۆمانەکەش (......و دیارییێکەی) دەبێتەوە بەئەم کەسێتی دووەم (نوسەر)ەی باسمان لێوەکرد.**

**من لەسەرەتادا وای بۆچوم.. ئەو(دیارییە)ی پاتریسیا هەموو شتێك بێت تەنیا(نوسەر) خۆی نەبێت.. بەتایبەتی هەر دەفتەری (بیرەوەرییەکان) خۆی دیارێکە بێت و.. بۆ(ڤیۆلیتتا) ی کچی مابێتەوە.. کە بەنیسبەت ئەم کچەوە**

دیارییێکی هێجگار بەنرخە و.. هەرچی نهێنییێکانی دایکی هەیە گشتی تیا بەیانکراوە و.. تەنانەت لێرەدا ڕەگەزی خودی خۆیشی بۆ ساغ دەبێتەوە.. بۆیێ وا بەو نیوە شەوە بەپەرۆشەوە دەیخوێنێتەوە.. بەو هەست و سۆز و ئەندێشە و بەسەرهاتانەی دایکی بەجارێ مەست و سەرسام دەبێت.

دواتر وام هەستکرد هەر (ڤیۆلیتتا) خۆی بەهادارترین دیاری و سەرمایەییێکی دایکێتی بۆ نووسەر و.. شارە و شار و وڵات بەولاّت بەداویدا دەگەڕێت تا دەیدۆزێتەوە و.. دەگاتە لای و.. ئەویش هەر بەنازدارترین دیاریی پاتریسیا و بەرهەمی زیندوو و شایەتحاڵی بەرجەستەی خۆشەویستییێکەیانی دەژمێرێت.. بەلاّم لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا.. نووسەر- بگۆ- خۆی دەبێتە (دیاریی) بۆ پاتریسیا.. چونکە کچەکەیان، لەم سۆراخکردنەیدا دەخوازێت (باوکی- نوسەر) بدۆزێتەوە و.. بەبۆنەی جەژنەکانی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح (کریسمس) و سەری ساڵەوە بیکاتە (دیاریی) دەستی خۆی بۆ پاتریسیای دایکی.

"-ئای کچی زرنگم! یانی ئیمساڵ من دەکەیت بەدیاریی دایکت؟!"[65].

هەندێجار لەو جۆرە چیرۆك و ڕۆمانانەدا.. عیشقی درێژخایەن، یاخود دڵداریی ڕاگوزاریی کاریگەری ئەوتۆ دەبینن کە یادەوەریی گەلێ شیرین و ڕۆمانسییانە جێدەهێڵێت.. ئەم دیاردەیە بەو کار و بەرهەمانەوە زێتر خۆی دەنوێنێت کە نووسەر (یان کەسێتییە سەرەکییە کوردەکە) تێیاندا دەمێکی درێژخایەن لە هەندەران مابێتەوە و.. دواتر هەلومەرجێکی گوزەران و ژیانی لەباری بۆ ڕەخسابێت.. یان هەر هیچ نەبێت خەمی نان و کار و تەنانەت خەمی پاشەڕۆژیشی نەبێت.. ئەم هەاومەرجە لە زۆربەی چیرۆکەکانی چنگیانی و تاك و تەراییێکی دیکەشدا ڕەنگیان داوەتەوە.. لای جەزا چنگیانی.. جگە لە ڕۆمانی (پاتریسیا و دیارییێکەی).. لە چیرۆکی (قەیرە خانم)دا.. کار دەگاتە ئەو ڕادەیەی لە یێکەمین دیداریدا لەگەڵ (قەیرە خانم)دا ببێتە هاوبەشی پیاڵەی مەیخواردنەوە و.. تەنانەت داوای لێدەکات هەر لەو گازینۆیەشدا ئاوێزانی یێکدی بن.. ئەو خاتوونەی لە ژیانیدا و تا ئەو ساتەوەختە شەرابی نەخواردۆتەوە.. چجای ئەوەی لەبەر چاوی ئەو خەڵکە پرۆسەی سێکسی لەتەکدا بکات!

"-وەرە هەر ئیمشەو نا.. هەر ئێستە.. لەسەر ئەم مێزە لەشمان ڕووتکەین.. حەزمان جووتکەین.. باپێکەوە سەرچۆپی شەپۆلی چەند تەکانی سێکس بگرین"[66].

دواتر کەسێتی یێکەم (ڕاوی) قەناعەت بەخاتوون دەکات شەوێکی سووری تژە ئەوین لەماڵەوە بەسەر بەرن..

جگە لەمەیش لەچیرۆکی (چیرۆکێکی دیکە)[67]دا.. وێڕای ئەوەی کەسێتییە کوردەکە خەمبار و سەرلێشێواوە.. بەلاّم سەقامگیرە و هیچ مۆلەقییێك لەکات و شوێندا هەست پێناکرێت.. خولیاکان خولیای سات و جێگەی تێروتەسەلن.. هەموو خەم و پەژارەکان بریتیین لە لێکدابڕانێکی نێوان خۆی و کچە (ژنە) ئەوروپاییێکە بۆ ماوەی مانگێك.. کە لەوەوبەر ماوەی سێ ساڵ پێکەوە بەهەموو ماناکانی ژیان و عیشق و سێکسەوە ژیاون.

چیرۆکەکە لەو ساتەوە دەست پێدەکات کە لە ماڵەوە جی بەخۆی ناگرێت و بەهەرلا دەڕوانی هەر بۆن و بەرامە و هەناسە و یادگارەکانی ئەو (ژنە)یە و.. تەنانەت ئاوێنەکانیش یادگاری خۆیان لەگەڵ لەشولاری ڕووت و هەناسە و ماچەکانی ئەو (ژنە)دا هەیە و.. بێزارن لەو تەنیاییەی ئێستەیان..

ئیدی ناتوانێ بەرچایی بخوات و بەرەو قاوەخانەییێك ملدەنێ و لەوێیش هەر نامۆیی ئەو دەکات و.. شەیدای سۆراخێکییێتی.. لەناکاو لەوەوە تەلەفونێکی بۆ دەکرێت.. گوێی لە هەناسە و دەنگی دەبێت.. بەمە سوکنایی دێت و

لەخۆشیاندا فرمێسك دەڕێژێت.. دوو پیرەژن لەوێدا ئاگاداری ئەم سەودا سەرییەی دەبن و دێنە لایەوە.. ئەمیش تەواوی ئەو ژیان و عیشقە (ڕۆمانسیانە) [68]ی خۆی و ئەویان بۆ دەگێڕێتەوە..

ئەمەیان وەك چیرۆکی (یێکەم ماچ)ی (شیرین)ەکەی کوردستانی نییە.. ئەمەیان هێجگار ئاوەژوو و دژوارە.. پەناهێندەیی بۆ هەندێ کەسێتی چیرۆکەکان ببێتە جێگەیێکی سەقامگیر و، نیشتمانیش جێگەیێکی مۆلەق بێت! لەکاتێکدا هەردوو (شیرین)ی ئێرە و ئەوێ تێکەڵ دەبن.. کەچی

"لەکوردستاندا پێکگەیشتنەکان هەموو بەدڵەڕاوکێ و لەرزەوەیە و لەوێیش بێترس و.. هەر وەکو کوردستان جێگەیێکی ڕاڕا و قەلیق بێت و ئەوێ جێی چەسپاو و ئەڤینی حەقیقی بێت" [69].

ئەم جێگە مۆلەقە نە هەر بۆ عەشق و سێکس بەڵکو بۆ هەموو ژیان بەگشتی لە چیرۆکی (ئەسپیدیلۆن)ی کاروان عومەردا وێناییێکی هێجگار ورد و هونەریی سیحرئامێزانەی بۆ کراوە و.. ئەسپیدیلۆن دەقاودەق گوزارە لەم حاڵەتە مۆلەقییە دەکات.. ئەسپیدیلۆن "گیانداریێکی ئاوییە.. لە نەهەنگیش گەورەترە.. ئەسپیدیلۆن کە دەکەوێتە سەر ئاو دەلیاوانەکان وا دەزانن وشکانییە.. بارگە و بارخانەی خۆیان لەسەر پشتی هەڵدەخەن.. بەڵام هەر ئەوەندە ئاگریان کردەوە ئیتر خۆی دەجووڵێنێت و هەر هەموویان هەڵدەگرێت و نقومی ناو ئاویان دەکات" [70].

چیرۆکنووس لێرەدا دوو شوێنی جیاوازی خستۆتەڕوو.. شوێنی یێکەم (دانیمارك)ە.. ئەو جێگەیەیە چیرۆکەکەی تێدا نوسیووە.. دووەم جێی ڕووداوەکانی کارەساتەکانی چیرۆکەکەیە.. شوێنی بیرەوەرییێکانە.. بێگومان لە زەمەنێکی ڕابردوودا وەك هەقیقەتێك ئەم شوێنەش هەبووە. وەلێ نووسەر هەردوکیان بە(ئەسپیدیلۆن) دەداتە قەڵەم.. ئەسپیدیلۆنی دووەم کە زێتر بەنیشتمانەکەی دەچێت.. بەلای ئەوەوە لە مێژە نغرۆ بووە و ئێستە لە وەهمێك زێتر نییە.. ئەوی یێکەمیشیان هێشتا لای نووسەر ئاگر لەسەر پشتی نەکراوەتەوە.. کێ دەڵێت ئەو ئاگرە لەسەر پشتی دەکرێتەوە!

من لەو بڕوایەدام ئەم کێشەیە.. کێشەی جێگەی سەقامگیر و جێگەی مۆلەق.. تۆژینەوەی تایبەت و قووڵی گەرەکە.. کە تەنها هەر ئاوڕیشی لێنەدراوەتەوە.. بەتایبەتی لەو مۆلەقی و نا ئارامییەی لە جێگە و ژوانی دڵداری و سێکسدا میوانە.. واتا نێو شەمەندەفەر و ئوتێل و ڕێگەی کانی و گازینۆ و نایت کلەب و تەنانەت هەندێجار سەرتاسەری نێو ماڵ و خانوو و ئەپارتمانەکانی نیشتمانیش دەگرێتەوە.

چنگیانی هەر بەم لایەنەوە نەگیرساوەتەوە و.. لە چیرۆکەکانی دیکەیدا پەلی بۆ گەلێ بابەت و بەهای دیکە دەهاوێت.. بەتایبەتی بەها مرۆڤایەتییێکان.. چ وەك چەوساندنەوەی مرۆط بەدەست مرۆڤەوە و.. چ وەك نیشتمانپەروەرێتی و چ وەك کێشە نالەبار و سەختەکانی ژنانیش..

لەچیرۆکی (چوارنان)دا.. ژیان و گوزەرانی خێزانێکی کرێکار دەگێڕێتەوە.. کە سەربارى هەژاری و مەینەتی ژنە کرێکارەکە (برێگیتا) لەکار دەردەکرێت و دەڵێت لەم وڵاتەدا.. "مرۆط وەك قوڕمیش کرا بێ، ڕۆبۆت ئاسایی هەڵدەسووڕێ (چونکە لەوانەیە بەتاوانی باوێشکێ یان دوان یان سیان بەئاسانی لەسەر کار دەربکرێت" [71].

لە نۆڤلێتی (چۆن گەیشتمە لای خوا) [72].. بابەتی سەرەکی نیشتمانی دایکە.. بەهەورامانی بەهەشتی هەردوو دنیا و کارەساتەکانی ئەنفالیشەوە.. ئەمجا پرس و بۆچوونەکانی سەبارەت ڕەچەڵەکی چەند پێغەمبەرێك و کێشەی ئایین.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە



هێندەی پێوەندیی بەم باسەی ئێمەوە هەیە.. ئەو خولیا و خەون و گریان و ئەندێشە و بیرەوەری و یادگارانەی کەسێتی سەرەکی چیرۆکەکەیە کە لە هەندەراندایە و هیچی دی.. خۆ ئەگەر ئەو کەسێتییە لە نیشتمانیشدا بوایێ هیچی ئەوتۆی لە پرس و کێشەکان نەدەگۆڕی.. زەمینە و ئەتمۆسفێر لە هەردوو حاڵەتدا چونییەکن.. مەگەر لە تاکە خاڵێکدا نەبێت ئەویش: ئەو پرسیارانەی دەخوازێت بیانکات لە جێگە و نێو کۆمەڵگەییێکەوە بۆ ئەویدی جیاوازە و.. پێدەچێت ئەو جۆرە پرسیارانە لەنێو ڕۆژهەلاتدا باجێکی زۆر سەختی لەسەر بکەویێ و تەنانەت هەر لە ناونیشانەکەیەوە بەقەدەغە و کوفر و حەرام دابنرێت.. بەڵام لەوێ دەتوانێ بەئارەزووی خۆی خەون ببینێت و بگری و بلاویێتەوە و.. بەخەیاڵی خۆی کام پێغەمبەر بەرەچەڵەك دەکاتە کورد و نایکاتە کورد ئازادە.. کام بستە خاکی ئەم زەمینە دەکاتە بەهەشتی بەرینی خواوەند و کامیشی دەکاتە دۆزەخ هەر ئازادە!

"نامەوێت پرسیارەکانی ژیانم لە مێشکدا کەڕوو هەڵبێنن" (73).

پێموایە مەبەستی لە پرسیارەکانی ئەوە نییە بەرەوڕووی یێکێکی بکاتەوە.. بەڵکو مەبەستی بەئازادی دەربڕینی بیر و خولیا و بۆچوونەکانێتی.. چونکە گوزارەکردن لەوانە و لە دەڤەرێکی بەئایین تەنراودا کارێکی ستەم و تەنانەت خوێن حەلاڵکردنی پرسیارەکەیشی بەدواوەیە.

ئەوەی لەم نۆڤێلەدا وام لێدەکات هەست بەزەمینەی.. یان شانۆی یاریکردنی کەسێتییێکە بکەم کە نیشتمان نییە و ئەورووپایە بەتەنیا ئەوەندەیە کە دەڵێت:

"گەیشتمە ئەورووپاش کەسێك حسابی سەگێکم بۆ ناکات" (74).

دیارە هێشتا نەشارەزایە و.. ئەم گوزارەیەشی لەمەڕ (سەگ) هەر بەمانا و مەبەستە خۆرهەلاتی و ئیسلامییێکە بەکارهێناوە کە ئەوپەڕی بێحورمەتی بەسەگ دەکرێت و هەمیشە گلاوە.. دەنا دوای تێکەلاوی شارەزایی ئەوجا تێدەگات سەگ لایان تا چ ڕادەییێك جێی بایێخپێدانە و.. لەمەوبەریش لە باسی چیرۆکی (سەگدۆست)دا.. ئێماژەییێکی بەهێزمان لەم بارەیەوە بەدیکرد.. ئەوەتا تەنانەت لای (کاروان عەبدوڵلا)یش.. لە ڕۆمانی (سەفەری مردووکان)(75)دا.. بەوردی ئەو جیاوازییەی نێوان سەگەلی ئەوان و سەگەلی خۆماندا دەخاتە ڕوو..

"سەگەکان هەموویان لە ژووری جوان و ڕازاوەکاندا وەك ئەندامێکی ماڵەوە سفرەیان بۆ ڕادەخرێت.. لەنێو بانیۆکاندا بەسابوونێکی بۆنخۆش دەشۆردرێن.. حەووووو! سەگەکانی لای خۆمان نەبن هێندە چاویان بەئاسمانەوەیە تا نێچیرێکیان پێ ببەخشرێت، بیلبیلەی چاویان هەتا دێ گەورەتر دەبێت" (76).

کەسێتی سەرەکی نۆڤێلی (چۆن گەیشتمە لای خوا) زۆربەی سیفەتە سەرەکییێکانی مەیمونە سپییێکانی بەزەقی پێوە دیارە.. ڕوخسار ناشرین و زیپکاوی و گرینۆك.. دەروون پڕ لە شەیدایی و پەرۆشیی بۆ باوەشی دایك (گەڕانەوە بۆ نێو جەنگەڵ) بەتایبەتی لەکاتی ناڕەحەتی و هەست بەنامۆیی و بێزاریدا.. چونکە تەنیا دایکە کە هەرگیز بێز لە زیپکە و برینەکانی ڕۆڵەکەی ناکاتەوە.. هتد.

ئیدی گشت کەسێتییێکانی دی.. بەدایك و باوك و تەنانەت زاتە ڕۆحانییە پیرۆزەکانیشەوە لەنێو خەون و خەیاڵی ئەودان و لە کۆتایی نۆڤلێتەکەدا دەڵێت: "خەیاڵێکی خۆشبوو!" (77) و تەواو.. کەس نازانێ ئەم لاوە بۆچی ڕەهەندەی ولاتان بووە و، پرۆژەکانی.. یاخود خواستەکانی چین و چی نین! تەنانەت ناشزانین ناوی چییە!.

ئەمە هەروەك (باویل)ی کەسێتی سەرەکی لە ڕۆمانی (سەمای مردووەکان)ی (کاروان عەبدولا)دا.. بەجیاوازی لە گەلێ ڕووەوە..

باویل لە خانەوادەیێکی تووڕە و شەڕانی و بکوژ –تیرۆریست–دا پەروەردە بووە. کەس نازانێت بەچ ئومێدێکەوە نیشتمانی بەجێهێشتووە..

"بەدەستی خۆت ولاتێکت لە ڕۆحی خۆت تۆراند"(78).

دوا قۆناغی کۆچەکەیشی.. لە نەخۆشخانەیێکی ولاتێکی ئەوروپاییدا دەگیرسێتەوە.. کە بەهێسترپاییێکی خەستەوە گیرۆدەیە و.. بەو حاڵەوە نامە بۆ برایێکی دەنووسێت و.. لە کاتی نووسینی نامەکەدا هەرچی بیرەوەری و کارەسات و تاوانەکانی خۆی و بنەماڵەکەی هەیە بەتەوژمی هۆش –چ ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ– هەروەها بەشێوازی مەنەلۆگیش دەیانخاتە بەر زەینی خوێنەر.. هێستریاکە خستویێتییە حاڵەتێکەوە گراگرای مەرگیتی و دەخوازێت بەهەر شێوەیێك بێت بمرێت و لەو ژیانە (ئازاد) بێت و.. ئیدی ئەم ڕۆمانەیش وەك هەر چیرۆکێکی ئاسایی بەخۆخنکاندنی کەسێتییێکە (باویل) کۆتایی دێت.. دەڵێم (ئاسایی) چونکە مەرگێکی (خۆکوژیی) ناتراژیدی چاوەڕوان کراوە و.. خوێنەر تووشی هەژان و ڕاچڵەکین ناکات و.. دیارە ڕۆماننووس ویستویێتی بەهەر شێوەیێك بێت ئەو کەسێتییە سەرەکییەی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە.. دوایئەوەی هەموو ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆی ناون جێبەجێیان دەکات، بەتایبەتی وەدەرخستنی ئەو ڕووداوە مەرگە ساتانەی لە ولاتە موسوڵمانەکاندا و بەبیانو و، یان بەهۆی ناموسپەرستییێوە ڕوودەدەن.. چونکە (باویل) بەر لە ڕۆیشتنی (خانزاد)ی خوشکی لەسەر نامووس کوشتووە.. لە ڕێگەیش کاپتانی پاپۆڕەکە دەخنکێنێ و.. وەك هەزاران پەراگندەی دیش دەیانجار لەو سەفەرەدا تووشی مەرگەسات بووە –سەیرە.. ئەمانە هیچیان هیچ سیحر و جوانییێك و ئەسەرێکی سەرنجڕاکێشم لا بەجێناهێڵن.. وەلێ ڕۆمانەکە لەو سیحر و هونەرە جوانە بەتاڵ نییە.. (کاروان) زۆر هونەرمەندانە خۆکوشتنی کیژە مەهابادییێکەی وێنەگرتووە.. ئەو کچە بەجورئەتەی چاوەڕوانی شەپۆلە شێتەکانی دەریا ناکات پاپۆڕەکەیان ژێرەوزەبەر و نقوم بکات و.. تێیدا بێ دەسەلاتانە ژێر ئاو بکەوێت و بمرێت.. بەڵکو خۆی بڕیاری مەرگ و کۆتایی خۆی (ئازادانە) دەدات و.. بەبەر چاوی سەرنشینەکانەوە چەند پلەیێك سەردەکەوێتە سەر قەراغی پاپۆڕەکە و پارچە پارچە جلەکانی دادەکەنێت و فڕێیان دەداتە نێو دەریاکەوە و.. لە کاتێکدا گشتیان بەچاوی ترسوخۆف تێزاوەوە بۆی دەڕوانن.. خۆی فڕێ دەداتە ئامێزی دەریاوە.. ئەم دیمەنە سەرجەم ڕۆمانەکە بەتین و تەوژمێکی سیحراوی نازدار بارگاوی دەکات.

بەسەرهاتە مەرگئامێزەکانی ڕیگەی کۆچ بەرەو هەندەران.. لەم دە ساڵەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا و.. بەتایبەتی بەنیسبەت لاوی کوردەوە.. بووە وێردی شەو و ڕۆژانەی سەر زاری هەموو خێزانێکی کوردستان.. کارەساتەکان هێند دژوار و کۆستەکان هێندە گران بوون.. چەپیان لە گەشتەکانی سەندوبادی دەریایی کەمتر نەبوو.. تەنانەت هەفتە و مانگ نەبوو کارەساتی تایتانیکئاسا و بێسەر و شوێن بوونی دەستە دەستەی کۆچکردووان نەبیسین.. ئەمانەیش هەموو دوایئەوەی لە دەیان دیوار و دەرگە و لەمپەر و سنوری سەخت تێپەڕ دەبوون.. کە هەر یێکەیان بەهەزار فێڵ و فەرەج.. بەدڵەڕاوکێی بەردەوامەوە دەیانبڕی و.. ئەمجا لەمپەر و قەدەغەیێکی بەزەبروزەنگتر چاوەڕوانی دەکردن.. هیچ کامێکیشیان نەبوو باجەکەی لە (سەر) و (ماڵ) کەمتر بێت.. هەمیشە مەترسیی مەرگ و کوشتن بەفیشەکی پاسەوانانی سنوور و بەفیتی قاچاخچیانی کورد.. بەرەقبوونەوە لە سەرما و مردن لەژێر هەرەسی بەفردا.. بەبرسێتی و تینوێتی..

دواتر خنكان لە دەریا (بەتایبەتی ئیجە)دا.. ئەگەر لەم مەرگە حەتمیانە قوتار بوونایە.. ئەوا لە پلەی دووەمدا و بۆ هەر قۆناغێك ڕووتكردنەوە، بەرتیل.. كرێی گواستنەوە و نیشتەجێی كاتی گران و خەیاڵی.. گرتن و زیندانیكردن.. دیپۆرت و سنووورداشكردنەوە و.. هتد لە ئارادا بووە..

لەو بڕوایەدام هەر حاڵەتێك لەمانە.. یان بەسەرهاتی هەر تاكە كەسێك.. یان تاكە خێزانێك لەوانە.. كەرەسە و مادەی خاوی ڕۆمانێكی سەرنجڕاكێشن.. تەنیا هەندێ فانتازیا و خەیاڵ و قەڵەمێكی هونەرمەندانەی گەرەكە و هیچی دی.. لەمەدا مەبەستم ئەوە نییە ئەوانە خۆیان بینووسنەوە.. بەڵكو بێگومانم خێزانێك نەماوە، ئەندامێك یان زێتری بەگۆشت و خوێن و ئومێد و هەست و نەستەوە لەنێوجەرگەی ئەو كارەساتانەدا نەژیابن و بەوردی نەیانگێڕابێتەوە و باسیان نەكردبێت.

بەراستی پێم سەیر بوو د. فەرهاد پیربال لە دوا لاپەڕەی ڕۆمانی (پیاوێكی شەپقە ڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاو شین)[79]دا.. دوای ئەوەی بەسەرهاتە واقیعییەكانی خێزانێكی پەڕاگەندە و چەند كەسێكی دی دەبیسێت دەڵێت: "–ئەگەر بشیكەمە چیرۆك، لە كوردستان كەس باوەڕم پێ ناكا

–بۆچی؟

–دەڵێن ئەوروپا ئەمە نییە كە د. فەرهاد باسی دەكات"[80].

پێموایە پیربال لە بێباوەڕیی خەڵكی كوردستاندا مەبەستی تەنیا لەو چمكەیەتی كە گوایێ خەڵكی باوەڕ بەوە ناكەن (ژن) مێردەكەی تەڵاق بدات"

"–دەبێ بڵێم ژنەكەم تەڵاقی دام"[81].

ئەمە لە جارانی زوودا ڕاست بوو.. تەنانەت خەڵكی لای ئێمە ئەمەی بەلاوە هێندە سەیر و سەمەرە بوو وەك نوكتە و گاڵتە باسیان دەكرد.. وەلێ ئەوە دەیان ساڵیشە نە هەر ئاساییە بەڵكو هەزاران خێزان بەسەریشیان هاتووە و.. خودی ڕۆمانەكەش هێندە لە مێژە نەنوسراوە.. لەم ساڵانەی دواییدا –دوو ساڵ لەمەوبەر– نوسراوە.

"من لە ڕۆژی 2003/3/1 دا گەیشتمە پاریس" [82].

زۆربەی هەرە زۆری ڕووداوەكانی نێو ئەم ڕۆمانە هێجگار ئاساییین و لای خەڵكی شتی سەرسوڕهێنەرتریش هەیە و.. تەنانەت كار گەیشتۆتە ئەوەی نەك مێرد تەڵاقدان بەلایانەوە ئاساییە.. بەڵكو خەڵكی بڕوا بەوەش دەكەن كە كوڕە لاوی كورد لەوێ شوو بەپیاوێكی ئەوروپاییش بكات!

كەواتە ئەوە گرینگ نییە ئاخۆ خەڵكی بڕوا بەهەندێ ڕووداو دەكات یان نا.. گرینگ ئەوەیە نووسەر بتوانێت بەشێوازێكی هونەریی ئەوتۆ گوزارەیان لێبكات، خوێنەر سەری نەپەرژێتە سەر ئەوەی ئایا ئەوە واقیعییە یان نا.. خۆ ئەگەر ڕۆماننووس خۆی ئەو تێبینییەی نەخستایەتە دووتوێی ڕۆمانەكەیەوە، ئەوا بەهیچ جۆرێك هەستمان بەو لایەنە نەدەكرد. چونكە من لە سەرتاپای ڕۆمانەكەدا بەدووی ئەو سیحرەدا وێڵ بووم كە لە هەناوی (جێنتڵمان)ە شەپقە ڕەشە پاڵتۆ ڕەشە پێڵاو شینەكەدا حەشاردراوە.. بەدووی ئەو نهێنییەدا وێڵبووم ئەو دەستە و تاقمە.. یان ئەو تۆڕە تۆقێنەرە بەرگ و كاڵا هاوچەشنە.. ئەو چەند كەسە سەرسەخت و خەڵك فریودەرە.. ئەوانی شارەزا بەكون و كەلەبەر و كووچە و كۆڵانی شارەكانی ئەوروپا.. ئەوانە چۆن دروست بوون؟ چۆن ئەو تۆڕ و ڕایەڵە تۆكمەیەیان لە نیوان خۆیاندا دروستكردووە؟! دژی كێن و لەتەك كێدان؟! ترسیان لە چییە و كێ پاڵپشتیانە؟! بەدەیان پرسیاری دی كە دەبێ

خوێنەر خۆی لە هەندێ ئاماژەی نووسەردا.. یان لەژێر دێڕەکانەوە بیانخوێنێتەوە و سەری گرۆڵەی هەندێ وەڵامی دەستکەوێ.. یان هەر دەستیشی نەکەوێ!

لە ڕاستیدا سەرەتای دەستدانە ئەم تۆژینەوەیەم بۆ ئەوە نەبوو هەموو.. یان زۆربەی مەیموونە سپییەکانی چیرۆکنووسانمان بەسەر بکەمەوە.. بەڵکو بەنیازی باسێکی هەمە لایەنی ئەو چیرۆکانەی د. فەرهاد پیربال بووم کە زەمینە و کەسێتییەکانیان پێوەندییان بەخۆرئاواوە هەن و.. بەتایبەتیش جەخت لەسەر ڕۆمانی "سانتیاگۆ دی کۆمپۆستیلا Santiago De Compostila" [83] بکەم.

ئەڵبەت فەرهاد هەر دەمەی ئەزموونێکی ئەدەبی و هونەریی سەرەڕۆیانە و هەرزەکارانەی جیدیمان لە بواری چیرۆك و ڕۆماننووسیدا دەخاتە بەردەست.. جا ئیدی وێڕای ئەوەی هەندێجار هەرا و زەنا و کێشمەکێشی پڕ لە گۆڵتاوەڕۆ دەخاتەوە و.. لاسارانە گۆمەکان دەشڵەقێنێ و.. دەشزانین هەرگیز لەگەڵ مەین و چەقبەستندا دانووی ناکوڵێ.. دواجار بەزۆریی سەرکەوتنێکی سەرسوڕهێنەرانە بەدەستدێنێ.. ئەمەیش لە ئاکامی ئەو خۆڕەنجاندن و پشوودرێژییە بەردەوامەیدایە لەگەڵ نووسیندا.. ئەو جەختکردن و وەدووکەوتنەی نهێنییەکانی نووسین و شێوازەکانی دەربڕیندا.. کەچی ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو ئەوەبوو: بۆچی ئەم ڕۆمانەی دوایی.. ئەم سانتیاگۆیەی کە هاندەری سەرەکی تێکڕای ئەم باسەم بوو.. بۆچی نە نێوەندەکەی شڵەقاند و نەگۆڵتاوەڕۆی نایەوە و.. تەنانەت لە کوولەکەی تەڕیشدا باس نەکرا.. ئەمەم هەر بەلاوە سەیر نەبوو.. بەڵکو زۆر ستەم بوو.. ئەم بێدەنگییە بەردینە مردووە بەرامبەر کاری جیدی و داهێنان و.. ئەو هەموو نووسین و قسە و قسەڵۆکانەیش لەسەر شت و باسە لابەلاییەکانی ڕۆمانێك مایەی ستەم و ئومێدبڕاویشە.

زۆربەی ئەوانەی لەسەر بەرهەمەکانی د. فەرهادیان نووسیوە.. بەپلەی یێکەم بەدووی کەسێتی نێو چیرۆکەکانیدا گەڕاون.. بۆ ئەوەنا لەهەموو لایەنەکانییەوە شیبکەنەوە و.. ڕۆڵی ئەو کەسێتییە لە بونیاد و گەشەپێدانی ڕووداوەکاندا چییە و...هتد، بەڵکو بۆ ئەوەی بزانن ئاخۆ مەبەستی لەکام کەسی خۆفرۆش و دەسەڵاتی خیانەتکار و فاشست بووە.. بۆ ئەوەی هەرا و زەناییێك بخەنەوە و نووسەر بخەنە داوی بگرەوبەردەیێکی ئەوتۆ چوون تاوانبارێك (نەك دانەر و داهێنەرێك) سەیر بکرێت.. کە بێگومان سەرئەنجامەکەی وەك ناو و ناوبانگ لەخزمەتی نووسەردا دەبێت و لەهەمان کاتیشدا بەزیانی ئەدەب و هونەرەکەی دەشکێتەوە.

ئەمە لەلاییێك.. بەپلەی دووەمیش.. کە لەوانەیە ئەمیشیان هەر لەئاستی پلەی یێکەمدا بێت– ئەو نووسینانە لەسەر شێوازی هونەریی– نووسینی– چیرۆکەکانێتی.. وەك

دەنگە جیاوازەکان لە / مولازیم تەحسیندا

کارتە ژمارەدارەکان لە / شیزۆفرینیادا

خشتەی چوارینەی لاپەڕەکان لە / منداڵبازدا

دووبارەکردنەوەی فڕێدانی توێکڵە مۆزەکان لە / پەناهێندەدا

دووبارەکردنەوەی ڕستە لێکچووەکان لە / پەتاتە خۆرەکاندا

ژمارەدانان بۆ گۆڕینی دیمەن و کارەساتەکان لە /پیاوێکی شەپقە ڕەشی پاڵتۆ ڕەشی..، هتد دا.

پێموایە.. گشت ئەو لایەنانە.. (پەتاتە خۆرەکان و، پیاوە شەپقە ڕەشەکەی لێدەرچێت.. کە خەتخەتێنیان تێدا نییە.. هەموو ئەوانەی دی کە ناومان بردن) بریتین لە ئەزموون و هەوڵدانێکی فۆرماڵیانەی، سەرسەختانەی ساتەوەختیانەی تایبەت بەشێوەی (نووسین)ی د. فەرهاد خۆی لەهونەری چیرۆکنووسیندا.. کە زێتر لەو بەرگە مۆدانەی ژنان دەچن کە لەماڵەوە لەبەر ئاوێنە و دوور لەچاوی خەڵکی لەبەریان دەکەن.. بەزۆریش ئەوانە پێوەندییان بەو شێوازە هونەرییێوە نییە لەناخی وشە و ڕستە و فرەیزەکانەوە دەردەچن و.. کالا لەقەد بالاکەی ئەفراندنەکە پێکدەهێنن.. ئەمەش واتای وانییە فەرهاد لەمەی دواییاندا دەستەوسانە و هانا وەبەر ئەو جۆرە تیفتیفەدانە دەبات.. بەڵکو ئەمەیان بەشێکی دیکەیە لەو جورئەتە ئەدەبی و هونەرییەی نووسەر لەجیهانی تازەگەریی شێوە (نەك شێوان)ی نوسیندا.. دەنا لەبەرهەمەکانی دیکەدا و (تەنانەت لەنێو ئەمانەیشدا) پێڕەوی شێوازە هونەرییە نوێخواز و ڕەسەنەکانی چیرۆکی کردووە.. چ وەك دەرخستنی دەنگە جیاوازەکان.. گۆڕینی دیمەنەکان.. کەمەندکێشکردنی خوێنەر.. زیندوێتی و قەشەنگی فانتازیا.. دانانی تۆوی سیحر و نهێنییێکان و.. هتید. چ وەك دیالۆگ و مەنەلۆگ و تەوژمی هۆشی ناڕاستەوخۆ و ڕاستەوخۆ و.. هتد.

لەڕۆمانی "Santiago De Compostila"[83]دا.. کەسێتی سەرەکی– ڕاوی و بگۆ– دارایە.. هونەرمەندێکی شێوەکارە.. لەسەربازی هەڵهاتووە و.. زانکۆی جێهێشتووە و.. لەشاری (هەڵەبجە)وە بەرەو هەندەران سەریهەڵگرتووە..

ڕۆماننووس زۆر بەوردی ئیدیۆم و دەستەواژە و تەنانەت کەرەسەکانی شێوەکاریی وەك بەشێك لە ژیانی دانەبڕاوی (دارا) بەهونەرەکەیەوە بەکاردێنێت.. واتا بێ بنچینە بەهونەرمەند ناوی ببات و دەستبەرداری بێت و.. خوێنەر لێی بکەوێتە گومانەوە.. بەڵکو خوێنەر قەناعەتی تەواوی بەدەستڕەنگینی دارا وەك هونەرمەندێکی شێوەکاری لێهاتو و بەتواناش هەیە و.. ئەم خولیای هونەرەش تا دێت لە ڕۆمانەکەدا گەشەسەندووتر دەبێت و لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا دەگاتە لوتکەی هونەریی.. بەکورتی هەست بەڕاستگۆیی هونەریی د. فەرهاد لە کارەکەیدا دەکەین و.. دواتریش هەست بەوە دەکەین ئەگەر ئەم کەسێتییە هونەرمەندێکی ئاوا سەراسیمە نەبێت، دەلاقەیێکی گەورە وەنێو کارە هونەرییێکەی ڕۆماننووس دەکەوێت.. کەواتە ئەم وابەستەییە دەسەلات و زاڵێتی ڕۆماننووس دەردەخات و.. ئەو ڕووکەشییەش ڕەتدەکاتەوە (دەسڕێتەوە) کە بەزۆربەی کەسێتی مەیموونە سپیێکانەوە بەزەقی دیارە.. کە چیرۆکنووسەکان لەختوخۆڕایی چەندین سیفەتی جۆراوجۆر (هەر بەوشە و نوسین) دەدەنە پاڵ کاراکتەرەکانیان بێئەوەی ئەو سیفەتانە بەژیان و گوزەران و ڕەفتار و کار و پیشەیانەوە دیار بێت و.. خوێنەر دەخەنە گومانەوە و.. متمانە بەو کاراکتەرانە ناکات و کە ڕۆژێ لەرۆژان (هونەرمەند.. شاعیر و نووسەر.. ڕۆژنامەنووس.. سیاسی.. هتد) بووبن و.. تەنانەت نووسەری وایان تێدایە لە درێژەی چیرۆکەکانیاندا لەبیریان دەچێتەوە ئەوانە چ کارەن!

ناونیشانی ڕۆمانەکەی د.فەرهاد پیرباڵ، ناوی شارۆچکەیێکی ئیسپانیایە.. وەلێ بەشی هەرە زۆری ڕووداوەکان لە فەڕەنسادان.. واتا هەر لە فەڕەنسادا و بەرلە کارەساتە مەزنەکە.. ڕۆماننووس سەدان بیر و بیرۆکە و بۆچوونی جۆراوجۆری وردی نێوان (ئێمە– ئەوان) (خۆرهەلات– خۆرئاوا) هەروەها (مەیموونی سپی– مرۆط) وەك ئێماژە و تەنانەت ڕاستەوخۆیانەش دەردەبڕێت..

کاتێ (دارا) لەگەڵ کچە ڕۆماننووسێکی فەڕەنساییدا (ئۆریانا).. باسی ژیان و هونەر دەکەن.. ئوریانا بەمجۆرە جیاوازی هونەر لای خۆیان و لای ئێمە ڕوون دەکاتەوە:

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە



"–لەناو هونەردا– ئێوەی ڕۆژهەڵاتی– بیردەکەنەوە.. ئێمەی.. ڕۆژئاوایی– دەژین"(84).

ئەم ئێماژەیە بەلای منەوە گەلێ بەهادارە.. چونکە تەنها ئێمە لەو بڕوایەدا بووین و.. تا دەمێکی دیکەش هەر وا دەبین، کە لە کارە ئەدەبی و هونەرییەکانماندا فیکر و فەلسەفە و تەنانەت باوەڕ –عقیدە–یش بڵاوبکەینەوە.. لەمەیشدا جەختکردن و پێداگرتنێکی لە ڕادەبەدەرمان پێڕەوکردووە.. بەواتاییێکی دی پێمانوابووە هونەر تەنیا کەرەسە و هۆکارێك بووە بۆ پەخشکردنەوەی ئایدیۆلۆژیاکان.. بۆ باوەڕ و بیر و بۆچونەکان.. پێمانوابووە تەنانەت (ژیان) خۆشی هەر شتێکە لەو کەرەسە و هۆکارانە و لە خزمەتی ئایدیۆلۆژیاکاندایە..

نەهامەتی و سەرگەردانی و چەوساندنەوە و بندەستێتی ملهوڕانی خۆماڵی و بێگانە.. بەجۆرێك سەری دنیایان لێهێنابوینەوە یێك.. ژیانمان لەلا کرابووە شتێکی پەراوێزئاسا.. تانهاش لەو بڕوایەدایین ئێمەمانانێکی ڕۆژهەڵاتی دەتوانین فیکر و فەلسەفە و ئایدیای نوێ بخولقێنین! هەرگیز ناچێتە ئەقڵمانەوە کە زۆر لەمێژە نە هەر ناتوانین فیکر و فەلسەفە دابهێنین، بەڵکو تەنانەت هیچیش نەماوە بیڵێین و بینووسین و، بەسەدان ساڵ لەمەوبەر نەوترابێت و نەنوسرابێت.. هەرچیش دەڵێین و دەنووسین، ئەوا دوبارە و هەزاربارە کردنەوەی پێشووە و.. ئەوەی بۆمان دەمێنێتەوە تەنها ئەوەیە چۆن ئەو شتانە دەڵێینەوە و هیچی دی.

وێڕای ئەمەیش وەنەبێت خۆرئاوا لەنێو هونەر و داهێنانەکانیاندا بیرنەکەنەوە.. بێگومانیشم ئۆریانا مەبەستی ئەوە نییە خۆرئاوا هزریان کلۆمدابێت.. ئەوان بەگشتی ناخوازن نەزۆکە باوەڕ و زڕە بیرۆکە بخزێننە نێو ئەفراندنەکانیان.. بەئاشکراش مەبەستی ئەوەیە کە بیرکردنەوەی ڕاستینەی ئەوان لەنێو ژیان و لە پێناوی ژیاندایە.. واتا ئەوان لە هونەردا (بۆ ئەوە ناژین بیربکەنەوە).. بەڵکو (بۆئەوە بیردەکەنەوە بژین).. ژیان زاڵە نەك بیرکردنەوە.

لە هەمانکاتیشدا نابێت ئەو بڕیاردانەی کچە فەڕەنسایێکە بەشێوەییێکی گشتگیرانە بەسەر هونەری ڕۆژهەڵاتیدا بسەپێنین.. لە شاکارە هونەرییەکانی خۆرهەڵاتدا.. ئەفراندنگەلێکی ئەوتۆ هەن بەشەفافیەتێکی نازدارەوە (ژیان) تێیاندا ڕەنگدەداتەوە.. تەنها هێندە هەیە، بۆچونێکی لەمجۆرەی (ئۆریانا) لەو ڕووەوە بەهەند وەربگرین کە (با ئیدی لەنێو هونەردا بژین.. نەك تێیدا هەر خەریکی بیرکردنەوە بین)..

چونکە هەر لای (ئۆریانا).. بەجۆرێکی دی ژیان و بیرکردنەوەی ڕاستینە پێکەوە لە هەموو بوارەکانی خۆرئاوادا دەبینین:

(–ئێمەی ڕۆژئاوایی بیردەکەینەوە لە پێناوی ئەوەی چۆن باشتر و خۆشتر بژین) (85).

ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەم وتەیە بدەین.. ئەوا بەتەواوی مەبەستەکەی ڕوندەبێتەوە کە ئێمەی خۆرهەڵاتی:

(دەژین لە پێناوی ئەوەی بژین، بێئەوەی هیچ بیربکەینەوە) (86).

کەواتە جیاوازییە وردەکەی نێوان ژیان و بیربکەنەوە لە لاییێك و.. هونەر و بیرکردنەوە لە لاییێکی دی و دواتر هونەر و ژیانیش لێرەو لەوێ.. یێکە یێکە یێکلایی کراونەتەوە.

ڕۆماننوس لە بەرایی ڕۆمانەکەیدا جیاوازییێکی دیکەش دەخاتەڕوو.. لە دایەلۆگێکدا لەسەر زاری ڕۆژهەڵاتییێك بەپێچەوانەوە دەڵێت:

(– ئێمە پیترۆڵمان هەیە و.. ئێوەیش ئەقڵ) (87).

ئەمە وەك ئەوە وایە پێمانبڵێ: (ئێوە هەموو شتێکتان هەیە و ئێمە هیچ شکنابەین).. یاخود ڕەوانتر بڵێ: (ئێمە هێشتا مرۆظ نین).. چونکە پیترۆڵ شتێك نییە ببێتە سیفەتێکی ئینسانی بۆمان.. شتێکیش نییە خۆمان دروستمان کردبێت.. یان دامانهێنابێت و.. تەنانەت ناشزانین چۆن بەکاری بهێنین.. شتێکە بەدەر لە خودی ئێمە. ئەو شتە سروشتکردەیەمان.. ئەوان بەئەقڵ توانویانە بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە.. دەکرا بوترایە ئێمە (nامووسمان هەیە.. پیاوەتی و مەردایەتیمان هەیە.. سمێڵمان هەیە!!.. ئێوەش عەقڵ یان هەر شتێکی دی)..

بەهەرحاڵ هێشتا نەچوومەتە نێو کرۆکی.. یان سیحرە نازدارەکەی ڕۆمانەکەوە.. کە ئەویش نهێنییێکانی (ڤینۆس) ناوێکە.

ئەم (کچە.. ژنە.. خوشکە.. دەزگیرانە.. پیرەژنە.. سەلارە.. دڵفڕێنە خەرەفاوە.. دەعەجانییە.. شێتە.. ڕاستینە.. تارماییە.. وەهمە.. سەرابە.. خەونە..) سەرتاپای ژیان و بیر و هۆش و هەست و نەستی ئەو کەسێتییە هونەرمەندە داگیر دەکات.

لە لاپەڕە بەراییێکانی ڕۆمانەکەدا بۆ یێکەمین جار (ڤینۆس) ناوێکمان بەلادا تێپەڕدەبێت.. وا دیارە (دارا) لەوێدا دیالۆگێکی نێوان خۆی و ئەوی بەزەیندا هاتووە.. "لەکۆتایی ئەم گفتوگۆیەدا –ڤینۆس– کە دیاربوو دەیوست هانمبدا.." [88] بۆئەوەی لەسەر هونەرەکەی بەردەوامبێت و، پۆرترێت کێشانی خەڵکی بەجۆرێك لە (دەرۆزەکردن) سەیر نەکات.

ئیدی ئەم خولیایە، جاروبار و لە هەندێ شوێنی جیاوازدا دووبارە دەبێتەوە.. بەتایبەتی لە بینینی ڕوخساری هەندی کچدا کە خەت و خاڵ و سیمای –ڤینۆس– یان –لەیلان–ی دەزگیرانی یاخود – گوڵنوش–ی خوشکی هەڵگرتبێت.. گوڵنوش ئەو خوشکە دلۆڤانەی بوو کە بۆ بەردەوامێتی لەسەر تابلۆکێشان هانیدەدا و.. بۆ کۆچەکەیشی ئەو بڕە پارەیەی لە ژیانیدا پاشەکەوتی کردبوو دەیداتێ.. "من سەیری پێنج سەد دۆلارە غەمگینەکەی ناودەستی خۆمم دەکرد و خەریکبوو بگریم.. ئەو وتی: هەڵیگرە دارا.. نەوەك لە وڵاتی غەریبیدا بۆ فلچەیێك، یان قەڵەم ڕەنگێك دەست لەمولەو پانبکەیتەوە" [89].

ئەو خوشکەی درەنگوەخت دارا بەهەواڵی مەرگە بەسوێکەی زانی..

"بەر لە شەش مانگ دایك و باوك و دوو خوشکەکەم و برابچکۆلەکەم لە هەڵەبجە بۆمبارانە کیمیاوییێکە تەفروتوونای کردوون" [90].

ئەمجا ڕۆماننووس لە چەند لاپەڕییێکدا و لە کاتی سەفەری نێو شەمەندەفەردا.. لە شارێکی سەر سنووری ئیسپانیادا بەکچ و پیرەژنێکمان دەناسێنێ.. کچە بەپەرۆشەوە نیگای چاوانی دەبڕێتە دارا[91].. بێئەوەی پێمان بڵێ ئەمانە کێن! هەروەکو ئەوەی بناغەی پتەوی تەلارێك بۆ سیحرە مەزنەکەی (ڤینۆس) و ڕۆمانەکەیشی لێبدات.. لەم ساتە ناسکانەدا.. کچە میهرەبان و بەڕەنگ و ڕووئاشناکە –لەگەڵ پیرەژندا– بزردەبن و.. ئیدی تا لە شەوێکی دانسقەدا ڕێیدەکەوێتە ماڵی (فلیب) ناوێك.. لەوێدا (ڤینۆس)ی ڕاستینە دەبینێت.. دەڵێم ڕاستینە لە هەمانکاتدا پێدەچێت تەنانەت ئەم ڕاستینەیەش هەر وەهمێکی ڕووت بێت.

فەرهاد پیربال لێزانانە لەم شتە (ڕاستی/ وەهمە)دا کاریکردووە.. لە ماڵی (فلیب) ئاهەنگێکی تایبەتمەند سازدراوە.. کاتێ هەمووان خەریکی تلیاك کێشان بوون و.. ئەم لەگەڵ (ڤینۆس)دا کەوتۆتە ئاخاوتن

"–ڤینۆس! تۆ سەیرکردن و نیگات لە نیگای ئەوروپیان ناچێ.

–چۆن؟

–نیگای تۆ گەرمە.. پەرۆشی تێدایە.. بانگت دەکات..

پێکەنی گوتی

–دارا گیان! کێ نالێ منیش بەبنەچە ناگەڕێمەوە سەر یێکێك لە کوردستان!" [92].

بەرلەمە دارا ئاماژە بەوە دەدات کە هەرچی کەس وکار و خۆشەویست و نیشتمانیش هەیە لە (ڤینۆس)دا دەیانبینێت!

"من وێنەی –لەیلان–ی کۆنە دەزگیرانم لەودا دیت.. تەنانەت وێنەی دایکم و خوشکەکانم و وێنەی هەموو کەسێك و هەموو خۆشەویستێکی لەدەستم چوو بوون.. واتێدەگەم کە (ڤینۆس) ولاتمە"[93].

ڕۆماننووس هەر لە یێکەمین دیدار و ژوانی (ڤینۆس) و (دارا)دا.. دەمانخاتە نێو خولیاکانی خۆیەوە و ڕاستینەکانمان چوون خەون و یادگارێکی شیرین.. یاخود هەر وەك تارماییێك بۆ وێنا دەکات.. کە دەشتوانرێ وەك جۆرێك لە فانتازیا وەریانبگرین.. (دارا) لەو کاتەدا دەگری و وای بەخەیاڵدا دێت لە مێژە بەشێوە و ڕوخسار و سۆزی ئەم ڤینۆسە ئاشنایە.

"من ئەم ئادگارە شیرین و پڕ لە میهرەبانییەی ئەوم و ئەو دووچاوە گەش و ئاشنا و پڕ پەرۆشییەم چەندین ساڵ پێش ئێستە.. لە شوێنێکی دیکەدا، یا لەوانەیە لە سەردەمی منداڵیمدا، یانیش لە خەونێکدا دیبێت"[94].

لەو شەوی ئاهەنگەدا لە ماڵی (فیلپ).. (ڤینۆس) ناونیشانی خۆیی دەداتێ و.. ئیدی دارای سەرگەردان وێڵی سۆراخی ئەم ناونیشانە پیرۆز و نەفرەتییە دەبێت.

**"Venus Corbacho Esteban**
**Ruede Paradis 9**
**Santiago de Compostela"** [95]،3-1

دوای بەئاگا هاتنەوەی (دارا).. دەبینێت ناونیشانەکە بەڕاستی لە دەفتەرەکەیدا و بەخەتێکی ناخۆش هەر خۆی نوسیوێتی.. ئەوناونیشانە سحراوی و نەفرەتییەی سەرتاپای ژیانی داهاتوی و هونەرەکەی و هەست و نەستی کۆنترۆڵکرد و.. خودی هونەرمەندی کردە دیل و ئەوداڵی سۆراخێکی ڤینۆس.. شاربەشار و وڵات بەوڵات.. تانەگەیشتە ئاستانەکەی (ڤینۆس!) دەستبەردار نەبوو.. وەلێ لەجیاتی ڤینۆسی نازدار و میهرەبانی کیژی خەون و خولیا جوانەکان.. ڤینۆسی ئومێد و ژیان و دواڕۆژ.. پیرەژنێکی قرچۆڵەی بێ ددانی ڕەشپۆشی شێت وچڵکن دەبینێ

وێڕای وێرانبونی حاڵەتی دەروونی(دارا) و.. بینینی ئەم دەعبا دەعەجانییە لەجیاتی ڤینۆس.. کەچی هەروا هەست دەکات کە ئەم پیرەژنە پێی نامۆ نییە..

(هەستم دەکرد ئەو پیرەژنە چەند ساڵێك پێش ئێستە.. یان پێش ماوەیەك لە شوێنێکی دیکەدا، یا لە (خەونێکدا) دیوە.. یانیش لەوانەیە لە سەردەمی منداڵیما (...) هەستم بەکۆنە ئاشنایەتییێکی (تایبەتی) دەکرد) [96]..سەیر لەوەدایە ئەم ناونیشانە سیحراوییە هەر ئەم لاوە هونەرمەندەی گیرۆدە و کەمەندکێش نەکردووە.. بەڵکو عەرەبێکی موزیکژەن و ئاشقگەلێکی زۆری دیکەی وێڵ و سەرگەردان کردووە و بەمەرەی ئەمی بردون.. ئەڵبەت کێشەکە چ بەنیسبەت (دارا) وە و.. چ بەنیسبەت سەوداسەرە ماڵوێرانەکانی دیکەشەوە.. کێشەی سێکس لەگەڵ (ڤینۆس)دا نییە.. کێشەکە زۆر

لەوە مەزنتر و واوەترە.. کێشەی شەیدایی و عیشق و سەوداسەرییە.. کردنەوەی تەلیسمێکی ئەفسانەییە.. چونکە لە ئیسپانیادا وەك مارکیز دەڵێت سێکس کێشەیێك نییە و ئازادە:

"من بەدرێژایی تەمەنی خۆم پرۆسەی سێکسم بەئازادی لە دوو وڵاتدا بینیوە.. کە جێگەی بڕواکردن نەبووە.. ئەوانیش کۆلۆمبیا و ئیسپانیان"[97].

کەواتە ئەم خاڵە جیاوازییێکی بنەڕەتییە لەگەڵ ئەو مەیموونە سپییانەی چیرۆکەکانی دیکەدا کە لە پرۆسەی سێکس لیپاولیپن و.. خۆ ئەگەر باسێکی خۆشەویستیشییان تێدابێت.. ئەوا هەر بەمەبەستی ڕێگەخۆشکردنی پرۆسەکەیە.. ئەمجا بۆ شیکردنەوەی ئەم گرفتە ئاڵۆزەی دارا و –هەروەها عاشقەکانی دیکەی ڤینۆسیش.. کە پێدەچێت بەنیسبەت هەموویانەوە دووبارەبوونەوەی هەمان گیرۆدەبوونەکەی دارا بێت.. لە کاتی جیاواز و کەسێتی جیاوازدا.. وەلێ لە هەمان جێگە و ئەدرێس و بەنیسبەت هەمان کیژۆڵە (ڤینۆس) و پیرەژنەوە.. کە لێرەدا چەند ئەگەرێکمان لەبەردەمدایە:

1–دەشێ سەرتاپای کێشەکە لەبنەڕەتدا وەهمێکی ڕووت بێت و لە حاڵەتی مەستێتی بەنگکێشاندا ڤینۆس –یا کیژێکی دی هاوشێوە– بووبێتە خولیا و.. ئەمجا..

2–هەر پیرەژن خۆیشی دەستێکی لە دروستکردنی خولیاکەدا هەبێت..

3–یان.. ئایا ناشێت پیرەژن و ڤینۆس هەریێك کەسێتی بن و.. زەمەن لای دارا و –ئەوانی دیش– خاوبووبێتەوە!؟.

4–یاخود هەر بەسادەیی و لە ڕوانگەی شیعرە بەناوبانگەکەی (بۆدلێر)ەوە.. کە هەرچی جوانی و نازدارێتی ژن – مرۆڤیش بەگشتی– هەیە.. بەکاریگەریی و تێپەڕبوونی زەمەن دەبێتە شتێکی ڤێزەون و.. هەرچی ئومێد و ئاواتە وابەستەکانیشی هەیە لەنێو ئەو دیمەنە بێزئاوەرانەدا وێران دەبن.

5–یاخود هەر خودی (ڤینۆس) و (پیرەژن) بەجووتە.. گوزارشی پڕاوپڕی سەرتاسەری ئەوروپا بن.. چونکە ئەوروپا لە خەون و خولیا و خەیاڵدا (ڤینۆس)ێکی نازدار و شەفافییەتێکی قەشەنگە.. لە واقیعیشدا (پیرەژن)ێکی چەپەڵ و نەگریس و داتەپیوە.. هەمدیسانیش چونکە ئەو شەفافیەتەی لە خۆرئاوادا هەیە.. هێندە باییێخدارە کە ئەو هەلەمان بۆ دەڕەخسێنێ، چۆن شتە جوانەکانی ببینین و هەستیان پێ بکەین.. ئەئاواش گەندەڵی و داتەپیوی و پۆخڵەواتەکانیشی ببینین و ئاشکرابن.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم: خاڵی یێکەمی ڕوونکردنەوەکەم بۆ ئەم تەلیسمە.. زێتر پێوەندیی بەم شەفافیەتە (زولاڵیە)وە هەیە و.. باسکردنی سەرجەمی کێشەکە وەك (وەهم)ێك.. تەنیا بۆچوونێکە لە بۆچوونەکان.. چونکە ڕۆماننووس (د.فەرهاد) بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی سیحری ڤینۆس و واقیعی پیرەژنەکە، کۆمەڵێك کەسێتی جۆراوجۆری لە واقیعدا هێناوەتە ناوانەوە:

1–ماڵە دراوسێکانی پیرەژن –ئەو ئەدرێسەی بەدوویدا وێڵە– کە وا دیارە هەموویان شتێك لەو نهێنییە دەزانن.

2–چەند ڕێبوارێك لەو دەڤەرەدان و.. هەر کەسێ پرسیاری ماڵی (ڤینۆس)یان لێبکات.. بەشێتی دەزانن.

3–خاتو (کارلۆس)ی خاوەنماڵی دارا و دەستەخوشکێکیشی بەزەییشیان بەو (شێت) و سەوداسەرانەدا دێتەوە.

4-لالۆ.. ئەو کەسێتییەی لە شارە دەسنیشانکراوەکەی ئیسپانیادا بووە هاوڕێی مەیخواردنەوەی و.. جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە هەموو ئەو شت و کەسێتی و ڕووداوانەی دارا باسیان دەکات "تەنیا وەهمێکی خۆیەتی و هیچیدی"[98].. ئەمجا پێیدەڵێت:

"کوڕی خۆم ئەوەی تۆ بەدوایدا دەگەڕێیت تەنیا جوانییێکی هونەرمەندانەیە.." [99].

5-قەرەجێکی فاڵگرەوە (مەدام میلاگا) کە باسی کچێکی بەناوی (ڤینۆس)ەوە بۆ دەکات:

"حەفتا ساڵێك پێش ئەمڕۆ.. کچێکی زۆر بەدەو لەوێ دەژیا.. دەڵێن ناوی -ڤینۆس- بوو" [100].

ئەمەیش زێتر ڕووناکی دەخاتە سەر خاڵی سێیەمی بۆچوونەکەمان لەمەڕ -تیژتێپەڕی کات یاخود خاوبوونەوەی زەمەن لای کاراکتەرەکان.

ئەوە هونەرمەند هێشتا تەمەنی 32 ساڵە.. بەپێی ئەو حسابەش دەبێ تەمەنی کچەکە گەیشتبێتە نزیکەی 90 ساڵی.. بویێ خاوبوونەوە و تیژ تێپەڕینی زەمەن بەنیسبەت هەریێکەیانەوە و لەمجۆرە کارە هونەرییانەدا دەبێ حسابێکی بۆ بکرێت.. بەتایبەتی لە ڕۆماندا.. گەرچی مایەی مشتومڕیشە.. وەلێ شتێکی نامۆ نییە.. چونکە لێرەدا ئەم جەختکردنە لەسەر ئەوەی بەر لە حەفتا ساڵ کچێکی ئاوا نازدار بەناوی (ڤینۆس)ەوە و.. کچی (دکتۆر ئێستیبان)یش بووە.. کە جگە لە (مێلاگا)ی فاڵگرەوە، بەبیرەوەری باوانی (مەدام کارلۆس)ی خاوەنماڵ و (مەدام سیمۆن)ی دەستە خوشکی و.. هەروەها لای (لالۆ)ش جەختی لەسەر کراوە:

پیرەژنیش لە حاڵیحازردا و لە هەمان شوێنی ئەدرێسەکەدا دەژی.. کەواتە تەنیا (زەمەن)ە هونەرییێکە لێرەدا وەك سیحر خۆی نیشان دەدات..

وێڕای گشت ئەمانەیش دەبێ خاڵێکی دی -کە بەلامەوە لەهەموویان بەهێزترە- بخەمە سەر ئەو پێنج خاڵەی پێشووتر لەمەڕ شیکردنەوەی تەلیسمەکە.. ڕۆماننووس خۆی لەم رۆمانەدا وەك کلیلێکی پێشنیازکراو بۆ کردنەوەی قفڵی تەلیسمەکە لەسەر زاری (لالۆ) ئاماژەی پێداوە و -لەمەوبەریش وەك نموونە هێنامەوە- ئەویش:

6-دەشێ سەرلەبەری (ڤینۆس).. عیشقێکی هونەرمەندانە بێت و گەڕانی هونەرمەند خۆیبێت بەدووی جوانیدا.. ئەو جوانییەی هیچ شاعیر و ڕۆماننووس و نیگارکێش و تارژەنێك..... ناتوانێ بیگاتێ.. لوتکەی هونەرە و بەپێگەیشتنی ئیدی هیچ نامێنێتەوە.. ئیدی لەتەکیدا ژیانیش لای هونەرمەند هیچ واتاییێکی نامێنێت و کۆتایی دێت.

بۆ ئەمەیش.. هەروەك لەسەرەتاشەوە ئاماژەم پێدا.. بەردەوامی و جەختکردنی ڕۆماننووس لەسەر هونەرمەندێتی کەسێتی یێکەمی ڕۆمانەکەی کە (دارا)یە و.. لە کۆتاییدا خولیا هونەرییێکەی دەگاتە لێواری (لوتکە).. بەو واتایەی هونەرمەندی ڕاستینە هەرچی داهێنانێکی هەیە نەگەیشتوونەتە دوا ئاستی خواستەکانی.. بەواتاییێکی دی ئەو نیگارەی دەیەوێت بیکێشێت هەرگیز نەیکێشاوە و.. ئەوانەی کردوونی و دەیانکات لە ئاستی خەونەکانیدا نین و.. هەر کاتێ گەیشتە ئەو شاکار و لوتکەیە.. ئیدی پێویست بەکارکردن ناکات و.. ڕۆماننووس لەسەر زاری هونەرمەندەکەی دەڵێت:

"دەمویست ڕەسمی -ڤینۆس- بکەم.. دەمویست ڕەسمی ئەو ڤینۆسە بکەم کە منی لە پاریسەوە هێنابووە سانتیاگۆ (...) ئەو ڤینۆسەی هەستم دەکرد لە منداڵییەوە دەیناسم و خۆشمویستوە.. ڕەسمم دەکرد و دەمدڕاندن..

ڕەسمم دەکرد و دەمدڕاندن.. هیچ تابلۆیێك.. هیچ نیگارێك لەو نیگار و تابلۆیانەم، تەنانەت میلیمەترێکیش ئەو جوانییە مەزنەیان نیشان نەدەدا کە لە خەیاڵی خۆمدا هەبوو" [101].

دەشێ ئەم ڕۆمانە نە هەر وەك کارێکی داهێنەرانەی نێو بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەر دابنێین.. بەڵکو وەك ڕۆمانێکی جیهانیش مامەڵەی لەتەکدا بکەین.. ئەو سیحرەی لەم ڕۆمانەدایە سیحرێکی دەسکرد و بەتۆپزی هەڵبەستراو نییە.. سیحرێکی پڕلە عیشق و جوانی و خەیاڵ هەژێن و تەنانەت قەناعەت پێهێنەریشە.. سیحرێك کە جوانی ئافرەت.. نازداری و خۆشەویستی دەکاتە هاوکێشەی مەوزووعی سیحر و داهێنانی نێو هونەری شێوەکاریی و تابلۆ و نیگارەکان.. شانبەشانی یێکدی تاکۆتایی ڕۆمانەکە بەردەوامە.. بەبێ لاسەنگی و لێك جوودابونەوە.. وەڵێ دەبێ خوێنەر بەوریایی خۆی وەدوویکەوێت و ئەم هاوکێشە مەوزووعیەی تێدا بدۆزێتەوە.

فەرهاد پیربال.. لە گەڵ لە کورتە چیرۆکەکانیشدا وێڵی دوای ئەمجۆرە هاوکێشە و سیحرەیە، بەڵام هەر جارەی بەشێوازێك.. تەنانەت هەندێجار هێندە لە یێکدی نزیك دەبنەوە وا هەست بکەین کورتە چیرۆکێکی وەك (پەراوێزەکانی ئەوروپا) [102].کەمتازۆر بۆن و بەرامە و سیحر و هەناسەکانی (ڤینۆس) و (پیرەژن)ی تێدایە.

لەم چیرۆکەشدا (کوردۆ) –بێگومان کوردێکی پەناهێندەیە– زمانی دانیمارکی نازانێ و لە شەمەندەفەردا بەرامبەر ژنە هونەرمەندێکی تەڕپیری دانیمارکی دانیشتووە.. هەردوکیان بەرەو شاری –سکاگن– دەچن.. کوردۆ ئەدرێسێکی پێیە و.. لەتەکیدا چەردەیێك ئومێد و ئاواتی تایبەتی خۆی هەڵگرتووە.. وا زەندەکات ناونیشانەکە هی کچێکی جوانە.. کەچی دواجار هەمان تەڕە پیرەژن دەیباتەوە ماڵەکەی خۆی.. چونکە ئەدرێسەکە ماڵی ئەوانە..

پیرەژن.. لەدایکبووی ساڵی (1938)ە.. چیرۆکەکەش لەساڵی 1993دا نوسراوە.. بەم پێیە ژنە دەساڵێك گەنجتر دەبێتەوە و دەبێ هەر 55 ساڵێك بێت.. نەك وەك نووسەر دەڵێت 65 ساڵە.

بەر لەیێکدی ئاشکرابوون.. باس هەمان باسی ئەوروپا و تەنیایی و غەریبییە.. بەتایبەتی بەنیسبەت دانیمارکییێکانەوە کە ڕیژەی خۆکوشتن تێیدا لە هەموو وڵاتانی دی ئەوروپا زێترە و.. پەناهێندە دەبێ سەرباری حاڵی ناهەمواری خۆی، باجی ئەو ساروسڕی و مردوێتییەی ئەوێیش بدات.

لە درێژەی گفتوگۆیاندا باسی (کیەر کیگارد)ی فەیلەسووفی وجودییەکان دێتە پێشێ و پیرەژن دەڵێ:

"–من و (کیەرێك گۆرد) بەتەواوی تا مۆخی ئێسکمان دانیمارکین.. دانیمارك ئەمانەیە: تەنیایی، تەنیایی، تەنیایی.. هۆکەیشی ئەوەیە کە وتم (من تەنیا ڕەسمی تەنیایی دەکەم)" [103].

هەر ئەم تەنیاییەیە پیرەژن بەرەو کوردۆ و کوردۆ بەرەو پیرەژن بۆ پشوویێکی نێو تەنیاییە سەرتاسەرییێکە ڕادەکێشێت..

کوردۆ لە دڵی خۆیدا دەڵێت:

"–نەمدەزانی ئەوروپا هێندە زەبوون و تەنیا و بێکەسم دەکات.. نەشمدەزانی ئەوروپا بۆ خۆیشی هێندە غەمگین و تەنیا و کەساسە" [104].

بڕوانە ئەم مەیموونە سپییەی نێو ئەم چیرۆکە چۆن بەوێنەی کچێکی جوانی نێو ڕۆژنامەیێك فریوی خواردووە و وەدوویکەوتووە.. چونکە لەژێر وێنەکەیدا نووسیوێتی.. گوایە حەزی بەناسینی پیاوێکی گەنجی ڕۆژهەڵاتی ڕۆمانسییە.. جا وێرای ئەوەی وێنەکە ڕاستە هی سەردەمی گەنجێتی ئەم پیرەژنە نیگارکێش و تەنانەت ڕۆشنبیرەیشە.

کەچی لەو ئەوروپا کەساس و غەمگین و تەنیایەدا بەمجۆرە سووکایەتی بەپەناهێندەی (ڕۆمانسی) خۆر هەڵاتی دەکات.. کە ڕەنگە لە ڕاستیدا مەبەستی گاڵتەپێکردنیش نەبێت و.. واقعە سارد و سڕ و بەرەو پیرێتی چونی ئەوروپا بەگشتی ئەمەی بەسەردا سەپاندبێ.. چونکە نە هەر پیرەژنەکە.. بەڵکو هەموو خۆرئاوا ئەوە باش دەزانن ساڵبەساڵ و نەوە دوای نەوە شەقام و شار و ژیان بەرەو هیچی و بێدەنگی و پوکاندنەوە دەچێت –وەك لەمەوبەریش ئاماژەمان پێدا– بەرەو ئەوە دەچێت سەرتاپای وڵاتێك بریتی بێت لە دووجۆر مرۆڤ.. نیوەی پیر و پەككەوتە و نیوەکەی دی خەریکی خزمەتکردنیان بن.. ژنهێنان و وەچەخستنەوە و خێزان پێکهێنان وردە وردە بەرەو نەمان دەچێت.. ئیدی خەڵکی تەحەمولی ئەو ئەرکە سەخت و درێژخایەنەی منداڵخستنەوە و پەروەردەکردنیان ناکات و.. کار وابڕوات یێکدوو نەوەی دی ناخایەنێت ئەوروپا دەبێتە گۆڕستانێکی سەرتاسەری.. یاخود هەر هیچ نەبێت هێزی کاری ئەوروپایی بەجارێك دەپووکێتەوە و.. ئەوەتا هەر لە ئێستەوە هەست بەوە دەکەن کە ئەوانەی ژیان بەبەر ئەوروپادا دەکەونەوە و شەقام و شار و شوێنە گشتییەکان و تەنانەت ئەپارتمانەکانیش بەقیژە و پێکەنینی منداڵ و مەزنەکان دەبووژێننەوە.. هەر پەناهێندە خۆرهەڵاتی و ئەفەریقاییەکانن.. هەر مەیموونە سپییەکانن وەچەدەخەنەوە.. زەماوەند دەگێڕن.. پێوەندیی (ڕۆمانسیانە!)یان لەتەکدا دەبەستن.. کاری ڕەش و سپی دەکەن.. هتد.

کەچی وەك لەم چیرۆکەدا –بەشێوازێکی نەرمتر و– لە چیرۆکەکانی پێشوو و داهاتووشدا بەشێوازێکی دوژمنانەتر و بەچاوێکی سووکتر لە مرۆڤ بۆیان دەڕوانن.

فەرهاد لە چیرۆکی (پەتاتەخۆرەکان) [104] دا کەسێتی یێکەم (فەرەیدوون) چەندین جانتای پڕ لە زێڕ بەدیاری لەتەك خۆیدا دێنێتەوە.. وەلی هەموو کەس و کاری لەم دەستودیارییەی لالوتن.. چونکە ئەو زێڕانەیان بەلاوە پەشمە و حەزیان لە (پەتاتە)یە. شەیدای پەتاتەن نەك زێڕ!!

پووری بەبۆڵە بۆڵ: "خەڵك لەخاریج دەگەڕێنەوە.. بەفەردە پەتاتە لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە کەچی ئەو (شتێکی) هێناوەتەوە هیچ سوودێکی نییە.. لە خۆیشی زێتر کەسی دی تێناگات چییە" [105].

سەرنجی وشەی (شتێك) بدەن.. بێگومان ئەو (شتە) لە چیرۆکەکەدا (زێڕ)ە.. هەمدیسان سەرنجی ڕستەی (هیچ سوودێکی نییە) و.. دواتر (لە خۆیشی زێتر کەسی دی تێناگات چییە) بدەن!

فەرهاد زۆر وریایانە.. بەم وشە و ڕستانە دەمانخاتە گومانەوە.. تۆ بڵێی ئەو دیارییە (زێڕ) بێت؟! ئایا هیچ شتێ بۆ دیاریی لە زێڕ بەهادارتر و گرنگتر هەیە!! ئایا زێڕ هیچ سودێکی نییە؟! ئاخۆ هەرچی دیاریی دنیا هەیە.. بە(پەتاتە)یشەوە هەر بە(زێڕ) ناکڕدرێن؟! مەبەست (لە خۆی زێتر کەسی دی لە (زێڕ) تێنەگات) چییە؟! بێگومان هەموو کەسێك دەزانێ زێڕ چییە.. کەواتە ئەم دیارییە، ئەو زێڕە کانزایی و گرانبەهایە نییە کە هەموو کەسێك ( و بەتایبەتی ئافرەت) شەیداین و دەیناسنەوە !

لێرەدا بێگومان دەبینین ئەم دیارییەی (فەرەیدون)ی سیانزە ساڵ لە خاریج ژیاو نە (زێڕ)ە و نە (دۆلار) و نە هیچ دراوێکی گرانبەهای دییە.. دیارە شتێکە لای ئەوان لە پەتاتەیش سووکتر و کەمبەهاترە.

ئاشکرایە ساڵانی برسێتی و گرانی لەکوردستانی باشووردا (پەتاتە) وەك ماددەیێکی خۆراك بەهای خۆی هەبوو.. هەروەکو چۆن لە گەمارۆدانی شارەکانی سۆڤیێتدا لەلایەن نازییەکانەوە لە ساڵانی دووەمین جەنگی جیهانیدا.. ئەگەر (پەتاتە)یان دەستبکەوتایە.. دەیانکردە جەژنی ڕاستینە..

لای خۆشمان دوای ڕۆیشتنی فەرەیدوون بۆ هەندەران.. سیانزە ساڵ –وەك لە چیرۆکەکەشدا باسی دەکات– تاعوون بڵاوبۆتەوە و لەو ماوەیەدا خەڵکی لەبرسا هەر بە(پەتاتە)وە بژرکاندوویانە.. جانتا پڕ لە زێڕەکانی فەرەیدوون هێندەی دی دەردیان گران دەکات و.. بۆ (زێڕ)ەکان دەڕوانن:

"–هەمووی هەر زێڕە؟

–بەڵێ هەمووی هەر زێڕە

–یەعنی هیچ پەتاتەت لە خاریج نەهێناوەتەوە؟ (...)

–نەخێر هیچ پەتاتەم لە خاریج نەهێناوەتەوە" [106].

گەرچی نەهامەتییێکانی گرانیی دوای ڕاپەڕینی باشووری کوردستان نە سیانزە ساڵی خایاند و نە گەیشتیشە ئاستی هەناسەساردی و سەرگەردانییێکانی خەڵکی سۆڤییێتی ساڵانی شەڕی جیهانی و لە هەردوو حاڵەتیشدا و لە هەموو حاڵەتێکی دیکەشدا (پەتاتە) هەر لە پەراوێزی (زێڕ)دا دەگیرسێتەوە و.. هەمدیسان وێڕای ئەوەی کەس و کار مەبەستیان لە (پەتاتە) شتێکی دیکەیە.. وەلێ چیرۆکنووس ئەم مادە خۆراکییەی تەواو و پڕ بەپێستی ڕەوشەکە و.. هەروەها پڕ بەپێستی ڕەمزەکەیش، هونەرمەندانە خواستوویەتی و.. سەلیقەیێکی وردی تێدا بەکارهێناوە و.. خوێنەر وێڕای سەرسوڕمانیش هەست بەتەبایی دەکات و لەتەکیشیدا بیر لە (پەتاتە) ڕەمزەکە دەکاتەوە.. لەوانەیە دوای کەمێك ڕامان بۆی ڕوونبێتەوە مەسەلەکە پێچەوانەیە و.. هەموو کەس و کار مەبەستیان لە (فەردە پەتاتە) (فەردە دۆلار)ە.. گلەیی ئەوەی لێدەکەن بۆچی دۆلار یان (زێڕ)ی ڕاستینەی بۆ نەهێناونەتەوە و.. بۆچی ئەم (شتە)ی بۆ هێناونەتە کە لێی (تێناگەن)!؟.. ڕاستیش دەکەن.. چونکە ئەو (شتە)ی هێناوییێتیەوە –گەرچی لای فەرەیدوونی ڕۆشنبیر و شاعیر لە (زێڕ) بچێت و.. تەنانەت لە زێڕیش بەهادارتر بێت– لای ئەوان لەپەتاتەیش بێبەهاترە.

لەوانەیە ئەو (شتە) لە بنەڕەتدا مادی نەبێت و مەعنەوی بێت.. چونکە لە بەشی دوایی چیرۆکەکەدا زێتر ئاشکرا دەبێت.. کاتێ دەچێتە بەردەمی وێنەکەی دایکی.. وێنەی دایکی دێتە گۆو.. پەردە لەسەر نهێنییێکە لادەبات..

داییك لێرەدا هەر لە ڕەمزە تەقلیدییێکە دەچێت و.. پێدەچێت نیشتمان –و میللەت و دیرۆکیش– بێت.. گرینگ ئەمەیان نییە.. گرینگ ئەو پەیوەندییە پتەو و جوانەیە لە نیوان (دیارییێکە) و (دایك– نیشتمان)دا هەیە..

هەرچەندە ئەو (دایك–نیشتمان)ە.. بەهۆی تاعوون (چڵێسی و شەڕی میللەتکوژی و تاڵانکردنی نیشتمان)ەوە لەگۆڕنراوە (سووك و ڕیسوا کراوە).. وەلێ هەر ئەوە قەدری ئەو –زێڕ–ە دەزانێت.. بۆیێ بەرەو وێنەی دایکی کۆچکردووی بەقەد دیوارەوە وەستاو، کە لەکاتی تاعوونەکەدا مردبوو، دەچێت.. ئەو دایکەی "تاقە کەسێکە لەم وڵاتەی خۆیدا.. لە گوندەکەیان، کە نرخی زێڕ تێدەگات (...) بەڵام حەیف.. ئێستە ئەو لەنێو گۆڕێکی سارد و سڕدایە!" [107].

هەموو دەزانین چیرۆکنووس جگە لە بەرهەمەکانی لەبواری ئەدەبیدا.. تۆژەرێکی ناسراویشە.. ئەمەیش وایکردووە ئەو ساڵانەی لە هەندەران بوو.. بەدووی ئەو دیکۆمێنت و سەرچاوانەدا کە پەیوەندییان بەمێژووی گەل و نیشتمانەکەی و ناوچەکەیشەوە هەیە بگەڕێ.. ئەو دیکۆمێنتانەی زانیاریی جۆراوجۆریان لەمەڕ کولتوری نەتەوەکەی لەخۆگرتوون.. دواتریش دەشێ کەسێتی چیرۆکەکە و چیرۆکنووس (فەرەیدوون و فەرهاد) هەرییێك کەسێتی بن و.. ئاخۆ ناتوانین بڵێین ئەو (دیارییە)ی نێو ئەم چیرۆکە.. هەر ئەو کاغەز و وێنە و نەوارە کۆن و شڕانە بن کە لەوێ

کۆیکردوونەتەوە و لەتەك خۆیدا هێناونێتیەوە؟! بێگومان کەس وکاری لێیان تێناگەن و تەنیا خۆی و (دایك– نیشتمانی لەتلەت و لە خوێنی خۆیدا گەوزاو و دیرۆك بزر و دزراو و کۆستکەوتوو)ی دەزانن ئەوانە بەڕاستی لە زێڕیش بەهادارترن.. نەك لە (پەتاتە– دۆلار)! کەواتە فەرهاد هەمدیسان بەرامبەر کێشەیێکی تەریبی دیکە ڕامان دەگرێت.

دۆلار--> پەتات--> زێڕ.. لەلاییەك و

کاغەز--> دیکۆمێنت--> کولتور و مێژوو.. لەلاییەکی دی.. ئەمەیش بەشێوازێکی سادە و ڕەوان و سەرنجڕاکێش سیحری ئاوێتەی چیرۆکەکەی کردووە.. (پەتاتە)ی لە (تۆڵەکە) بێبەهاتری کردۆتە هیوا و ئومێدێکی چاوەڕوانکراو لەلایەن خەڵکی ئەم باشوورەوە، ئەم (پەتاتە)یە.. بێگومان– لە کاغەزە شڕ و وێنە و دەقی ڕیکەوتننامەی نهێنی نێودەوڵەتی و دیکۆمێنتی سەدان ساڵەی نەتەوە و خاکێك گرینگرە.. چونکە (پەتاتە--> پارە-- <زێڕ) دەکارێ مرۆڤێ، جڤاتێ، نەتەوەییێك لە لەبرسامردن بپارێزێت.. وەلێ لەو ڕۆژگارەدا کاغەزە شڕ و جەریدە کۆن هیچ دادێکیان نادات.. بۆیێ ئاماژە و ڕەمزەکان زۆر ئاساییێ بەڵام سەرسامکەرانە جێی خۆیان دەگرن و.. پێمان نامۆ نین و.. چیرۆکەکە بەکارێکی بێهودەیی نادرێتە قەڵەم.. وەك ئەوەی لەچیرۆکی (پەناهەندە)[(108)] کەی فەرهاد خۆیدا دەیبینین و.. پەناهێندە کوردەکە تێیدا دە دانە مۆز پاك دەکات و دەیانخوات و توێکڵەکانیان فڕێ دەداتە سەرجادەکە!

ئەم پەناهێندەیە دوانزە ساڵە لەئەڵمانیادا دەژی و مافی پەناهێندەییان نەداوەتێ.. دیارە دوایی تێکچووە و

"دوێنێ ئێوارە لە گازینۆییێکی شاری –میۆنیخ–دا پۆلیس بینیویانە داوای دە مۆزی کردووە و.. پاشانیش مۆزی یێکەمی خواردووە و پەلکەکەی فڕێداوەتە سەر شۆستەکە.."[(109)].

ئەم ڕەفتارەی ئەم کەسێتییە دەبێتە مایەی مشتومڕ و لێپێچانەوە لەلایەن پۆلیس و خەڵکی شار و هەروەها لە میدیاکانی ئەو وڵاتەدا وەك هەواڵێکی سەرسوڕهێنەر بڵاودەکرێتەوە.. ئیدی کێشەی مۆز لەدوای مۆز خواردن فڕێدانی پەلکەکانیان بۆ سەرشۆستەکە هێندە دووبارە دەبێتەوە –دەبێتە حیکایەتی مێشەکەی لای خۆمان– کە هەرجارە و بەشێوازێك و بەبەکارهێنانی جۆرەکانی کرداریش.. بەترسەوە.. بەجیدی.. بێدەربەستانە.. لەسەر زاری بگۆ و کەسێتی دووەم و سێیەم و لە ئێستە و ڕابردوودا.. هتد.

لێرەدا گەرچی دەشێ بەشێوازێك لە شێوازە بێهودەییێکانی (بەردەکەی سیزیف) بچوێنرێت.. کە کەمتازۆریش چ بەردەکەی سیزیف و چ مۆزەکانی مەیموونە سپییێکەی د. فەرهاد پیربال.. مەبەستێك یان زێتریان لە هەناودایە.. وەلێ وەك خودی ڕەفتارە ڕووکەشەکە و وەك دووبارەکردنەوەی شێوازی ڕستەکان لە لایەن پەناهەندە و کەسان و میدیاکانەوە.. زێتر گوزارە لە بێهودەیی ژیانی پەناهەندەکە دەکات.. لەپاڵ جۆرێك لە بێزاری دەربڕین و پرۆتیستۆییێکی نێگەتیڤانە بەرووی سەبەبکارانی ئەو ڕەوشە ناهەموارەی بۆ ئەمجۆرە پەناهێندانە خولقێنراوە.. لە هەمانکاتیشدا بەپێچەوانەیشەوە.. چیرۆکنووس –هەر هیچ نەبێت– ئاماژە بەسەبەبێکی سووك بۆ ڕوانینی ئەڵمانەکان بۆ ئەو (مەیموونە مۆزخۆرانە) دەدات، کە وڵاتە خاوێنەکەیانی کردۆتە سەرە نوێلك و وەك لە دارستانەکەی خۆیدا بژی وایە و هیچ پێڕەوێکی ئەو یاسایانە ناکات کە بۆ خاوێنڕاگرتنی شار و ژینگە دانراون.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە



پەناهێندەی بێوێڵ و وسووڵی کورد و خۆرهەڵاتی و ئەفریقایی بەشێوەییێکی گشتی وەك ئاژەڵ –مەیموون–ێکی برسی (دەمۆز بەسەرییێکدا دەخوات) و، پیس و پۆخڵ (پەلکەکان فرێدەداتە سەرجادە).. ڕووداوەکانە ئەو شارستانێتییە و ئەو یاسا و پێڕەوە تایبەتیانەی لە بنەڕەتەوە لەگەڵ ئەوانەی دەڤەری پێشوویاندا جیاوازن..

ئەم دەعبایانە بەنیسبەت ئەوروپاییێکانەوە وڵات و ژینگە پیسکەرن.. هەڵگری کولتور و ڕەفتاری دەبەنگانە و تۆقێنەرن.. بەڵکو هەندێجاریش کاریکاتێرانە و قەشمەرییانەن.

ئەم ڕووداوە چەند بەلایانەوە (شێتانە)یە.. هێندەش کاریکاتێرانە و جێ سەرنجی میدیاکانیانە.. هەزاران شتی لەم بابەت و لەوەش ناشیرینانەتر و ناسروشتییانەتریش لای خۆمان هێشتا ئاسایین و مایەی سەرنجڕاکێشانی کەسانی دەوروبەریش نین.. چجای پۆلیس و میدیاکان.

پێویستە لێرەدا ددان بەوەدا بنێم کە ناونیشانی ئەم باسەم لەو ئیحایەوە وەرگرت کە ئەم چیرۆکە پێیبەخشیم و.. لەکانگەی دڵمەوە سوپاسی د. فەرهاد دەکەم..

هەر لەمجۆرە نموونانە.. چەندین کەسێتی سەیر وسەمەرە لەنێو کۆمەڵە چیرۆکی (ئەسپیدیلۆن)یشدا بەدیدەکەین.. لێرەدا ناخوازم بچمە نێو ئەو لایەنە سایکۆلۆژییەی مرۆڤەوە بەگشتی و پەناهێندە کوردەکانەوە بەتایبەتی کە چۆن لە دوورە وڵاتەوە پەرۆشی یادگار و بیرەوەرییێکانن و.. چۆن زۆرجاریش حاڵەتەکەیان دەیانگەیەنێتە پلەی (نۆستاڵژیا)..کەسێتییێکانی زوربەی چیرۆکەکانی (ئەسپیدیلۆن)ی (کاروان عومەر کاکەسوور) گەرچی لە ئەوروپادا دەژین، بەڵام هەموو خەون و خولیاکانیان هەر لای نیشتمانە.. بەتایبەتی چیرۆکەکانی (جیهان لە فنجانێ قاوەدا) و (ماسی) و (ئەسپیدیلۆن) و (پێڵاوی چەرخەدار).. لەم چیرۆکەی دواییاندا.. کویستان کچە کۆچبەرێکی تەنیای کوردە لە ئەڵمانیادا لە کەمپدا دەژی و.. وێڕای ئەوەی شاعیر و چیرۆکنووس و کەمانچەژەن و گۆرانیبێژە –کە لە چیرۆکەکەدا هەست بە هیچکام لەمانە ناکەین و ئەگەر لەم سیفاتانەشی داماڵین هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێت–.. دەخوازێت بە پێڵاوی چەرخەدارەوە فێرە خلیسکانێ بێت و.. دوایئەوەی دەگلێ و لە نشێوێکدا بە قاچشکاوی دەگیرسێتەوە.. بیر لە مەرگ و ئەتوارەکانی دەکاتەوە کە چۆن دوژمنایەتی کات (زەمەن) دەکات و.. سەیری سەعاتەکەی لە ئاوێنەدا بە پێچەوانەوە دەکات و.. شەوی کردووە بە ڕۆژ و ڕۆژیش بە شەو..هتد.. دواجار کە هەردوو قاچی لەدەستدەدات دەڵێت:

(–ئاخۆ لەمەودوا کە پێڵاوەکانم دەکەمە ملم حاڵم چۆنبێت!؟)[110].

ئەڵبەت (هێڤان)ی کوڕە لووسکەکە و کەسێتی یێکەمی نۆڤێلی (ئەسپیدیلۆن) –کە سەرباری ئەوەی ئەمیش ئەدیب و هونەرمەندە.. هەموو ئەتوارێکی و تەنانەت شێوە و ڕوخساریشی هەر بە هی کیژان دەچێت–.. حاڵی لە حاڵی (کوێستان) باشتر نییە و.. دواجار دەبێتە مایەی گاڵتە و قەشمەرییپێکردنی منداڵە دانیمارکییێکان.

هەروەك چۆن کەسێتی سەرەکی لە چیرۆکی (لامارتین)[111].ی د. فەرهاد پیربالدا گەرچی شاعیر و هونەرمەند نییە.. وەلێ باسکار و توێژەرێکی شیعرە.. واتا ئەمیش چارەنووسی خۆی داوەتە دەست شیعر.. چیرۆکنووس لێرەدا جارێکی دی سەرنجمان بۆ ئەو زەمەنە شارستانییەتە ڕادەکێشێتەوە کە ئێمە لە ئەوروپا (خۆرئاوا) جیادەکاتەوە.. پێدەچێت لەوێ (فەرەنسا) بەختی شیعر لە ئاوابووندا بێت.. کە تا ئەم چەند ساڵانەی دواییش شیعر لای ئێمە و بەپلەی یێکەم باڵی بەسەر تەواوی مەیدانی فیکر و کولتووردا کێشابوو.

ئەوەتا پەناهێندە کوردێکە و لە پاریسدا دەژی و بەدووی کاردا دەگەڕێ.. خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە لە (قافیەی شیعردا).. لەبەرئەوە هیچ کارێکی وەچنگ ناکەوێت.

ئەم کەسێتییەی د.پیربال هەر وەك وەسفێکی ڕاگوزەری پێوەندی بە شیعر و ئەدەبەوە نییە.. بەڵکو بەڕاستی لەنێو خولیا شیعرییەکاندا دەژی.. بۆیێ دەچێتە لای پەیکەری (لامارتین)ی مەزنە شاعیری فەرەنسایی سەدەی نۆزدەیەم و.. تەنیا لامارتین بەشایستەی ئەوە دەزانێت لەتەکیدا بکەوێتە ئاخاوتن و ڕاز و گلەیی و دەردەدڵ هەڵڕشتن.. (لامارتین) پێیدەڵێت.

"–تۆ لە سەرەتاوە نەدەبوایێ چارەنووسی خۆت بدەیتە دەست شیعر و جوانی نوسینەوە" [112].

کە دکتۆری قافیە لێیدەپرسێت ئەی بۆچی خۆی وایکرد.. لە وەڵامدا دەڵێت:

"–من کەر بووم" [113].

ئیدی (لامارتین) لێی جیادەبێتەوە –چونکە پاسەوانی شەوانەی ئوتێلێکە و دەبێت بەپەلە بگاتە سەر ئیشەکەی..

کەواتە چیدی شیعر و قافیە بەهانای ئەم دوو ئادەمیزادەی (سەدەی نۆزدەیەمەوە!) لە پاریسی ئەمڕۆدا نایەت و هەردووکیان غەریبن.

ئەمیشە حاڵەتێکی دیکەی کزۆڵەیی و لووتشکاوی پەناهەندەیە.. کە بڕوانامەکانیشیان لە بڕوانامەی (یاوەرانی ئەشکەوت) دەچێت و.. چیرۆکنووس لە چیرۆکی (شێر)[114].یشدا.. ئەو حاڵەتە زێتر بەرجەستە دەکات و دەتوانین بەمشێوەیە ڕایگرین:

شێر– لە جێی بڕوانامەی (دکتۆرای ڕۆژهەڵاتی).

خاتو ئانلی– لە جێی پەیکەرەکەی (لامارتین)

خاتو ئانلی لێپرسراوی پەناهەندەکان بە (شێرزاد) کەسێتی یێکەمی چیرۆکەکە دەڵێ ناوێکی خۆشت هەیە و لێیدەپرسێ:

"–شێرزاد لە زمانی کوردیدا هیچ واتایێك دەگەیەنێ؟

ئەمیش گوتی: بەڵێ

گوتی: چی

–ئەو کەسەی دڵ بڵند و دلێرە"[115].

ئیدی شێرزاد بەخەیاڵ دەگەڕێتەوە گوندەکەیان.. بۆ ئەو ڕۆژەی شێرێکی پەککەوتە هاتە هەیوانەکەیان و هێندە شەکەت بوو هیچ دەسەڵاتێکی نەمابوو.. دایکی پارچە مریشکێك و سێوێکی لەبەردەم دادەنێ..

هاوکێشەکە لە چیرۆکەکەدا ئاوا دەکەوێتەوە..

(شێری ئەوسای گوندەکەیان= شێرزادی ئێستەی پاریس)

(دایکی شێرزاد= خاتو ئانلی لێرسراوی پەناهێندەکانی پاریس)

بنۆڕن! شێری لای خۆمان و شێرزادی پەناهەندە.. هەردوکیان (شێر) یاخود دڕندەیێکی پەککەوتەن..لە هەردوو لا (دایکی شێرزاد و (ئانلی) بەزەییان بەم دوو (شێر)ەدا دێتەوە و.. خۆراکیان دەخەنە بەردەم و کارئاسانی ژیانیان بۆ دەکەن..

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە



بەواتاییێکی دی ئەگەر هەردوو: (شێر) و (شێرزاد) لە حاڵەتی نابووتی و دەستەوسانیدا بن.. ئەوا چ خاتو ئانلی و چ دایکی شێرزاد لە حاڵەتی ئینسانیدان و میهرەبانن و توانای بەخشندەییشیان بۆ ئەو دوو ئاژەڵە (شێرەکە و مەیموونە سپییەکە –شێرزاد) تێدایە.. بگرە دایکی شێرزاد لە (ئانلی) زێتر جێی ڕێز و مایەی شانازییە.. چونکە ئەم خۆبەخشانە میهرەبانی دەنوێنێ و پێدەچێت ئەو فەرمانبەرێك بێت و هیچی دی.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەو ڕاستیانە، یاخود ئەم چەند تێبینییەم بخەنە بەر دیدی خوێنەر:

1–ئەم باسە سەرجەمی ئەو چیرۆك و ڕۆمانانەی لەخۆنەگرتووە کە بەزمانی کوردی و چیرۆکنووسانی کورد نوسیویانن و شانۆی ڕووداو و کەسێتییێکان تێیاندا لە هەندەران و دەرڤەی نیشتمان بوون.. بەڵکو تەنیا چەند نموونەیێکم لێ باسکردوون کە لەبەردەستمدا بوون.. یاخود توانیومە پەیدایان بکەم.. کە نزیکەی 35-40 چیرۆك و ڕۆمانی گرتۆتەوە.. بێگومان گەلێ نموونەی دی لەم بارەیەوە هەن و تەنانەت هەندێکیشیانم لەبیر و خەیاڵدا بوون.. لێ وەك سەرچاوە لەبەردەستمدا نەبوون..

ئەمە جگە لەوەی کە پێنج چیرۆکی خۆیشم لەم ڕووەوە بڵاوکردونەتەوە و حەزم نەکرد باسیان بکەم و لەگەڵ ئەم چیرۆکانەدا ڕیزیان بکەم.. ئەوانیش! (وێنەکەی خوشکت).. لە وڵاتێکی ئەوروپادا ڕوودەدات.. (ئەگەر گوڵ نیت دڕك بە) لە تورکیا.. (پێت نەگوتم تۆ کێیت!) لە ئەوروپا (تەوقەی خۆشەویستی).. لە نیوان ئەمریکا و کوردستاندا[116] لەگەڵ (کەپسوولی ئەڤین) [117] دا لە نیوان گەردوون و زەویدا..

2–لە سەرەتادا نیازی ئەمەم نەبوو.. بەڵکو دوای خوێندنەوەی ڕۆمانی (سانتیاگۆدی.....) د. فەرهاد پیرباڵ.. ماتەمینییێکی خەست دایگرتم و.. ئەو پرسیارە سادەیەم لەخۆم کرد.. بۆ دەبێت لەنێوەندی ئەدەبی ئێمەدا و بەتایبەتی دوای ڕاپەڕین لەنێو ئەو لێشاوە چاپەمەنیانەدا شاکارێکی نازداری وەك ئەم ڕۆمانە بەبێدەنگ بەژێر لێوەوە بکرێت و.. بۆچی دەبێت شیعرێك یان نووسینێکی سادە و ساکاری کەسێتییێکی حیزبیی دەستڕۆیشتوو دەیان وتار و کتێبی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی ماستاو سارکردنەوەی پڕ لە خەتخەتێن و هەڵمەقۆی بێمانا بکرێت!؟ ئیدی ویستم بەتەنیا باسی ئەم ڕۆمانە بکەم و هیچی دی.. کە هەندێ ڕامام و بیرمکردەوە.. خۆ هەر فەرهادە چیرۆکی (پەتاتەخۆرەکان)یشی نوسیوە و.. گەرچی زەمینەی ڕووداوەکان ڕاستەوخۆ لە هەندەراندا نییە.. وەلێ پێوەندییێکی توندوتۆڵی بەکۆچ و هەندەرانەوە هەیە و.. شایانی ئەوەیە ئاوڕێکی ڕەخنەگرانەی لێبدرێتەوە..

ئەمجا ئەی چیرۆکی (سەگدۆست)ی ئەنوەر محەمەد.. کە بەڕاستی گەمە و چاوشارکێییێکی هونەرییانەی (گۆگۆڵ)یانەی تێداکردووە..

ئەی ئەو چیرۆکانەی دی کە بەهۆی سانسۆرەوە و بەناچاری هەموو شۆڕش و تێکۆشان و بەرگرییێکی نەتەوەکەمانیان گواستۆتەوە سەر زێد و خاك و نیشتمانێکی تێکۆشەری دی لەپێناوی سەرفرازی و ئازادی و پێشکەوتن و ژیانێکی باشتردا؟!

ئیدی لەوەوە هات ەسەر ئەم باسە دوورودرێژە و هێندەی لەتوانامدا بوو خۆم پێوە خەریك کردو.. بێگومان کەم و کوڕییێکانیشی زۆر زۆرە و.. لەوانەیە بەدەگمەن نووسەرمان هەبێت هێندەی خۆم هەست بەکیماسییێکان بکات.. چونکە بەدەیان چیرۆکم بەسەرنەکردۆتەوە و بێگومانیشم هەندێکیان شایانی بەسەرکردنەوە و تۆژینەوەن.. من ئەمە باش

**دەزانم و.. پێدەچێت هەر یێکی لەو چیرۆکنووسانەی بەسەرنەکراونەتەوە، تەنیا هێندە گلەیی بکەن کە بۆچی ئەو یێکدوو چیرۆکەیانم باس نەکردون!**

**3–جارێکی دی دووبارەی دەکەمەوە بۆ کە ناونیشانی باسەکەم.. سرووشم هەر لە چیرۆکی (پەناهەندە)ی فەرهاد پیربالەوە وەرگرت.. لەو مەیموونە سپییە هەناسەساردەی خەریکی مۆزخواردنە و وادەزانێ هێشتا لە دارستانەکەیدایە نەک ئەوروپا..**

**ئە نجام:**

**1–لەگەڵ لەو چیرۆکانەدا و.. بەهۆی دوورە دەستی چیرۆکنووس، یان کەسێتی نێو چیرۆکەکانەوە.. توانراوە پەل بۆ گەڵ بابەتی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی ببرێت و باس لە خەبات و تێکۆشان و بەرگریکردن لە خاك و نەتەوە و مرۆظ و.. چۆنێتی هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و ئازادی و ژیانێکی باشتر.. وەك چیرۆکەکانی فایەق زێوەر –میرزا مەنگووری– بلە– مارف خەزنەدار– محەڕەم محەمەد ئەمین– ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل– سەعید ناکام– شێرزاد حەسەن.. هتد. کە دەتوانین ئەمانە بەگشتی لە خانەی ئەو چیرۆکانەدا دابنێین کە بەر لە ڕاپەڕین نوسراون.. یاخود هەر هیچ نەبێت**

چیرۆکی پەنابەرە کوردەکان نین کە دوای ڕاپەڕین بەمەبەستی دابینکردنی گوزەرانێکی باشتر بۆ (خۆیان) نیشتمانیان بەجێهێشت.

2–هەروەها توانراوە گوزارە لە هەندێ کێشەی سێکسی و تەنانەت پرۆسە سێکسییەکانیش بەڕاکشاوی لە دەرڤەی زەواجدا بکرێت سەرباری دەسبردن بۆ کێشەی ئایین.. کە پێدەچێت لای خۆمان و لەلایەن هەندێ دەستە و لایەنەوە نە هەر بەکوفر و حەرام و قەدەغەکرا و تاونبار بکرێن، بەڵکو ئەگەر چیرۆکنوسێکی نێوخۆ وا ڕاشکاوانە پەلیان بۆ بکوتێ، ئەوا لە لایەن خوێنەریشەوە بە زێدەڕەوی دادەنرێت.. ئەم دیاردانەیش زێتر بەنووسینی ئەو چیرۆکنووسانەوە دیارن کە دوای ڕاپەڕین گەیشتوونەتە هەندەران و، لەوێ پەناهەندەن.. وەك زۆربەی هەرە زۆری –گەر نەڵێم هەموو– چیرۆکەکانی جەزا چنگیانی.

3–هەر لەنێو ئەو چیرۆکانەی پەناهەندەکانی دوای ڕاپەڕین نووسیویانە.. چەندین بابەتی جۆراوجۆر لەمەڕ سووك تێڕوانینی پەناهەندە دەدۆزینەوە کە چ لەلایەن ئەوروپییەکانەوە بەسووك و چرووك و بچووك و دواکەوتو و شێت و پیس و دەستبڕ و دەرۆزەکەر مامەڵەیان لەتەکدا کردوون و چ وەك کەسێتی چیرۆك و ڕۆمانەکان خۆیان بەو شێوانە نیشانی ئەوانی ئەوروپایی داوە.. وەك چیرۆکەکانی ئەنوەر محەمەد –فەرهاد پیرباڵ– کاروان عەبدوڵڵا– بەکر حەسەن – کاروان کاکەسوور و هتد

4–لەنێو ئەم دەیان چیرۆکەی لێرەدا باسمکردوون.. هەندێ نموونەی بەرز و جوانی هونەریی گەورە بەدیدەکەم – جگە لە زۆربەی ئەو چیرۆکانەی لە خاڵی یێکەمدا باسمکردن– کە هەر یێکەیان بەپلەییێك لە پلەکان هەڵگری سیحرێکی هونەرین.. یاخود ڕەمز و هێماییێکی جوانن.. یاخود عیشقێکی سەوداسەرییانەن.. یان هەر هەموو ئەمانە لە تاکە چیرۆکێکدا کۆکراونەتەوە.. بەتایبەتی لە ڕۆمانی (سانتیاگۆدی کۆمپۆستیلا) و (پەتاتەخۆرەکان)ی فەرهاد پیرباڵ و (سەگدۆست)ی ئەنوەر محەمەد و (سەفەری مردووەکان)ی کاروان عەبدوڵڵا و (پاتریسیا و دیارییێکەی) جەزا جنگیانی..دا.

# سەرچاوەکان

1–فارووق ڕەفیق– ماڵێکی لێکترازاو ویژدانێکی بیمار– سلێمانی –2002– ل 22.
2– ڕێبوار سیوەیلی –دیاردەگەرایی تاراوگە– چ/2 دەزگەی ئاراس –هەولێر 2002 ل/ 37
3– ڕێبوار سیوەیلی –دیاردەگەرایی تاراوگە– چ/2 دەزگەی ئاراس –هەولێر 2002 ل/ 112
4–ئیسماعیل تەنیا –سەفەری ڕەش– هەولێر 2002– ل 36–32.
5– ئاسۆ جەبار –کۆچ و سەفەر– چ2 سلێمانی 2000 ل 152
6–هەفتەنامەی (صوت الشعب) ژ 4 ڕۆژی 2002/10/15، هەولێر.
7–هیوا –نیشتمان و نامۆیی لە بەرهەمی پێنج هونەرمەندا (فایەق ڕەسول– نەهرۆ– دادۆ– گارا– عەلی هادی) لە شاری (ڤیێن) ڕەهەند ژ 11 ساڵی 1990.
8–هیرمان هێسە/ ڕۆمانی (الصیف الاخیر لکلینکسر) ت: ستار سەعید زوینی– دار المدی. 1996.
9–محەمەد فایەق زێوەر – چیرۆکی‌شەوێك لەسەر لووتکەی ئێڤەرست– گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) ژمارەکانی7،5 6،4،3 ،2 ،1، ساڵی سێیەم 1945 ل/ 2412.

10–محەمەد ئەمین مەنگووڕی – گەشتی ئەستێرەی مەریخ– چاپخانەی نوعمان –بەغدا– 1971.
11–ئیبراهیم ئەحمەد –کویرەوەری– بەغدا 1959 ل/ 103.
12–س.پ – ل/ 80.
13–مارف خەزنەدار –بووکەشووشە– ل/ 57.
14–مارف خەزنەدار –گۆڤاری (بەیان) ژ–10 س– 1973 ل/ 1و2.
15–هـ.س.پ –هەمان لاپەڕە.
16–سەعید ناکام –ئاگری بن کا– هەولێر 1999
17–محەڕەم محەمەد ئەمین –گۆمی شڵەقاو– بەغدا– 1957.
18–س.پ– ل/ 97.
19–ئەنوەر محەمەد/ چیرۆکی (سەگدۆست) –گۆڤاری دایەلۆگ ژ 4 سلێمانی.
20–س.پ/ 79.
21–هـ.س.پ/ ل 80.
22– ئەنوەر محەمەد ئەحمەد –کۆچیرۆك– ئەڵمانیا 2001 ل/97-91
23–هـ س پ / ل93
24–هـ س پ / 94
25–هـ س پ ل/95
26–هـ س پ ل/32
27– هـ س پ ل/169-161
28–هـ س پ ل/166
29–هـ س پ ل/165
30–هـ س پ ل/166
31– ئەنوەر محەمەد ئەحمەد – چیرۆکی (تراوما) هەفتەنامەی (پەیام) ژ/30 ئازاری 2001 لەندەن
32-بەکر حەسەن – چیرۆکی (دادگەی گوڵ) –گۆڤاری (کوردستانی ئەمڕۆ) ژ/3 بەرلین 2000 ل/30
33 - هـ س پ ل/30
34–هـ س پ ل/31
35–هـ س پ ل/32
36–بەکر حەسەن –چیرۆکی (تای غوربەت) گۆڤاری (پەیامی ئازادی ژ/2 بەرلین ل/29
37– ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل –چیرۆکی (چاوەڕوانی) گۆڤاری (بەیان) ژ/ 55 ساڵی 1979 ل/ 67–66.
38– ئەم چیرۆکەم بەتایپکراوی لە چەند لاپەڕەیێکدا بەدەستگەیشتووە نازانم لە بلاوکراوە هەندەراندا بڵاوکراوەتەوە یان نا.
39–کاروان عومەر کاکە سوور –ئەسپیدیلۆن/ سوید 1998.
40– هـ.س.پ– ل6
41–سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم –ئەڵوەن و ئەمبەر و ئەوبەر –ستوکهۆڵم –1998
42–سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم –گومانە یاخیێکانی کەلات – ستوکهۆل–2000
43–هـ.س.پ– ل39
44–هـ.س.پ– ل9
45– هـ.س.پ– ل 54-55

46–س.پ– ل 22
47–هـ.س.پ– ل41
48– هـ.س.پ– ل65
49– –ئەڵوەن و ئەمبەر و ئەوبەر –سەرچاوەی ژ/39– ل69
50–شێرزاد حەسەن/ چیرۆکی (لۆزان) کۆمەڵە چیرۆکی (گەڕەکی داهۆڵەکان) 1977.
51–س.پ– ل 89.
52–هـ.س.پ– ل 75.
53–هـ.س.پ– هـ.ل.
54–هـ.س.پ– ل 77.
55–هـ.س.پ– ل 88.
56–جەزا چنگیانی –کۆمەڵە چیرۆکی (چوارنان).. سلێمانی 1999.
57– ڕێبوار سیوەیلی/ سەرچاوەی پێشووتر (3) ل/ 166
58–س.پێشووتر– ل 61.
59–هـ.س.پ– ل 96–93.
60–بەکر حەسەن– چیرۆکی (تای غوربەت) سەرچاوەی ژ/24
61–شێرزاد حەسەن –سەرچاوەی پێشووتر– ل/ 76.
62–جەزا چنگیانی –ڕۆمانی (پاتریسیا و دیارییەکەی) سلێمانی 2002– ل/ 80.
63–س.پ– ل 146 و 147.
64–هـ.س.پ– ل/ 101.
65–هـ.س.پ– ل/82
66–بڵاوکراوەی (ڕێبازی ئازادی)– ڕیبازی ئەدەب و هونەر ژ 29 ڕۆژی 2003/10/29.
67–جەزا چنگیانی/ چوارنان/ سلێمانی 1999.
68–س.پ– ل 108.
69– سەرچاوەی پێشووتر (33)– نامەیێکی تایبەتی ڕەوف حەسەن لەمەڕ چیرۆکەکان– ل 112.
70- کاروان عومەر کاکە سوور –ئەسپیدیلۆن/ سوید 1998
71جەزا چنگیانی/ چوارنان/ س.پ/ ل 65.
72 -جەزا چنگیانی/ چۆن گەیشتمە لای خوا/ ئەڵمانیا 1999.
73– س.پ– ل 11.
74–هـ.س.پ– هـ.ل.
75–کاروان عەبدوڵڵا –سەفەری مردووەکان– هەولێر 2002.
76–س.پ– ل 101.
77–جەزا چنگیانی – سەرچاوەی ژ (44)– ل 135.
78–کاروان عەبدوڵڵا –سەرچاوەی پێشووتر– ل 98.
79–د. فەرهاد پیرباڵ –پیاوێکی شەپقە ڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاو شین– بڵاوکراوەی: ئاراس –هەولێر– 2003.
80–س.پ– ل 135.
81–هـ.س.پ– ل 132.

82-هـ.س.پ- ل 128.
83-د. فەرهاد پیرباڵ- سانتیاگۆ دی کۆمپۆستیلا- بڵاوکراوەی: ئاراس - هەولێر 2002.
84-س.پ- ل 43.
85-هـ.س.پ- هـ.ل.
86-هـ.س.پ- هـ.ل.
87-هـ.س.پ- ل 26.
88-هـ.س.پ- ل 9.
89-هـ.س.پ- ل 11.
90-هـ.س.پ- ل 44.
91-هـ.س.پ- ل 32-28.
92-هـ.س.پ- ل 97.
93-هـ.س.پ- هـ.ل.
94-هـ.س.پ- ل 58.
95-هـ.س.پ- ل 47.
96-هـ.س.پ- ل 100.
97-گابریێل گارسیا مارکیز -ڕۆمان چۆن دەنوسرێ- و: ڕەوف بێگەرد سلێمانی 2003- ل 33.
98- سەرچاوەی پێشو تر-ل 117
99-هـ.س.پ-ل 116
100-هـ.س.پ.-ل 126
101-هـ.س.پ.-ل 117
102-فەرهاد پیرباڵ-پەتاتە خۆرەکان-هەولێر 2000-چیرۆکی (لە پەراوێزی ئەوروپادا) ل22-5
103-س.پ.-ل11
104- هـ.س.پ- چیرۆکی (پەتاتەخۆرەکان) ل63 -53
105-هـ.س.پ-ل61
106-هـ.س.پ-هـ.ل
107-هـ.س.پ-ل58
108-هـ.س.پ.-چیرۆکی(پەناهێندە)-ل48-41
119-هـ.س.پ-ل48
110-کاروان عومەر کاکە سوور -ئەسپیدیلۆن/ سوید 1998. ل 185
111-هـ.س.پ.-چیرۆکی(لامارتین)ل39-31
112-هـ.س.پ-ل37
113- هـ.س.پ.-هـ.ل
114- هـ.س.پ.-چیرۆکی (شێر)-ل84-75
115 -س.پ-ل79
116-ڕەوف حەسەن-کۆمەڵە چیرۆکی(وێنەکەی خوشکت)-سلێمانی 1999 (هەر چوار چیرۆکەکەی لەخۆگرتووە)
117-ڕەوف حەسەن- چیرۆکی (کەپسولی ئەڤین) - گ:ڕامان- ژ 20 هەولێر1998

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

1– گەردوون / (بابەتێکی زانستییە) 1967

2– چەکەرە / کۆمەڵە چیرۆك

(لەگەڵ چەندنووسەرێکی دیکەدا) 1973

3 –سبەینێ باوکت دێتەوە/ کۆمەڵە چیرۆك
1979

4– کرێکارو چیرۆکی کوردی / ڕەخنەو تۆژینەوە 1982

5–دەرزیئاژنی خەمەکان (پێشەکی و لێکۆڵینەوە)

–لەگەڵ سێ نووسەری دیکەدا– 1988

6– تیۆری نیسبی،

بابەتێکی زانستییانەی وەرگێرراوە 1984

7–ئەلفاوبێتای رۆژنامەگەریی 1999

8– وێنەکەی خوشکت / کۆمەڵە چیرۆك 1999

9– خۆری تار (کۆچی سوور) / ڕۆمان 1999

10– دیداری سەرەك کۆمار / شەش شانۆنامە 2004

11– هونەری جەنگ (بابەتێکی وەرگێڕاوە) 2004

12–سۆفیگەرێتی (بابەتێکی وەرگێڕاوە) 2005

13– کتێبی (تاو) (بابەتێکی وەرگێڕاوە) 2005

14– ئەندێشە جوانەکانی ڕۆح لە چیرۆکی کوردیدا 2006

# REWF HESEN

## XULYAY MEYMŨNE SPÎYEKAN
Le Çirok ũ Romanî Kurdîda

**Slêmanî 2006**

# ڕەوف حەسەن

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە


## خولیای

# مەیمونە سپییێکان لە چیرۆکی کوردیدا

سلێمانی-2006